سەرەك کۆمار کاك أحمد حسن بکر لەگەڵ وەزیرەکانا کۆئەبێتەوە

ڕۆژی چوار شەممەی ڕابوردوو سەرەك کۆمار کاك احمد حسن بکر لەهۆڵی کۆبونەوەکان لەکۆشکی جمهوی ماوەی دوو سەعات و نیو لەگەڵ وەزیرەکاندا کۆبۆتەوە . وە لە کۆبونەوەکەدا باسی کاروباری وەزارەتەکان کراوە .

ئا٠د٠ع

هاوکاری

التضامن

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە

لە دار الجماهیر دەرئەچێ و
لە دار الحریە
چاپ ئەکرێ

ژمارە (١٥٧) ٩-٣-١٩٧٣

نرخی (٢٠) فلسە

تەلەفون ٢٠٣٦٥

مامۆستا صدام حسین بروسکەیەکی پیرۆزبایی لە عبدالله طریقیەوە پێگەیشتووە

مامۆستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش بەبۆنەی سەرکەوتنی یەکی ئازارەوە ئەم بروسکەیەی لە عبدالله طریقی پسپۆری نەوتی عەرەبەوە پێگەیشتووە :-

برا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بەغدا :-

گومانی تیا نیە کە خۆراگرتن و بڕوابوونتان بە مافی عیراق و نەتەوەی عەرەب لەرزگارکردنی سامانە سروشتیەکانیا دەورێکی بنچینەیی هەبو لە سەرکەوتنتانا لە میللی کردنی کۆمپانیای نەوتی عیراق .

عیراق ٧ ملیۆن دولار بە میسر ئەدات

سەرەك بەکر : باسی مەسەلە گرنگەکانی وڵات ئەکات

سەرکەوتنی بەرەی گەلی شیلی لە هەڵبژاردندا

سەرکۆمار : پەیوەندیمان لەگەڵ یەکێتی سۆڤییەتدا هاوپەیمانی یەکی ستراتیجیانەیە

مۆسکۆ : ٧-٣ ئا٠د٠ع : سەرەك کۆمار کاك احمد حسن بکر لە دوانێکا لەگەڵ پەیامنێری ڕۆژنامەی پراڤدای سۆڤییەتی‌دا باسی بەرەی نیشتمانی و ئەرکەکانی شۆڕشی تەمووزو پەیوەندی نێوان عیراق و یەکێتی سۆڤییەتی کردوە . لە وەڵامی پرسیارێکا دەربارەی بەرەی نیشتمانی وتویە :

هەڵوێستی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب دەربارەی بەرەی نیشتمانی لە وڵاتانی عەرەب و دەربارەی یەکێتی هێزەکانی دوژمن بەئیمپریالیزم و زایۆنیزم لە مەیانی عەرەبیدا هەڵوێستێکی ستراتیجیانەیە و لە کۆنگرێسەکانی بەرزی حزب و تاقی‌کردنەوەکانی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی عەرەب بەرەوهەڵقولاوە .

وە لە وەڵامی پرسیارێکا دەربارەی پەیوەندی نێوان عیراق و یەکێتی سۆڤیەت وتویە : ئەو پەیوەندییەی نێوانمان هاوپەیمانێکی ستراتیجییەو ئەو پەیمانەی هەردوولا لە ٩ی نیسانی ڕابوردوا بەستمان نیشانەی ئەم هەڵوێستەمانە . هەروەها وتویە ئەم پەیوەندییە پایەو شۆێنێکی بەرزی هەیەو دەورێکی گەورە ئەگێرێ لەو خەباتەی لە پێناوی پێشکەوتن و گەشەکردنی ئابوری و کۆمەڵایەتیمانا ئەیکەین وە کە ژێرخان و بنکەیەکی بنچینەیی سەربەخۆیی سیاسیمان پێك ئەهێنێ .

وە لە وەڵامی پرسیارێکی ترا وتویە : عیراق پێش شۆڕشی ١٤ی تەمووز لە سای سێبەری هاوپەیمانێتی دەرەبەگ و ئیمپریالیزم و بورجوازیەکانا ئەژیا ، ئەم شۆڕشە ڕامالینی شوێنەواری سیستەمی دەرەبەگایەتی و بنیات نانی ژێرخانێکی پتەوی ئابوری گرتە ئەستۆ لەگەڵ ڕزگارکردنی ئابوری نیشتمانی بە تایبەتی نەوت لە ژێر چنگی بێگانەدا ، یاسای چارەسەرکردنی کشت و کاڵو یاسای ژمارە (٨٠)ی دەرکرد کۆمەڵایەتی تازە کە لەگەڵ ٠٠٠٠ بەڵام ئەم هەنگاوانە قۆناغی هەنگاونان بەرەو کۆسپی گەورەیان هاتەرێگا ٠٠ سوشیالیستیدا بگونجێن ، وە جا شۆڕشی ١٧ی تەمووز و یاسای کارو کرێکاران و پیشە- ئەرکی گەورەی کەوتە سەرشان سازی نەوت و میللی کردنی و یەکەمیان پاراستن و گەشەپێ- ڕێکخستنی کرێکارو جوتیاران کردنی ئەم دەسکەوتە نیشتمانییە لە چوارچێوەی ئەم گۆڕانە پێشکەوتن خوازانەو دووەمیان کۆمەڵایەتیانەدا بوە . بەدی هێنانی چەند گۆڕانێکی

ئا٠د٠ع

عیراق ٧ ملیۆن دولار بە میسر ئەدات

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ڕۆژی ٧ - ٣ ئەم بڕیارەی خوارەوەی‌دا :

بڕیاری ژمارە - ١٩٧ی ٧-٣-١٩٧٣ بەپێی ئەحکامی برگەی (أ)ی بەندی (٤٢)ی دەستوری وەختی ، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبونەوەی ٧-٣-١٩٧٣ دا بڕیاریدا کە :

١ - منحەیەکی ٧ ملیۆن دۆلاری بدات بە کۆماری عەرەبی میسر بۆ پتەوکردنی هێزە چەکدارەکانی .

٢ - ئەم پارەیەی سەرەوە ئەخرێتە سەر بودجەی دارایی ساڵی ١٩٧٣ .

٣ - چی پێویستە ئەبێ وەزیری دارایی بیکات بۆ جێبەجێ کردنی بەندی (١) لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٧٣دا .

ئیمزا
احمد حسن بکر
سەرۆکی ئەنجومەنی
سەرکردایەتی شۆڕش

بەبۆنەی بیرەوەری یانزەی ئازارەوە

ئامانجە نەتەوایەتی و چینایەتیەکانی گەلی کورد

دوو ڕۆژی تر سێ ساڵ تێئەپەڕێت بەسەر بەیاننامەی یانزەی ئازاری مێژوییدا کە کۆتایی هێنا بە شەڕێکی جەرگ بڕی ناخۆش وە حکومەتی عێراق لەو بەیاننامەیەدا بەرەسمی دانی بە ئۆتۆنۆمی و مافە ڕەواکانی تری گەلی کوردا نا .

هەموو ئەزانین کە گەلی عیراق بە کوردو عەرەب و کەمایەتی یەکانەوە و هەموو گەلانی دۆست دەرچوونی ئەم بەیاننامەیەیان بە قۆناغێکی نوێ دانا لە مێژوی گەلی کورد بەتایبەتی و گەلی عیراقدا بە گشتی . بێ‌گومان بۆ ئەوەی بایەخی بەیاننامەی یانزەی ئازار بە باشی بزانین پێویستە بەوردی لەنرخ و بایەخی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەی کورد بکۆڵینەوەو بزانین سەرکەوتنی ئەم بزوتنەوە شۆڕشگێڕانەیە چ ئەنجامێکی ئەبێت و دوا ڕۆژی سیاسی و ئابوری و زانیاری هەردوو گەلی کوردو عەرەب لەعیراقدا بەرەو کوێ ئەبات ؟ وە نەتەوەی کورد لە بەیاننامەی ئازارو هەر دەستکەوتێکی نەتەوەیی چ خێرێکی پێ ئەبڕێت ؟ .

گەلی کورد لە عیراقدا کە بەشێکە لەنەتەوەی کورد وەکو هەموو گەلانی خەباتکەری وڵاتانی ئاسیاو ئەفەریقاو ئەمەریکای لاتین ماوەیەکی زۆرە ڕێبازی تێکۆشانی نەتەوایەتی گرتۆتە بەر لەگەڵ پێش‌کەوتنی گەلاندا بزوتنەوەی کوردایەتی خۆی موتوربە کردوە بە بیروباوەڕی پێشکەوتن‌خوازو ناوەڕۆکی بزوتنەوەکەی شان بەشانی خەباتی نەتەوایەتی بە خەباتی چینایەتی ڕازاندۆتەوە .

وە لەم ڕێگا سەخت و پڕ تەنگوچەڵەمەیەدا دووچاری گەلێ گیروگرفت و کۆسپ و فیداکاری و زەرەرو زیان بووەو هەروەکو بوشە بەخاوەنی تاقی کردنەوەیەکی دەوڵەمەندی قاڵبوو لە کۆڕی تێکۆشانی شوڕشگێڕانەی دووڵانەی نەتەوایەتی و چینایەتیدا وە ئەم تاقی کرنەوەیە بۆتە گەنجینەیەکی بەنرخ چۆتە سەر گەنجینە بەنرخەکانی تری گەلانی تێکۆشەری دنیا .

ئەم ڕێبازە ڕاستەی گەلی کوردیش بەگشتی ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە خەباتکردن دژی ئیمپریالیزم کە دوژمنی سەرسەختی گەلانەو سەرچاوەی کوێرەوەری و سەرگەردانی ئەو گەلانەیە کە کەوتونەتە ژێر دەسەڵاتی ڕەشی دەوڵەتە سەرمایەدارە گەورە خاوەن هێزەکانەوە ، هەروەها خەباتکردن دژی ڕێژیمی دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری چەوسێنەرەوەو هەموو کۆنەپەرستان و وە پتەوکردنی خەباتی ناوکۆیی کوردو عەرەب و هەموو گەلانی دنیا وە بەهێزکردنی بەرەی ئازادی و ئاشتی‌خوازانی دنیا دژی ڕێژیمی ئیمپریالیزم و شەڕو کۆنەپەرستان لەپێناوی دەستخستنی مافی ڕەوای نەتەوایەتی و دامەزراندنی ژیانێکی ئاسودەو بەختیار کە چینە ڕەنجبەرو چەوساوەکانی گەل لە چەوساندنەوە ڕزگاریان بێت و لەسێبەری سیستەمێکی پێشکەوتوانەدا بحەسێنەوەو وڵات خاوەنی سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری خۆی بێت و پێوەندییەکی ئاسایی و برایانەش لەنێوان کوردو عەرەبدا تاسەر دابمەزرێت و تادێت پتەوو قایم تر بێت .

بێ‌گومان سەرکەوتنی ئەم ڕێبازە ئاشتی و ئاسایش لە سەرانسەری عیراقدا بەهێز ئەکات و یەکێتی نیشتمان قایم و ژیانی ئابوری بەرەوپێشتر ئەبات و هەردوو گەل خێراتر لەجاران بەرەو جێبەجێبوونی ستراتیجییە نەتەوایەتی و چینایەتییەکانی خۆیان ئەبات .

لەلایەکی تریشەوە گەلی کورد لەعیراقدا هەروەکو لەپێناوی دامەزراندنی یەکێتییەکی بەئارەزو لەنێوان کوردو عەرەبی عێراقدا وە جێبەجێبونی ئۆتۆنۆمی و لەناوبردنی هەموو جیاوازیەکی نەتەوایەتی و ڕەگەزخوازی خەباتی‌کردوە هەروەهاش خەبات ئەکات لەپێناوی ئامانجە چینایەتییە ڕەواکانی خۆشیا وە بەهیچ جۆرێك خەباتی چینایەتی لەگەڵ خەباتی نەتەوایەتی جیا ناکاتەوە ، بگرە یەك بەتەواوکەری ئەوی تر ئەزانێت و ناتەواوی یەکێکیان بەکەل بون و ناتەواوی ئەوی تریان لەقەڵەم ئەدات .

چاککردنی کشت و کاڵ و بەش‌کردنی زەوی‌وزار بەسەر جوتیارانی کوردستاندا لەسەر بنچینەیەکی نوێ و پیشەسازکردنی کوردستان و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و گوزەرانی زوربەی زۆری خەڵکی کوردستان و بناغەدانانی سیستەمێکی بەرەو سوشیالیستی عیلمی ڕۆیشتوو ، لەنابردنی پاشماوەی ڕێژیمی دەرەبەگایەتی و عەشیرەتی و سەرمایەداری گەورەو سەر بەبێگانە و ئیمپریالیزم ، ئەمانە بەبنچینەی سەرەکی ئامانج و

پروانە : ل ٨

ڕژێمی ئێران بەگژ شۆڕشگێڕانی خلیج دائەچێ

عوممان : ئا٠د٠ع : بلاوکراوەی - صوت الثورە - ئۆرگانی بەرەی گەلی ڕزگاری هێنەری عوممان و خلیجی‌عەرەب لە ژمارەی ڕۆژی ٣-٣دا بلاوی کردەوە کە لە مانگی ڕابوردودا ٦٠٠ سەربازی ڕژێمی کۆنە-پەرستی ئێران گەیشتونەتە هەرێمی ظفارو بەسەر ناوچەی - الشرقیە - دا دابەش کراون بۆ یارمەتی دانی هێزەکانی قابوس و بەریتانیا وە بۆ بەگژاچونی شۆڕشگێڕانی عوممان . - صوت الثورە - وتویە : ئەم سەربازانە لە ژێر سەرکردایەتی ئەفسەرەکانی ئینگلیزدا دەستیان کردوە بە تۆپباران کردنی گوندەکانی ناوچەکە بە تۆپی قورس و فرۆکە بۆمباهاوێژەکانی بەریتانیاش بێوچان ناوچەکە بوردومان ئەکەن ئەوەی شایانی باسیشە ماوەیەك لەمەوبەر شۆڕشگێڕانی خلیج بلاویان کردەوە کە سولتانی عوممان چاوی بە کاربەدەستانی تاران کەوتووە دەربارەی بەشداربونی ڕژێمی ئێران لە بەگژاچوونی شۆڕشگێڕان گفتوگۆیان کردوە .

وەبەرە وتویە ، ئێران بەناوی ئەوەی گوایە لەوە ئەترسێ کە شۆڕشگێڕان ئەو نەوتەی ئێران ئەسوتێنن کە بە - مضیق هرمز - دا تێئەپەڕێ .

لە لایەکی تریشەوە بەرەی گەلی چەند بروسکەیەکی بۆ یەکێتی پارێزەرانی عەرەب و کۆمەڵەی پارێزەرانی کوێت و لوبنان و نەقابەی کرێکارانی عەرەب و ئەنجومەنی ئاشتی دنیاو ڕێکخراوی لێبوردن - عفو - ی دەوڵەتان و یەکێتی کرێکارانی دنیاو سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان ناردوە تیایانا وتویە :

کاربەدەستانی شێخ نشینی عوممان ٣٠٠ نیشتمان پەروەریان لە بەندیخانەکاندا قایم کردووە و بەدڕندەترین شێوە ئازاریان ئەدەن .

کۆنگرێسی پشتگیری کردنی گەلانی ئەفەریقا لە نەرویج ئەگیرێ

ئۆسلۆ : ئاژانسەکان : لە ڕۆژی ١٢ تا ١٤ی مانگی نیساندا لە ئۆسلۆی پایتەختی نەرویج کۆنگرێسی پشتگیری کردنی گەلانی ئەفەریقایی ئەگیرێ . وە لە قاهیرە بلاوکرایەوە کە لەو کۆنگرێسەدا کە لەسەر داخوازی حکومەتی نەرویج ئەگیرێ ڕێکخراوی یەکێتی ئەفەریقاو لیژنەی ڕزگاری خوازی سەر بە یەکێتی ناوبراوو لیژنەی پاکۆدانی ئیمپریالیزمی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکانی تیایدا بەشدار ئەبێ . هەروەها داوا لەو ڕێکخراوە گەلیانە کراوە کە دژ بە ئیمپریالیزم و ڕەگەزپەرستین بۆ ئەوەی لەم کۆنگرێسەدا بەشدار بن . وە یەکێك بە ناوی بزوتنەوەی ڕزگاری هێنەری ئەفەریقاوە لە قاهیرە وتویە : لە کۆنگرێسەکەدا ئەو تاوانانە ڕیسوا ئەکرێن کە ئیمپریالیزمی پورتوگال لە ئەنگولاو مۆزەمبیق و گینیا بیساودا ئەیکات . هەروەها وتویە ئەگەر بێتو وڵاتانی ئیمپریالیست و پەیمانی ئەتلەنتیك یارمەتی ئیمپریالیزمی پورتوگال نەدەن هیچ کاتێك پورتوگال ناتوانێ بەردەوام بێ لەو شەڕەدا کە لەمستعمرەکانیا هەڵیگیرساندوە . وە بەستنی ئەم کۆنگرێسە لە وڵاتێکی ئەسکەندیناڤیادا بە سەرکەوتنی بزوتنەوە ڕزگاری هێنەرەکانی ئەفەریقا دائەنرێ .

وەفدێکی عصبەی کۆمۆنیستەکانی یوگوسلاڤیا سەر لە عیراق ئەدات

لە ١٠ی مانگی نیساندا وەفدێکی بەرزی یوگوسلاڤیایی دوکانس سکرتێری یەکەمی بە سەرۆکایەتی مامۆستا ستانلی لیژنەی تەنفیزی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی عصبەی کومونیستەکانی یۆگوسلاف لە سەر داخوازی سەرکردایەتی نەتەوەیی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب سەر لە عیراق ئەدات .

وە بەرنامەیەکی تایبەتی بۆ سەردانی ئەم وەفدە ڕێکخراوە کە بریتییە لەوەی چاویان بە داوودەزگاکانی نەوت و پیشەسازی و کشتوکاڵی عیراق بکەوێ و چاویان بە نوێنەرانی ڕێکخراوە گەلی و پیشەییەکان ئەکەوێ و لەگەڵ سەرکردایەتی نەتەوەیی پارتی بەعس گفتوگۆ ئەکەن . ئەوەی شایانی باسیشە لە مانگی نیسانی ڕابوردوا دکتور زید حیدر سەری لە یوگوسلاڤیا دابووە لەگەڵ عصبەی کومونیستەکانا گفتوگۆی کردبوو ، وە چاوی بە سەرەك تیتۆ کەوتبو .

ئا٠د٠ع

سەرکەوتنی بەرەی گەلی شیلی لە هەڵبژاردندا

سانتیاگو : تاس : بەرەی گەلی شیلی بە سەرۆکایەتی دکتور سلفادور ئەلێندی لە هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمانا سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا . وەبەپێی هەواڵی ئاژانسەکان ٨ر٤٣٪ی دەنگەکان بۆ بەرەی گەل دراوەو ئەمەش گەورەترین سەرکەوتنە کە لایەنێکی سیاسی کە لە سەر حوکما بۆبێ لە هەڵبژاردنا بەدەستی هێنابێ . وە دکتور ئەلێندی لوەتاریکا کە لە تەلەفزیون و ڕادیوی شیلیدا خوێندویەتیەوە ووتویە ، ئەم هەڵبژاردنە لەبارو زەمینەیەکی هیمندا کراو خەڵکە کە بەسەربەستی دەنگیان داوەو ڕای خۆیان دەربڕیوە .

کورتە هەواڵ

- **● دار السلام : ٥ - ٣ شینخوا : شۆڕشگێڕانی بەرەی ڕزگاری هێنەری مۆزەمبیق لە ١ - ٣ دا لە ناوچەی مالیویرا هێرشێکیان بردۆتە سەر ئوردوگایەکی ئیمپریالیزمی پورتوگاڵ و زیانێکی گەورەیان لێداوە .**
- **● خەرتوم : ٦-٣ ئاژانسەکان: جعفر نمیری سەرۆکی سودان بڕیاری داوە کە بارەگاکانی فیداکارانی فەلەستین لە سودان دابخرێ و ڕێگای هیچ جورە چالاکییەکی فیداکاران نەدرێ . نمیری وتویە هەر کەسێکی سودانی هاوکاری لەگەڵ فیداکاراندا بکات بە تومەتی بەگژاچونی ڕژێم تاوان‌بار ئەکرێت .**
- **● لەندەن : ئا٠د٠ف : یەکێتی نەقابەکانی بەریتانیا داوای کردوە کە ڕۆژێك تەرخان بکرێت و ناوبنرێت - ڕۆژی نیشتمانی تێکۆشان - بۆ مانگرتن دژی ئەوسیاسەتە ئابورییەی حکومەتی کۆنە پارێزی بەریتانیا گرتویەتی‌یەبەر .**

کرێکارانی چین ئەتوانن [illegible] بگرن

شوئان لای سەرەک وەزیرانی کوماری گەلی چین بلاوی کردەوە کە لە دەستوری نوێی چیندا ئەچەسپێنرێت کە کرێکاران مافی مانگرتنیان ببێت .

پاش سەرکەوتنی شۆرشە مەزنەکەی گەلی چین بەرابەری پارتی کۆمونستی چینو دەسەلات گرتنە دەست لەلایەن چینی کرێکارەوە ، پاش ئەمەش ، سەرەک ماوتسی تونگ دووربینانە بۆ ئەوە چوو کە دوای سەرکەوتنی شۆرشی سوشیالیستیو دامەزراندنی دیکتاتوریەتی پرولیتاریاش ، چینەکان هەر ئەمێننو چینە کۆنەپەرستە لێدراوەکان لە خەباتێکی سەختی بەردەوامدا ئەبن بۆ گێراندنەوەی دەسەلاتیان وە زور کەسانی بورجوازی یان بەکرێ گیراوانیان خۆیان ئەدزنەوە بۆ ناو ریزەکانی چینی کرێکارانو هەول ئەدەن لە ناوەوە پەتەوی ئەو ریزانە کلۆرو شلوق بکەنو ئینجا بیڕوخێنن ، ئەم بۆ چونە ژیرانەیەی ماوتسی تونگ سیستەمی سوشیالیستی چینی لەلادان پاراستو بەربەستی هەوڵو تەقەللاکانی گەراندنەوەی دەسەلاتی بورجوازی کرد . بە تایبەتی هەلگیرساندنی شۆرشی مەزنی روشنبیری پرولیتاریاو تێکشکاندنو ریسوا کردنی ئەو دەستە رەشانەی هەوڵی گەراندنەوەی دەسەلاتی بورجوازی ئەدا ، دەورێکی زۆر گرنگو کاریگەری هەبوو لە زیاتر چەسپاندنو جێگیرکردنی دیکتاتوریەتی پرولیتاریادا ، وە هێرشی فراوانی شۆرشگێرانە بوو بۆ پاک کردنەوەی ریزەکانی چینی کرێکاران لە بەکرێ گیراوانی چینە کۆنەپەرستەکان .

چا ئەگەر پێش شۆرشی مەزنی روشنبیری پرولیتاریا کەسە بورجوازیەکان یان بەکرێ گیراوەکانیان توانیبێتیان کاربکەنە سەر هەندێکی کەم لە کرێکارانو بیروڕای چەوتیان بخەنەمێشکەوە ، بەلام ئێستا پاش ئەو شۆرشە مەزنەی جەماوەرانی فراوانی گەلی چین ئەو کەسودەستەرەشانە لە رەگو ریشە هەلکێشراونو خەتەکەی دژی دەسەلاتی کرێکاران تێک شکێنراو ریسواکرا بۆیە ئێستا ئەگەر کرێکاران هەستی نارەزایی بەرامبەر هەندێ کەمو کوری دەربڕن ئەگەرچی بە مانگرتنیش بێت شتێکی ئاساییو مافێکی رەوایە ، وە چەسپاندنی ئەم مافە نیشانەیەکی کەشی ترە بۆ دەسەلاتداری تەواوی پرولیتاریای چین ، چونکە هەرگیز ناشێت کە لەسێبەری دیکتاتوریەتی پرولیتاریادا ، پرولیتاریا مافی دەربڕینی هەستی شۆرشگێرانەی رەوای نەبێت . بەلام هێلە مارکسیە - لینینیەکەی پارتی کۆمونیستی چینو بیروباوەری سەرەک ماوتسی تونگ دەستەبەری گەشەپێدانی دەسەلاتی پرولیتاریانو تادێت جێگیرترو بەهێزتر ئەبێت ، بە جۆرێک کە هێزێک نەبێت بتوانێت زەفەری پێ بهێنێت .

ـ ئەحمەد ـ

پاش ٣٢ ساڵ جەنگ گەلی ڤیێتنام : دەنگی گۆرانیەکانمان لە گرمەی بۆمباکانی ئەمریکا بلندترە

ئامادەکردنی :
عبدالوهاب طالبانی

پاشماوەی ژمارەی پێشو :

لە ژمارەی پێشودا بە دورو درێژی بەزنجیرەی روداوەکانی جەنگی ڤێتنامدا هاتینە خوارێ گەیشتینە ئەلقەی دواییی کە ئەویش مۆرکردنی رێکەوتنەکەی پاریس بو .. کە ئەلێین ئەلقەی دوایین مەبەستمان لە ئەلقەی دوایی تەنها قۆناغێکی مەسەلەی ڤێتنامە ، چونکە لە مۆرکردنی رێکەوتنەکەوە سەرەتای قۆناغێکی کە دەست پێ ئەکاو پرسیارێکی گرنگ خۆی ئەنوێنێ :

ئایا ئەمەریکاو بەکرێ گیراوەکانی لە خواروی رۆژهەلاتی ئاسیادا دەست لە پیلان گێرانو بەگژاچونی هێزە شۆرشگێرەکان هەلئەگرن ؟

ئەوەی ئاشکرایەو رونەو بۆ هەمو رای گشتی جیهان ساغ بۆتەوە ئەوەیە : لەو رۆژەوە رێکەوتنەکە ئیمزا کراوەو تا ئێستا بەکرێ گیراوەکانی سایگۆن لەجموجولی شەرفرۆشانەیان نەکەوتون ، لەلایەکی تریشەوە ئەمەریکا هێشتا لوغمەکانی لە بەندەرەکانی ڤێتنامی دیموکراتی لانەداوە ، لیژنە سوپاییە هاوبەشەکەش تەنها ناوەو هیچی پێ ناکرێو ، ئیوش لە هەرەشەو گورەشەکانی نەکەوتوە .. ئەمەیە نەخشەی روداوەکانی ئەمڕۆی ولاتی ڤێتنام ، وا لەخوارەوەش تێکرایی بەندەکانی رێکەوتنەکەی راوەستاندنی شەری ڤێتنام بلاوئەکەینەوە :

بابەتی یەکەم :
مافە نیشتمانیە بنەرەتیەکانی گەلی ڤێتنام .

بەشی یەکەم :

ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاو دەولەتانی تر رێزی دەسەلاتو سەربەخۆییو یەکێتی خاکی ڤێتنام ئەگرن ، بەپێی ناوەرۆکی رێکەوتنەکانی (جنیف)ی سالی ١٩٥٤

بابەتی دوەم :
راوەستانی جەنگو کشانەوەی هێزەکان .

بەشی دوەم :

لەنیوە شەوی رۆژی ٢٧ی کانونی دوەمی سالی ١٩٧٣وە تەقە رائەگیرێو هەمو ئەو هێرشانەی هێزەکانی ئەمەریکا لەزەمینو ئاسمانو دەریاوە ئەیکەنە سەر کۆماری ڤێتنامی دیموکراتی رائەوەستێنرێ ، ئەبێ ئەمەریکاییەکان هەمو ئەو لوغمانەی لەبەندەرو رێگە ئاویەکانی ڤێتنامی دیموکراتیدا دایان ناوە لایبەن .

بەشی سێهەم :

- هێزەکانی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی لە جێگاکانی خۆیاندا ئەمێننەوە تاوەکو نەخشەی کشانەوەیان لەلایەن لیژنەیەکی سوپایی چوار قۆلیەوە دائەنرێ .
- هێزە چەکدارەکانی هەردو لایەنەکەی ڤێتنامی خوارو لە جێگاکانی خۆیاندا ئەمێننەوەو لیژنەیەکی سوپایی دوقۆلی پەیوەندی نێوانیان رێک ئەخا .
- هێزەکانی هەردو لایەنەکەی ڤێتنامهەمو جولانەوەیەکی شەر لە زەمینو ئاسمانو دەریادا بەرامبەر یەک رائەگرن .
- هەمو جولانەوەیەکی وێرانکاریو راونان رائەگیرێ .

بەشی چوارەم :

ئەمەریکا پەیمان ئەدا کە لەمەودوا کۆتایی بەجولانەوە سوپاییەکانی بێنێ لە ڤێتنامی خوارودا و دەست نەخاتە کاروباری ناوخۆیەوە .

بەشی پێنجەم :

لە ماوەی ٦٠ رۆژدا ، پاش راوەستاندنی شەر ، هەمو هێزەکانی ئەمەریکا لە ڤێتنامی خوارو ئەکشێتەوە .

بەشی شەشەم :

لە هەمان ماوەدا هەمو بنکە سوپاییەکانی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی لە ڤێتنامی خوارودا لائەبرێ .

بەشی حەوتەم :

لە ئێستەوەو تا دامەزراندنی حکومەتێک (بەشی ٩ - ١٤) نابێ هەردو لایەنەکەی ڤێتنامی خوارو هیچ جۆرە چەکو جبەخانەیەکی جەنگ یان هیچ هێزێک یان فرمانبەرێکی سوپایی بهێننە ولاتەوە .

بابەتی سێهەم :
بەرەلاکردنی دیلەکانی جەنگ ، چ مەدەنیو چ سوپایی بە ڤێتنامیەکانو بیگانەکانەوە .

بەشی هەشتەم :

لەماوەی ٦٠ رۆژدا لیستەی تەواو بەناوی دیلەکانی جەنگ مەدەنیو سوپایی ، ئالوگۆڕ ئەکرێو دەربارەی ئەوانەش کە لە ئەنجامی جەنگدا ونبون گفتوگۆ ئەکرێ .

بابەتی چوارەم :
مافی چارەنوسی گەلی ڤێتنامی خوارو :

بەشی نۆهەم :

واشنتۆنو هانۆی پەیمان ئەدەن کە ئەم مافە بپارێزنو پێویستە هەمو دەولەتانی تر رێزی ئەم مافە بگرن ... گەلی ڤێتنامی خوارو خۆی بریاری پاشەرۆژی سیاسی خۆی ئەدا ئەویش لەرێگەی هەلبژاردنێکی دیموکراتیانەی ئازادەوەو لە ژێرچاودێری لیژنەیەکی دەولەتاندا .

بەشی دەهەم :

هەردو لایەنەکەی ڤێتنامی خوارو پەیمان ئەدەن بریاری راوەستاندنی تەقە بپارێزنو هەمو گیروگرفتێکی نێوانیان لەرێگەی گفتوگۆوە چارەسەر بکەنو خۆیان لەبەیەکداچونی چەکدارانە دورخەنەوە .

بەشی یازدەهەم :

حکومەتی سایگۆنو شۆرش گێرانی بەرەی رزگاریخواز پەیمان ئەدەن بگەنە ئاشتبونەوەیەکی نیشتمانیو هەمو کارێکی تۆلەسەندنەوە قەدەغە بکەنو سەربەستیە دیموکراتیەکان بەرەلا بکەن کە ئەمە سەربەستی بیروڕا دەربڕینو رۆژنامەگەریو چالاکی سیاسیش ئەگرێتەوە .

بەشی دوانزدەهەم :

هەردولا ئەنجومەنێکی نیشتمانی ئاشتبونەوەو هاوکاری دائەمەزرێنن کە ئەبێ بە گوێرەی رای گشتی بجولێتەوەو ئەم ئەنجومەنەش لەپاشا چەند ئەنجومەنێکی بچوکتر دائەمەزرێنێ بۆ چاودێرکردنی جێبەجێکردنی ناوەرۆکی رێکەوتنەکەو دەستەبەرکردنی سەربەستیە دیموکراتیەکانو خۆئامادەکردن بۆ هەلبژاردنی گشتی .

بەشی سیازدەهەم :

پێویستە لەسەر هەردولا بەگیانێکی لەیەک رازیبونو پێکهاتنی نەتەوەییو یەکسانی وریزلەیەکگرتن مەسەلەی هێزی چەکداری ڤێتنام ببڕێننەوەو بەبێ هیچ دەستدرێژیەکی بێگانەو بەپێی باری دوای جەنگ .

بەشی چواردەهەم :

پاش هەلبژاردنی گشتیو دانانی حکومەتی پاش هەلبژاردن بۆ حکومەتی ڤێتنامی خوارو هەیەکە یارمەتی ئابوریو تەکنیکی وەرگرێ بەلام بە مەرجێ ئەو یارمەتیانە بە هیچ پەیوەندێکی سیاسیەوە نەبەسترێ ، هەروەها بۆ حکومەتی ڤێتنامی خوارو هەیە لەپاش هەلبژاردن کە یارمەتی سوپاییش وەرگرێوحکومەتی هەلبژێرراو لە پەیوەندیەکانی دەرەوەیدا سیاسەتی ئاشتیو ئازادی ئەگرێتەبەر .

بابەتی پێنجەم :
یەکخستنەوەی هەردو پارچەکەی ڤێتنامو پەیوەندی

بڕوانە ل : ٧

لاپەڕەیەکی زێڕین لە مێژووی نەتەوەی کورد

- ٦ -

ناتەواویەکانی جوولانەوەی مەهاباد :

نووسینی : عادل

لەلێکدانەوەو هەلسەنگاندنی لایەنە باشو خراپەکانی هەموو رووداوو کارەساتێکی مێژوویی‌دا پێش هەمووشتێک دەبێ هەل‌و مەرجی زەمانیمان لەبەرچاو بێ و لەسەر پێودانی ئەو هەل‌و مەرجە زەمانیە کارەساتەکەی تێدا هاتۆتە روو ، هەلی سەنگێنینو شی بکەینەوە . شتێکی ناڕەوایە ئەگەر رووداوەکانی چواریەکەچەرخێك لەمەوبەر بەتەرازووی باری ئێستای کۆمەلی مرۆڤایەتی هەلکێشین و حوکمی بەسەردا بدەین .

جوولانەوەی مەهاباد وەك هەموو کارەساتێکی مێژوویی ، یا روونتر بلێین وەك هەموو بزوتنەوە و راپەرینەکانی مێژووی خەباتی نەتەوەی کورد هێندێ لایەنی باش و جێگای دەرس لێوەرگرتنی هەیە و هێندێ ناتەواوی و لایەنی خراپیشی هەن کە شیاوی پەندلێوەرگرتن و خولێ پاراستنن . بەلام ئەگەر باری پێشکەوتن و پێگەیشتنی ٢٧ ساڵ پێش ئێستای کۆمەلی کوردەواری لەبەرچاو بگرین ، لایەنە باشەکانی زۆرگەورەتر دێنە بەرچاو و لایەنە خراپەکانی زۆرپچووکتر خۆ دەنوێنن ئەگەر جوولانەوەی مەهاباد لە هەل‌ومەرجێکی تاریخی وەهادا رابەرایەتیەکەی لەدەست حیزبێکی نیشتمانیو پێشکەوتووو خاوەن پیرەو و پرۆگرام و ستراتیژی و تاکتیکدا بووە ، زۆرجێگای فەخرو شانازیە ، بەلام ئەگەر کۆماری مەهاباد ٢٧ ساڵ لەمەوبەر شۆرشی زەوی نەکردوە (وەك هێندێك کەس رەخنەی لێ دەگرن) لەکاتێکدا ئەودەم مەسەلەی شۆرشی زەوی لە رۆژهەلاتی ناوەراست دا ناوی نەبوو ، هێزە زۆر بەکەمو کووریەکی چکۆلە دادەنرێ .

لەگەل ئەوەشدا ، ئەوەی بینییەی سەرەوەشدا دەست نیشانکردنی هێندێك نوختەی لاوازی بزوتنەوەی ١٣٢٤ - ١٣٢٥ی کوردستانی ئێران هەم بۆ زیاتر روون بوونەوە لەسەر ئەوروداوە گرنگە مێژوویە و هەم بۆ دەرسی وەرگرتن لەتاقیکردنەوەکانی ، بەشتێکی راست و تەنانەت پێویست دەزانرێ .

بەباوەڕی من ئەمانەی خوارەوە گرنگترین کەمو کووریەکانی جوولانەوەی مەهاباد بوون :

پێش هەمووشتێك ، لەگەل ئەوەی کۆمەلانی بەرینی خەلك بە هەموو هێزیانەوە پشتیوان و لایەنگری جوولانەوە بوون و بەگیان و دل پارێزگاریان لێدەکرد، رابەرایەتی جوولانەوە زیاتر پشتی بەهەل‌ومەرجی لەباری دەرەوە و وەزعی سیاسەتی ناودەولەتان بەستبوو لەکاتێكدا هەموو بزوتنەوەیەك پێش هەمووشت دەبێ پشت بەکۆمەلانی خەلك ببەستێ و میللەتەکەی سەرچاوەی هێز و دەسەلاتی بێ و هەل‌ومەرجی لەباری دەرەوە و پشتیوانی هێزە نیشتمانی و ئینساندۆستەکانی دەرەوە وەك هۆیەکی دەرەجەدووهەم تەماشا بکا . هەرچەندە هیچ بزوتنەوەیەك ناتوانێ لەپشتیوانی و لایەنگری هێزە رزگاریخوازەکانی دنیا بێ‌نیاز بێ و پێویستە هەول بدا بۆراکێشانی سەرنج و پشتگیری ئەوهێزانە بۆلای خۆی . دیارە ، ئەمە زیاتر دەگەرێتەوە بۆسەر تەرکیبی رابەرایەتی جوولانەوە و بۆسەر ئەو هەل‌ومەرجە کە کۆماری مەهابادی تێدا دامەزرابوو . ئەو پشت بەخۆنەبەستنە زیانێکی زۆرگەورەی لەمانەوە و خۆراگرتنی کۆماری دیموکراتی کوردستانداو هەرئەوەش بوو کە پاش پەلاماری ئەرتەشی کۆنەپەرستی ئێران بۆسەر حکومەتی میللی ئازەربایجان کۆماری مەهابادیش بێ‌بەربەرەکانێ لەبەرچاو رووخێنرا . لەکاتێکدا کارەساتەکانی دواتر نیشانیاندا کە ئیمکانی بەربەرەکانی زۆر بوو و دوژمن ئەوەندە بەهێز نەبوو کە ئیمکانی بەرهەلستی کردنی نەبێ لەخراپترین حالدا جوولانەوە دەیتوانی بەرێکوپێکی و بەبێ زیانی زۆر پاشەکشە بکا . دەبێ وەك هەقیقەتێك بگوترێ کە پاش هاتنەوەی هێزی دوژمن بۆ کوردستان سەرەرای هەموو هەول‌وتەقەلالایەکی کاربەدەستانی لەشکر هیچ‌کەس حازر نەبوو دەست بۆ رابەرانی جوولانەوە درێژ بکا و خەیانەت بەنیشتمانەکەی بکا ، لەکاتێکدا لە ئازەربایجان دوژمن توانی زۆرخائین و خۆفرۆش پەیدا بکا و بەگژ رابەرانی حکومەتی میللی ئازەربایجان وفیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانیاندا بکا .

لەدەزگای ئیداری حکوومەتی نیشتمانی کوردستانیشدا کەمو کووری و ناتەواوی دەهاتە بەرچاو . ئەگەرچی دەزگای ئیداری لەسەرئەساسێکی راست و لەبار دامەزرابوو و لەچاو ئیمکاناتی ئەووەختە تاڕادەیەکی زۆر شکلی دەزگایەکی دەولەتی پێشکەوتووی بەخۆوە گرتبوو ، بەلام بەداخەوە بەرپرسیاری و مسئولیەتی ئیدارەکانی دەولەتی کوردستان تاڕادەیەك کەوتبوو سەرشانی ئینسانانی بێ‌ئەزموون و کار لەدەست نەهاتوو . تەنانەت لەهێندێك حالدا دەست کەسانی ئەوتۆ کە بەخەم قازانجی کۆمەلانی خەلکەوە نەبوون و بەوچەشنەی پێویستە دلسۆزی گەل و نیشتمانە نەیان نەبوون . ئاشکرایە کە هۆی ئەومەسەلەش نەبوونی کادری ئیداری پێویست و پاشکەوتوویی وەزعی فەرهەنگی ئەودەمی کوردستان بوو . بەداخەوە کۆماری مەهابادیش ئەوەندە دەوامی نەکرد کە بتوانی لە هەموو مەیدانێکدا کادری باش پێ بگەیەنێ و هەموو کارێك بەکاردارێکی خۆی بسپێرێ .

یەکێ تر لە کەم کووریەکانی جوولانەوەی مەهاباد نەرمی و بێ‌تەسمیمی رابەرایەتی جوولانەوە بوو لەبەرامبەر خائینان و دوژمنانی گەلدا . زۆرجار خەیانەت بەسەنەد و بەلگە لەسەر یەکێك ئیسبات دەبوو ، بەلام عەفو دەکرا و بەسزای خۆی نەدەگەیشت ، تەنانەت دووپاتەکردنەوەی خەیانەت و ناپاکیش بێ‌سزا دەمایەوە و بەوە خائینان زیاتر چێرەگرتوو دەبوون . دیارە ئەونەرمی و لێ‌خۆشبوونە لەبەرامبەر خائین و ناحەزاندا زیانی گەورە لەجوولانەوە دەدا و بزوتنەوەی شۆرشگێری دەبێ بەبێ‌بەزەیی دوژمنانی شۆرش سەرکوت بکا و رێگا نەدا خەیانەت و نیشتمانفرۆش بێ‌سزا بمێنێتەوە . لەڕاستیدا هۆی ئەسلی ئەو سیاسەتە ئینساندۆستی پێشەوا قازی محمد بوو ، کە دەیەویست هەرچەندی بۆی بکرێ رێگای کوشتن و گرتن و سزادان نەگرێتەبەر و بەلێخۆشبوون و چاکەلەگەل‌کردن خەلکی بێنێتە سەر رێگای راست و وەك پێشەوە گوتمان دەیەویست هەرچی زیاتر چین و توێژەکانی کۆمەل بۆلای جوولانەوە رابکێشێ و ژمارەی دوژمنانی کەم بکاتەوە .

لەباری کۆمەلایەتیشەوە جوولانەوەی مەهاباد هیچ هەنگاوێکی کاریگەری بەقازانجی چینی جوتیار هەلنەهێنایەوە کە گرنگترین هێزی کۆمەلی کوردەواریە . راستە لەهەرشوێنێك دەرەبەگە خائینەکان لەدەست عەدالەتی جمهوری رایان دەکرد، بەکردەوە جووتیارەکان دەبوونە خاوەنی راستەقینەی زەویەکان ، بەلام لەگەل ئەوەشدا تەنانەت ملکی ئەودەرەبەگانەش بەرەسمی

بڕوانە ل : ٧

سەرنجێك لە مێژووی دروست بونی میرنشینی بابان تاکو روخاندنی

عەزیز مەحمود علی

میرنشینی بابان لەناوچەی پشدەر هاتۆتە کایەوە ، سەرجەم زیاتر لە ٣٠٠ ساڵ ژیاوە ، جاروبار سەربەخۆو هەندێ جاریش سەر بەدەولەتی عوسمانی وەیا ئێرانی بوە . شاری سلێمانی پێش بابانەکان کە پێیان ئەوت (شارەزور) لەژێر فەرمانرەوای حکومەتی ئەردەلان بوو ، کە پایتەختەکەی شاری سنە بووە .

بەگزادەکانی عەشایری موکری بنچینەی ئەم میرنشینەیان دامەزراندوە کەوا دیارە لە زۆر زوووەوە پەیوەندیان لەگەل شارەزوورا هەبوە ..

میرەکانی بابان خۆیان بە بەگزادەی عێلی کرمانج ژماردوە کە گوایە نازناویان (بەبە) بووە، بەلام هەتا ئێستا بەباشی ناوی (بابان) ساغ نەبۆتەوە . مێژوو نووسەکان باسێکی تەواوی دەوری مێژووی بابانەکان ناکەن ، بەلام هەموویان لەسەر ئەو رایەن کە (بوداق بەبە) سەرداری یەکەی بابانەکان بووە ، وە سەرەتای دەسەلاتی پێنج خانەدانەکەی مێژووی بابان لە سەدەکانی شانزەو حەفدەهەمەوە دەست پێ ئەکات .

یەکەمین سەرۆك لەخانەدانی یەکەم (میر بوداق) بەبەی کوڕی میر عەبدالە ، ئەم بەگزادەیە لە موکریانا ناوی بە ئازایەتی دەرکردوە وە ولاتی (لاجان)ی لە عێلەکانی زەرزا، ناوچەی (سێوی) لە ئەمارەتی سۆرانو سەلدوزی لە قزلباشەکان سەندۆتەوەو لەگەل موکریوا بانەدا پێکەوەی ناونو ئەمارەتێکی بەهێزی لێ دروست کردوە .

پاشان شارباژێرو کەرکوکیشی خستۆتە ژێر دەسەلاتی خۆیو هەر دوو حکومەتەکەی عوسمانیو ئێرانیی خستۆتە مەترسیەوە بەلام لە کاتێکدا چوە بژراو لە ناکاو کوژراوە .

پیر بوداق وەجاخی کوێربووە . بۆیە کوڕی براکەی کە (بوداق)ی ناو ئەبێت دووساڵ فەرمان رەوایی ئەکات .. بەلام لە ئەنجاما ئەویش ئەکوژرێ ، بەم جۆرە خانەدانی یەکەم دوایی دێت .

خانەدانی دووەم لە (پیرنەزەر بارام)ەوە دەست پێ ئەکات ، ئەم بەگزادەیە زۆر بە دەسەلات ئەبێت ، ناوچەی کفری ئەخاتە سەر میرنشینی بابان .

ئەم میرە مەزنە زۆر بەباشی توانیویەتی ولاتەکەی پاك بکاتەوە لە پیاو خراپان وە بە ئازایەتی ناو بانگی دەربکاتو جێ پێی میرنشینەکەی بەتوندی جێگیر بکات .. بەلام لەگەل مردنی .. خانەدانی دووەمیش کۆتایی دێت .

خانەدانی سێهەم و چوارەم :

لەدوای مردنی پیرنەزەر ئەم میرنشینە ئەبێت بەدوو بەشەوە لەنێوان دوو ئاغادا .. هێندە ناخایەنێ ، بە قسەی ناهەموارو دوو زمانیو فرۆفێلو تەلەکەبازیی دوژمنان ئەچن بەگژ یەکتریداو ئەکەونە شەڕ .

لەم ماوەیەدا ئاژاوەیەکی زۆر ئەکەوێتە نێوان میرنشینەکەو خەلکێکی زۆری لێ ئەکوژرێو ئابوریی میرنشینەکە بەوەو تێك چوون ئەچێ . ئەم ناکۆکیەی نێوان هەردوو بەرەکەی میرنشینی بابان وای کردوە کە هەریەکێ لەم پاشایانە پەنا ببەنە بەر دەولەتێکی بێگانەی دوژمن بە کوردو کوردستانەوە .. بە جۆرێك کە هەر یەکێ لەم دەولەتە بێگانانە توانیویانە بەهۆی ئەم پاشایانەوە دەست بخەنە کاروباری ناوخۆی ولاتەکەوە .

ئەم شەرو شۆرە لە کاتی سلێمانی قانونیدا سولتانی عوسمانیو تەهماسپی شای ئێراندا دەستی پێ کردوەو سالێکیش دوای ئەوان دەوامی کردوە .. واتە پەیدابوونی خانەدانی پێنجەم کە بابانی سلێمانییە .

لەکاتی ئەم ئاژاوەیەدا میر سلێمان توانی میر ابراهیم بشکێنێو پارچەکەی ئەویش داگیر بکاو ١٥ ساڵ فەرمان

بڕوانە ل : ٧

والت ویتمان

لە «پەلکەگیا» و «داپیرۆچکەدا»

عەزیز گەردی

پەککو !! ئەتو وەرە شاعیری هەناسە درێژو پشووفراوان و زیرەك ، ئەوەندە بە تەنگ دیوانە تاقانەکەتابی و ئەوەندە هێزی خۆتی بۆ داچۆڕینی و لەگەڵیا شەونخوونی بکەیت !! لە مێژووی ئەدەبدا بە دەگمەن شاعیرێکی بلیمەت و رێچکە شکێن و بە هیممەتی وەك (والت ویتمان) هەڵئەکەوێ ، کە هەوڵبدا دیوانێکی پڕ ئیبداعات بێنێتەکایەوەو تامردنیش هەر پێیەوە خەریك بێ و سەراپای ژیانی خۆی بۆ تەرخان بکاو هەموو بیرو ویژدان و خەیاڵ و هەستی هەناوی لە دەماری دیوانەکەدا بتاوێنێتەوەو واقیعی ژیانی سەردەمی خۆی بکا بە پەینیکی سروشتی و شیعرەکانی پێ برسکێنی ، شاعیرێك کە بتوانێ (٩) نۆجار لە ژیانی ئەدەبی خۆیا تاقە دیوانەکەی چاپ بکاتەوەو هەموو جارێکیش بە پێی هەڵویستی و چاوپێداگێڕانەوەی خۆی هەڵپاچین و متووربە کردن و زیادەو کەمی بەسەرا بێنێ و بتوانێ بەم تاقە دیوانە شۆڕشێك و گۆڕانێکی بنەڕەتی لە شیعری نەتەوەکەیا بەرپا بکات و ئاسۆیەکی تازەی فراوانی لە بەردەمدا بکاتەوە ۰

شاعێریك کە بەرامبەر شالاوی کپی و بێدەنگی بۆ سەریەکەم چرۆ دەرکردنی دیوانەکەی خۆی رابگرێ و بەرامبەر بە هێزی کۆنەپەرستی پێچەسپێنێ و لە گەرمەی مناقشەکردنی پڕتوانج و پلار هاویشتنی ناحەزانەوە دەنگی زوڵاڵی هەر لە بەرزبوونەوەدا بێت و تامردنیش رۆژ بە رۆژ پتر ئیمانی بە خۆی بێ و زیاتر لە مردنا بوون ببینێ و لە شەوەزەنگا روناکی بەدی بکا ۰۰ شاعێریک کە (والت ویتمان) بێ ، جێگای سەرنجدان و پەند وەرگرتن و شت لێ فێربوونە ۰۰

(والت ویتمان) شاعیری نوێخوازو دەنگێ شیرینی ئەمریکی لە ٣١ی مایسی ١٨١٩ لە (وست هیلز) لە (لۆنگ ئایلاند) یەکەم مژی لە هەناسەی ژیانا داوەو لە ١٨٢٥ چۆتە قوتابخانەو لە ١٨٣٠ لێی گەڕاوەو پاشان کراوە بە مامۆستا لە قوتابخانەکانی (لۆنگ ئایلاند) و لە ساڵانی ١٨٣٩ ـ ١٨٤٩ کەوتۆتە دونیای رۆژنامەگەری و سەرنووسەری رۆژنامەی (برۆکلین دیلی ئیجلی)و پاشان رۆژنامەی (فریمان) بووەو لە (ذە لۆنگ ئایلاند)و (نیویورك ئورورە)و (بروکلین ئیڤینینگ ستار) ئیشی کردووە ۰۰ ساڵی ١٨٤٨ لەگەڵ (جنیف)ی برایا بە هیوای ئیش پەیدا کردن کەوتە گەشتێکی پان و بەرین و فراوانەوە بەرەو (نیوئورلیانز) ، لەم گەشتە هەست بزوێنەدا (ویتمان) بە (بالتیمور)و (کامبرلاند)و (ئوهایو)و (کایرو)و (ئیلینۆی)دا رەت بوو تا گەیشتە (لویزانا)و لەوێوە بەلای کەنداو زێی (هەتسین)دا گەڕایەوە (بروکلین)و لە رێگاوە بە دیمەنی تاڤگەی (نیاگارا) زوخاوی مێشکی خۆی دایەوە ، ئەم گەشتە زەین و خەیاڵ و بیری (ویتمان)ی بەرەللا کردو لە کونجە تەنگەکەی پێشوو رزگاری کردو بە چاوێکی گەش و گەورەتر ئەمریکای بە دەشت و شاخ و چیاو دۆڵ و بەندەن و تافگەو دەریاو زێوە بۆ دەرکەوت ۰

ساڵی ١٨٥٥ باوکی وەرزێرو ئنجا کرێکارو پاشان وەستای بیناکاری و لە دوایی شادارتاشی کۆچی دوایی کردو هەر لەم ساڵەشا یەکەم دیوان و تاقە دیوانەکەی دەرچوو بە ناوی (پەلکە گیا)و ساڵی ١٨٧٣ دایکیشی کۆچی دوایی کردو خۆیشی شەپلەی لێدا لەساڵی ١٨٧٩ گەشتێکی تری کرد بۆ (روکیز) بەڵام ئەم گەشتە نەیتوانی وەکو گەشتەکەی پێشوو کاری تێ بکاو سۆزو ویژدانی ببزوێنێ و لە ٢٦ی مارتی ١٨٩٢ چاوی هەمیشەیی لێك ناو لە گۆڕستانی (هارلی)کەوتە پرخەی خەوێکی ئەبەدی یەوە ۰۰

تاقە دیوانەکەی (والت ویتمان) کە ناوی (پەلکە گیا) بو ، یەکەم جار لە ساڵی ١٨٨٥ز چاپ کراو لە قەبارەیەکی گەورەو بەرگێکی سەوزی رازاوە بە وێنە چەند گەلایەك و بە هەزار دانە لە ژێر چاپە هاتەدەرەوەو کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە ، (ویتمان)خۆیشی لە پێت چنین و بلاوکردنەوەی لە ئیشابوو ۰۰ دیوانەکە یەکەم جار رەواجێکی وای نەبوو شتێکی ئەوتۆی لێ نەفرۆشراو کەسیش قسەی لێ نەکردو نەیگوت کاکە چاکت گوتوە یان خراپ ، ئیتر ویتمان هاتە سەر ئەوە کە دیوانەکەی بەدیاری بۆ نووسەرو رەخنەگرە ناودارەکانی ئەو سەردەمە بنێری ، ئەوەبوو کە (رالف والدو ئەمرسون) کە ئەوکاتە لە پۆپەی ئەدەبی بوو پاش وەرگرتنی دیاریەکەو ووردخوێندنەوەی دیوانەکە گەلێ شتی بەنرخی تیا بینی و (ویتمان)ی زۆر هانداو پیرۆزبایی لێ کردو بەرەو کاری گرنگتر دەستی لە پشتداو نامەیەکی بۆ نووسی :ـ

« ئەزانم (پەلکە گیا) بەنرخە ، بەلای منەوە پارچەیەکە لە ووردبینی و لێزانی و شاعیریەت و پێش ئەمە ئەدەبی ئەمریکی شتی وای نەدیوە ۰۰» (پەلکە گیا) تا (ویتمان)ی بەرێ کرد ساڵی ١٨٩٢ بۆ نۆیەم جار چاپ کراو رەخنەگرەکان تێکڕا لەو باوەڕەدان کە بەرزترین و بەهێزو پێزترین شیعرەکانی ئەم دیوانە شیعری (سروودی دەروونم)ە کە شان بە شانی (خاکی کاول بوو)ی ئەلیوت و (بەهەشتی گوم بوو)ی میلتون و (پیرە کەشتیوان)ی کولیرج دەنگ و ناوێکی جیهانی هەیە ۰۰ لەدوای ئەم هۆنراوەدا هۆنراوەکانی (لە برۆکلین)و (لە لانکی هەردەم هەژاوەدا)و (کە گوڵی وەنەوشە هەر تەڕوپڕ ئەبێ لە دەرگاوە » و (بەرەو هیند) دێن کە ئەمانەش شیعری زۆر بە نرخ و ناوازەن جگە لە گەلێ هۆنراوەی بە نرخیتر ۰۰ لە کاتی چاپکردنەوەی (پەلکە گیا)دا ویتمان هەر جارەی هەندێکی هەڵئەپاچی و شتی تازەتری تیا موتوربە ئەکردو لێی ئەیچڕیەوەو ئەیهاویشتە سەر کە شەڕی ئەهلی قەوما (جنیف)ی برای لە مەیدانی شەڕەوە بریندار بوو ، ئەمەش وای لە (ویتمان)کرد کە بکەوێتە ناو بریندارانی جەنگ و ئەرکی تیمارکردن و دڵدانەوەو شەونخوونییان بخاتە ئەستۆ و لەگەڵیان شەو دائەنیشت و مەرگی لەبەرچاو ئەسڕینەوەو زامەکانی بە خۆشبینی و ئۆمێدەوە سارێژ ئەکردن ، کە گەڕایەوە ئەم ئاخ و ئۆف و مەرگەسات و ژان و هەژانەی بریندارن کاری خۆی تیا کردبوو هۆنراوەیەکی دانا بە ناوی (دەهۆڵ لێدان) کەتیایا ئەڵێ :ـ

بە ناو نەخۆشخانەکاندا
ئەگەڕام
بە پەنجەی میهرەبانی ژان و
ئازارم سووك ئەکردن
بە درێژایی شەو لەگەڵ
بێخەوەکانا ئێشکم ئەگرت
هەندێکی کۆکیان تیابوو تازە
خەتی سمێلیان دانابوو
هەندێکیان ئەوەندە بە
ئازاربوون زریکەیان ئەچووە
ئاسمانا
ئەم هەموو شتانەم بە تاڵی و
شیرینییەوە لە بەرچاوە !
ئاە ! چەند جار دەستی
پیرۆزی پیرۆزی بریندارەکان
دەئاڵایە گەردنم ،
ئاە ! چەند جار ماچی بە
موچڕکی سەربازەکان

بروانە ل ٧

«ئیلیا ئەهرینبۆرگ»ی شاعیرو رۆژنامەنووس



عباس محمد حسین
کردویە بە کوردی

شۆڕشە مەزنەکەی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ سەرەڕای دامەزراندنی رژێمێکی نوێ لەسەر بنچینەیەکی زانستی ، دەورێکی باڵاشی هەبووە لە هێنانەکایەوەو گەرم کردنی جموجۆڵێکی ئەدەبی فراوان ۰۰ جا هەرچەندە (ئەهرینبورگ) پێش رووداوی شۆڕشی ئوکتۆبەر هاتۆتە مەیدانی ئەدەبەوە بەڵام (٥٠) ساڵی ژیانی دوایی کەوتۆتە سەردەمی یەکێتیی سۆڤیەتەوە ۰۰ بۆیە بە نووسەرێکی گەورە ئەژمێردرێت ۰۰ ئیلیا ئەهرینبورگ لە ساڵی ١٨٩١دا لە شاری (کیف)ی پایتەختی (ئۆکرانیا) هاتۆتە دنیاوەو لە تەمەنی (٧٦) ساڵیدا کۆچی دوایی کردوە ، هەر لەسەرەتای ژیانیەوە چۆتە مۆسکۆ بو خوێندن و بەشداری کۆمەڵەو رێکخراوە شۆڕشگێڕەکانی لاوان بوەو زۆرجار تووشی گرتن و دەردەسەری هاتوە هەتا ناچاربوە مۆسکۆ بەجێ بهێڵێ و روو بکاتە پاریس کاری تێ کردوەو رووی لە سیاسەت پێوەرگێڕاوەو ژیانێکی هێمنی لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندەکانی ئەو کاتەی فەرەنسا بردۆتەسەر وەکو (مالارمێەو مۆدیانی و ماکس جیکوب و بیکاسۆو جان کۆکتۆو مارك شانەتۆ) ۰

شیعر ۰۰ یەکەم ئاسۆی ئەدەب بوە کە دەرگای لە بەهرەی ئەهرینبورگ کردۆتەوەو لە تەمەنی (٢٠) ساڵاندا دەستی کردوە بە شیعرنووسین وەتا رادەیەکی باش توانیویەتی لە شێوەکانی کۆنی ئەدەب رزگاری ببێ ، وەیەکەم بەرهەمی شیعری بەناوی (ددانەکانی شێر) وە بوە ، بەزمانی روسی لە ساڵی (١٩١١) دا لە پاریس بلاوی کردۆتەوە سەر زمانی فەرەنسی ، ژیانی ئەهرینبورگ پڕبووە لە ناخۆشی و برسێتی و ئاوارەیی بەتایبەتی ئەو کاتەی لەپاریس بووە جار هەبووە مانگێك بێ پارەوپول ماوەتەوەو زۆرجار بەلاپەڕەکانی رۆژنامە بەربەرەکانی سەرمای کردوە ۰۰ سەرەڕای ئەمەش پاریسی زۆر خۆشویستوە وتویەتی : (پاریس بوو فێری بەرگری کردنی سەرماو برسێتی کردم) ژنێکی لە پاریس هێناوەو کوڕێکی لێ بووە شان بەشانی نووسینی شیعر ئەهرینبورگ دەستێکی باڵای لە چارەسەر کردنی زۆر رووداوی سیاسیدا هەبووە بەتایبەتی لە پێش شەڕی یەکەمی جیهانی داو بەجۆرێکی نوێ لە هونەری رۆژنامەگەریدا کە « هونەری ریپۆرتاج »ە دەری بڕیبوەو لەو کاتەوە بە رۆژنامەنوسێکی بەرز ناسراوە ۰ لە پاش ئەوەی شەڕ بووە هۆی برانی ئەو یارمەتییەی باوکی بۆی ئەنارد ئەهرینبورگ تووشی گەلێك ناخۆشی تر بوو بە جۆرێك ناچاربووە روو بکاتە هێزی سوپای بەریتانی و لە بەرەی شەڕدا بەشداربێت ۰۰ ماوەیەکی زۆر لەوێ ماوەتەوە تا لە دواییدا هەموو تێبینیەکانی خۆی لە کتێبێکی گەورەدا چاپ کردوەو لە ژێرناوی (رووی شەڕ)دا بلاوی کردۆتەوە ۰

ئەو کاتەی لە کاری رۆژنامەگەریدا بەردەوام بووە لە بەرەکانی شەڕەوە دەنگ و باسی تەقینەوەی شۆڕشی گەورەی روسیای پێگەیشتوە کە جیهانی هێناوەتە هەژان کە بوە هۆی سەرەکی کۆتایی پێهێنانی شەڕی جیهانی ۰۰ هەستی نیشتمانی دڵی جولاندۆتەوەو رووی کردۆتە

بروانە ل : ٧

گەڕانە بە سنورەکانی کۆتاییدا بۆ سەرەتایەکی تر

هۆنراوەی : عبدالله عباس

گیانە ، گیانە ۰۰
لەناو دنیای دڵی خۆما ۰۰
بۆ نهێنی خۆشەویستی دایکم گەڕام !
که پرسییان « بۆ ئەپرسن ؟ »
نهێنی قوڵتر هاتەڕێ !
ـ تۆ ، بۆ ئەگری ؟!
من بۆ ویلم ؟!
ـ مورووە شینە ، نوزەی تیایە !
(دۆزە ، دۆزە
بۆ وە دۆزە
هی خۆم نیە
هی پیرۆزە)(١)
ـ دۆزیمەوە ۰۰
لە توێی زامی
پریاسکەی دایکی بێچاوما !
ـ دۆزیمەوە ۰۰
لە وەسیەتی چوار پێنوسی خوێناویا
دۆزیمەوە
ـ هی خۆم نیە ،
هی پیرۆزە
دۆزیمەوە !
من ، خوێنی خۆم بەدوامادیت
من ، هەنگاوی ، رێگای خۆمم
خوێنم ، لەدوای هەنگاوم دێت !
ـ چۆن خۆم بکەم بە دار دەستی چقلی چاوم ؟!
که پرسییان بۆ ئەپرسن ؟ »
نهێنی قوڵتر هاتە ڕێ !
ـ تۆ بۆ گێلی ؟
ـ گیانە ! گێل نیم
گێلیان کردم !
من ئەپرسم !
خۆم پرسیارم !!
برژانگەکانی چاو ، وەرین
نەرمە بایەك هەڵی گرتن ۰۰
لە چاوی بەبێ برژانگی جامبازیا موتوربە بون !
لە چاوی بەبێ برژانگی جامبازیا بون بە پەرژین !!
ـ رێگا بەردەن !
مردو ، بەشی زیندو مەخۆ !!

من ، خۆم ، پەیژەم
من ، خۆم ، قاچم
من ، خۆم ، بەسەر پەیژەی خۆما
بە هەنگاوی باوەڕی خۆم ، سەرئەکەوم
خۆم ، پرسیارم ۰۰
من ، ئەپرسم ؟
ـ بۆچی منتان کرد بە بەردێك/ چومە ناو
قۆچەقانی جامبازەکان !/ کە هەڵسوڕام
(سەری خۆمتان پێ شکاندم) !
کە پرسییان ، « بۆ ئەپرسن ؟ »
نهێنی قوڵتر هاتە ڕێ !
ـ گیانە ، گیانە !
تۆ بۆ وێڵی ؟
من ، بۆ پرسم !؟
بۆ ، پرسیارم ؟!
(کێ خوێنەکەم ئەوەستێنێ ؟/ پێش خۆم نەڕوات ۰/
بەدواما بێت !۰/ کێ سەری زامم ئەپێچێ ؟۰/
مردو !! ، مردوی بەشی زیندو خۆریان ۰/
لەمن کردوە / بە پزیشك و برین پێچی زامەکانم)
ـ خۆیان زامن
خۆیان زامن !

من ، خۆم ، لێوم
بە لێوی خۆم ۰
دەزگیرانی ، خۆم ، ماچ ئەکەم !
من ، خۆم ، زێڕم !
ئەبمە ، گەردانەی ، گەردنی ، دەزگیرانم !
ـ رێگام بەردەن ، رێگام بەردەن
نهێنی قوڵتر هاتەڕێ

گیانە ۰۰!
ئەو رۆژە ، غەم بو ، بە سیمای دڵداریمان « باجیان »
دانا ، بەرامبەر بە خۆشەویستی لەسەر شەقامەکانی
شار
بۆ (ئاگاداری) یان نوسی :
(ماچ بۆ دڵدار قەدەغەیە !)
« خانی » لە گۆڕا راچەنی
نارەزایی خۆی دەربڕی !
(نەقامەکان ۰/ مەمو زینیان بەدیل گرت و /بەسێدارەی
نەفامییا ! هەڵیان واسین ۰/ پەیکەرێکیش
بۆ مەرگەوەڕ دروست کرا ۰/)
هەنگاوم نا ۰۰ هەنگاوئەنێم ۰!
دۆزیمەوە !
لەشەرێکا سەرتان بڕیم
بەشداریم تیا نەکردوە
دۆزیمەوە

دەم بەستێکتان لێ کردوم
بە دۆعایەك ،
لە کتێبە ئاسمانیەکان نەنوسراوە
دۆزیمەوە ۰
ـ دۆزیمەوە
هینی خۆمە !
لام پیرۆزە ۰۰
ئەگەڕێم تا ، ئەیدۆزمەوە !
ـ گیانە ، تۆ بۆ غەمبارو ، دەست لەژێر چەنە دۆش
داماوی ؟!

ـ (دەستی دڵت
بئاڵێنە ،
ملی دڵی بەند کراوم !)
ـ من ، خۆم لێوم ۰۰
رێگام بەردەن ، یاساوڵەکانی رەوشت !
بە لێوی خۆم ۰۰
دەزگیرانی خۆم ماچ ئەکەم !
بەخوێنی پێکا هاتنمان ۰۰
تارای بوکێنی دڵداریم دروست ئەکەم ۰۰
ـ رێگام بەردەن
من ناپرسم !
(من خۆمو باری ژیانی دڵدارەکەم ۰/
وەڵامی پرسیارەکەمە ۰/)
ـ دۆزیمەوە !
رێگام بەردەن ۰
ـ منالە غەمبارەکانی !
کوردستانی هەڵواسراو بەدرۆی گەورە پیاوانا !
دەنگ هەڵبڕن !
هاوار بکەن ، رێگا بەردەن ،
ـ پەیکەرەکەی مەرگەوەڕی درۆی گەورە
بەرد باران کەن !

خوێنی وشك هەڵاتوی (مەهاباد) و (حوزەیران)ی
تیا مەییوە ۰۰۰!
گوللەی باروتی ئەیلولی تیا پوچ بوە ۰!
بوکە بەبارانێیەکی قینی گەرم
لە کەوای سوری خاتو « زین »
پێش خۆتان خەن !
لە قرچە قرچی هاوینا ۰۰
« تورەیی » « مەم » ! بەخوڕ باران ئەبارێنێ ۰
ـ دۆزیمەوە ۰۰
من ، نهێنی خۆشەویستی دایکی خۆم
لە زەردەخەنەی (باوەڕی) دەزگیرانەکەما بینی
ـ خۆشەویستیم (باوەڕێکە)
قینی هەژارو برسیەکان
ئەکاتە پەیژەی سەرکەوتن
ـ دۆزیمەوە
دۆزیمەوە !

ـ هەژارەکان ۰۰
قینی خۆتان
لە قازانی مێشکتانا
کوبکەنەوە
بیجۆشێنن !
هەنگاو بە ئاگر هەڵێنن !
دەم ئەکێشێ !
ـ هەناسەمان ساردەو برسی ۰۰
قینی مێشکتان دەم بکێشێ ۰۰
هەناسەتان گەرم رایەت ۰
لە هەڵمی قینی خۆتانا
ئەیدۆزنەوە ۰۰
ـ بچن بەگژ شیر پەنجەدا
ئەیدۆزنەوە
سەری مارەکەی « مام هومەر » پان کەنەوە
ئەیدۆزنەوە
ئەیدۆزنەوە
ئەیدۆزنەوە

شوبات ١٩٧٣

institutkurde.paris

وڵات لە هەفتەیەکدا

کارگەی چاککردنی توتن لە سلێمانی

وەکو زانراوە لەسەر داواکردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئینحیساری توتن، وەزارەتی دارایی ڕازی‌بوە کە ئەو بۆشایی‌یەی لەبەشی دووەمی ئیشکردنی ئیوارانی کارگەی چاککردنی توتنی سلێمانی داهەبوە پڕبکریتەوە وە ١٠ فەرمانبەری تری بو دابندرێت. کە ١٠ وەزیفەکەش ئەمانەن ٣ وەزیفە بە ناوی کاتب کە مانگانەکەیان لە ٢٨ تا ٢٤ دینار ئەبیت‌و چوار وەزیفەی تر بە ناوی مأموری مخزن کە مانگانەکەیان لە ٢٨ تا ٢٤ ئەبیت‌و ٢ وەزیفەی تر بە ناوی کاتب لە ١٨ تا ٢٥ دینار ئەبیت‌و لەگەڵ وەزیفەیەکی تر بە ناوی یاریدەدەری مختبر مانگی لە ٢٨-٣٤ دینار ئەبیت.

٣ ملیون و ١٨٢ هەزار تەن نەوتی ولات بو دەرەوە چو

لە مانگی ڕابوردوا لەرێی بەندەری فاو و بانیاسەوە ٣ ملیون‌و ١٨٢ هەزارو ١٩٨ تەن نەوتی عیراق بو دەرەوەی ولات ڕەوانەکراوە، کە ٢ ملیون‌و ٧٦٢ هەزارو ١٩٨ تەنی لە ریگای بەندەری بانیاس سوریا بە هۆی ٦٨ پاپورەوە ناردراوە وە ٤٢٠ هەزار تەن لە نەوتی خاوی رومیلەش بە هۆی ١٨ پاپوری ترەوە لە ریگای بەندەری فاوە ڕەوانەکراوە، وە ئەوەی شایانی باسە مانگی ڕابوردو لە هەمو مانگەکانی پیشو زیاتر نەوتی تیا ڕەوانەکراوە.

کارگەی ئاسن

ئیستا لیژنەیەکی تایبەتی لەداوو دەزگای گشتی بنیاتنان‌و دامەزراندنی پیشەسازی‌لەو داوایانە ئەکولیتەوە کە چەند کۆمپانیایەکی دەرەوە بوبنیاتنانی کارگەی ئاسن لە (خورالزبیر) لە پاریزگای بصرە بۆ حکومەتی عیراقیان ناردوە، ئەوەی شایانی باسەوا چاوەڕوان ئەکریت کە کارگەی باسکراو لە سالیکا ٤٠٠ تەن ئاسن بەرهەمی ببیت کە بەش پیویستی عیراق ئەکات.

بڕیارەکانی ئەنجومەنی نەخشەکێشان

ئەنجومەنی نەخشەکیشان ڕازی‌بوە کە ١٣٠ هەزار دیناری‌تر تەرخان بکریت بۆ ئەوەی لە شاری سلێمانی پرۆژە نۆی‌یەکە تەواوبکریت‌و وەزارەتی شارەوانیەکان جی‌بەجی بکات.

وەهەروەها ئەنجومەنی ناوبراو ڕازی‌بوە کە دوو قوتابخانەی ئامادەیی لە پێنجوین‌و چوارتا لە پاریزگای سلێمانی دروست بکرین کە هەر قوتابخانەیەك نزیکەی ٢٥ هەزار دیناری تێ ئەچیت‌و ئەخرێنە لیستەی پروگرامی بەرهەمهێنانی سالی ١٩٧٢ - ١٩٧٣ وە.

ریگاوبان لە کوردستان

دەزگای ئاراستەکردنی ئەنجومەنی نەخشەکیشان ڕازی‌بوە لەسەر زیادکردنی ئەو پارەیەی کە بو کرینی ئوتومبیل‌و مەکینەو کەل‌و پەلی تر تەرخان کراوە بۆ ئەوەی ڕیگاوبانی لە ناوچەی ژوروی ولات پی بکریتەوە.

ئەوەی شایانی باسە پیشتر تەنیا ١٠٠ هەزار دینار تەرخان کرابو بەلام ئیستاکراوە بە ٨٢١ هەزار دینار کە بەم پارەیە مەکینەو ئوتومبیل‌و کەل‌و پەلی‌تری لە یەکیتی سوڤیەت پی‌ئەکریت.

کارگەی چیمەنتۆی سلێمانی

لە روژی ٦ - ٣ وە فرنە تازەکەی کارگەی چیمەنتوی سلێمانی کەوتوتە گەڕ کە لە کومپانیایەکی فەرەنسیا وەرگیراوە.

وە لە دوای ئەوەی مەکینە تازەکان دائەمەزرین و ئەخرینە ئیشەوە، بەرهەمی روزانەی کارگەی ناوبراو لە ٤٠٠ تەنەوە ئەبیتە ٨٥٠ تەن.

ئەوەی شایانی باسە ئەو فراوان‌کردنەی کارگەی ناوبراو نزیکەی ٢ ملیون‌و ٧٠٠ هەزار دیناری تێ چووە، وە لەلایەن کومپانیایەکی فەرەنسایی‌یەوە دائەمەزرینریت.

کارەبای دهۆك

لە روژی ٣ر٤ وە پروژەی کارەباگەیاندن بۆ چەند دیهاتیك لە پاریزگای دهوکدا تەواوبوە، کە نزیکەی ١٠٠ هەزار دیناری تێچوە.

گۆشەی تەندروستی

ڕۆماتیزم

دکتۆر نەوزاد

● نەخۆشی ڕۆماتیزمە یەکێکە لە نەخۆشی جومگەکانی لەش کە بەهۆی پەیدابوونی جۆرێك لە حەساسیەت لە میکرۆبی (ستربتۆکوکەس) کە ئەمیش ئەبێتە هۆی هەوکردنی بەشێکی لەش بەتایبەتی (ئالو).

● نەخۆشی‌یەکە تووشی یەکێك لەجومگەکانی لەش ئەبێت وەکو جومگەی شان‌و ئەژنۆ یاخود بڕبڕەی پشت‌و هتد .. ئەو جومگەیە ئەئاوسێت‌و سور ئەبێتەوەو گەرمدایەت‌و ژان ئەکات وە نەخۆش توانای جولاندنەوەی ئەو جومگەیەی نامێنێ‌و پاش ماوەیەك ئەم جومگەیە چاك ئەبێتەوەو یەکێکی تر دەست پێ ئەکات‌و بەم جۆرە بەجومگەکانی لەشدا ئەگەڕێت. لەگەڵ ئەمانەشدا نەخۆش تای لێ‌دێ‌و لاوازو بێ‌هێز ئەبێ‌و تووشی خوێن‌کەمی دێت.

● بۆ چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشی‌یە اسپرین زۆرچاك یارمەتی چاكبوونەوەی نەخۆش ئەدات بەمەرجێك بۆماوەیەکی زۆر بەکاربهێنرێت هەروەها پنسلین بۆ لەناوبردنی میکرۆبی (ستربتۆکوکەس) پێویستەوە هەروەها (کۆرنیزۆن)و ڤیتامینات بۆ زیادکردنی خوێن‌وەئەبێ نەخۆش لەسەرماو جێگای تەڕوتوش دور بخرێتەوە.

دوو پرسیارو دوو نوسەر

ئامادە کردنی :
سعدالله پەرۆش

لە ژمارەی پێشووی هاوکاری‌دا، لەگەڵ دوو نووسەری کورد کۆبوینەوەودوو پرسیارمان ئاراستە کردن .. لەم ژمارەیەش‌دا لەگەڵ‌دوو نووسەری تردا کۆئەبینەوەو هەمان پرسیاری پێشویان ئاراستە دەکەین .. ئەم دوو برا نووسەرەش (کاك جەمیل ڕەنجبەرو کاك ممتاز حیدری)ەو دوو پرسیارەکەش :

١ - چۆن لە ئیلتیزام دەگەن ..؟

٢ - ڕەنگدانەوەی ناکۆکی نێوان کۆن‌و نوێ لە ئەدەبی کوردی‌دا لەچ بارێکدا دەبینن؟

بۆ وەڵامی پرسیاری یەکەم کاك جەمیل ڕەنجبەر ووتی :

بەر لە هەموو شتێك بەڕای‌من مەبەست لە ئیلتیزام خۆبەستنەوەو تواندنەوەی‌جولانەوەی ڕۆژانەیە لە بۆتەی ئایدیۆلۆژیەتی چینێکی کۆمەڵایەتی دیاری کراو. جا لێرەدا دەبێ دووشت لەیەك‌جیا بکەینەوە (ئیلزام) و (ئیلتیزام)، ئیلتیزامیش هەرمەرج نیە نوسەر پەیوەندیەکی حیزبی هەبێ وە ئەگەرەشی‌بێ هەموو نووسەرێك سەربەستە لە دەربڕینی بیروباوەڕی خۆی دوور لە (ئیلزام) وە نەخشە کێشانێك‌لەروی زنجیرەی قسە زانستیەکان هەڵڕشتنی مەبەستی روت‌کە جار هەیە دوورە لە پاڵ‌پێوەنەری ناوەوەی نووسەر .. ئەمەش لە بیرنەکەین کە هەموو کەسێك ئەگەر بزانێ‌بانەزانێ (مولتەزیمە) بەشتێك‌و بەرێبازێك .. تا ئەگاتە سەرلێ‌شێواویش بێ لە چوارچێوەی ئیلتیزام دابێ ئیلتزامی ناو لێ‌دەنرێ واتە مولتەزیمە.

دەربارەی پرسیاری دووەم، کاك جەمیل ووتی : بەپێی تێپەڕبوونی قۆناغە مێژووییەکان نکوڵی لەوە ناکرێ کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەقۆناغێکی دەرەبەگی‌و نیمچە دەرەبەگی‌دا دەژین، وە لەم قۆناغەدا ناکۆکی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان ڕەنجی زۆربەی‌زۆری خەڵك بەتایبەتی‌جوتیاران دەچێتە گیرفانی تاقمێك کەس کە دەرەبەگن. دیارە ئەم جۆرە پەیوەندیە یاسایەکی کۆن‌وچەوسێنەرەوەیە، ئەو چینەی ژێر دەستانەش چەکی چاوکراوەییان‌هەڵگرتوە بەرەو ڕوی ئەم پەیوەندیە کۆنە هەڵچەرخیونەتەوە بە کرێکارو بە جوتیارەوە، ئەمەوچەوساندنەوەی نەتەوایەتی‌و تەقینەوەی ناکۆکی‌ی چینایەتی‌لە شارو لادێکاندا بۆتە هۆی قەبوڵ نەکردنی ژیانی ژێردەستی‌و بەشخوراوی، جا ئەوەی باری گەلی کوردمان پێویستیەتی، ئەدەبیش وەك مۆمێکی سەرخانی ئەم بارەدەبێ زمانی ڕاپەڕین‌و یاخی بوونی شۆڕشگێڕانە بێ، ئەوەش بەلای منەوە ئەدەبی کوردی هێشتا لە قالبی ئیلتیزامێکی یاخی بوونی شۆڕشگێڕانە نەمەیوەو هەرچەندە چوزەرەی نوێ بەبێ تەرتیب‌و بێ لەهێزی‌خۆ گەیشتن کەوتونەتە ناکۆکی لەگەڵ کۆنی گەندەڵ دا، دیارە ئەوەش‌هەنگاوێکە بۆ پێشەوە بەڵام ئەگەر لە سنووری پێویستی‌و باری مەوزوعی بچێتە دەرەوە دوو هەنگاو بەرەو پاشمان‌دەباتەوە، هەر چۆنێك بێ تۆوی ناکۆکی بە ڕوخانی کۆنی لەکار کەوتوو سەرکەوتنی نوێی بە کەڵك کۆتایی دێ، لێرەدا ئەوەی جێی باس کردنە ئەم نوێ خوازیەی ئەم ساڵانەی دوایی‌یە کە قورمشێك بوو جولانەوەی خستە ناو ئەدەبی‌کوردیەوە کە ئەم جولانەوەو ناکۆکی‌یە مەرجێکە بۆ بەرەوپێشەوە چوون.

پاشان کاك ممتاز حیدری لە وەڵامی پرسیاری یەکەم دا ووتی :

هەر بەرهەمێکی ئەدەبی، یان هونەری، لە چوار چێوەی ئیلتیزام بە دەرەوە بێ واتە مولتەزیم نەبێ بە مەسەلەی گەل‌و مەبەست‌و مرازی چینی چەوساوەو ڕەش‌وڕوت‌و زۆر لێ‌کراوو زەحمەت کێشان‌و یاخزمەتی خەباتی ئاراستە کراوی ئەو چینانە نەکات‌و تیشك‌دانەوەیەکی ڕاستەقینەی ئێش‌و ئازارو دەردی تەشەنە بووی‌زۆربەی زۆری کۆمەڵانی خەڵك لە هەموو ڕوویێکی ژیانەوە نەبێت، بەلای‌منەوە بەرهەمێکی کرچ‌و کاڵ‌و پووچەڵە ... تەنانەت ئەگەر نوسەرەکەشی خۆی بە دڵسۆزی گەلەکەی بزانێ .. ئەمە لەلایەك .. لە لایەکی تریشەوە نوسەرێکی کۆنەپەرستیش بێ، بەرهەمەکەی لە چوار چێوەی قازانج‌ودەسکەوتی چینایەتی کۆنەپەرستانەوە بە دەرنابێ .. کەواتە مەسەلەی ئیلتیزام ناوەرۆکی بەرهەمی ئەدیب‌ونووسەرە لە هەر قۆناغێکابێت .. بەڵام دەتوانین بڵێین‌ئیلتیزام دوو جۆرە، یەکەمیان گشتی‌یەو بەستراوەتەوە بە ئاوات‌و خواستی نیشتمانی‌ی نووسەرو ئەدیبەوە، دووەمیان پەیوەندیی بە هێز ترە، واتە جگە لە ئیلتیزام کردن بە مەسەلە گشتیەکان چونکە دووەمیان ئەندامی حزبێکی تایبەتی‌یە، یاخود پەیڕەوی بیروباوەڕێکی سیاسی تایبەتی دەکات، جا لەوکاتەدا ئەبێ ئایدیۆلۆژیەت‌و سیاسەتی حزبەکەی لەبەرهەمەکەی ڕەنگ بداتەوە .. ئیلتیزام خۆی لە خۆی‌دا هۆیەکی کاریگەرە بۆ پەرە پێدان‌و پێشخستن‌و گۆڕانی نووسەر، چونکە زیاتر بە نەتەوەو حزبەکەی ئەبەستێتەوەو پەروەردەی دەکەن .. ئەویش واتە نووسەر زیاتر هاوبەشی لە جولانەوەو بیروباوەڕی ئازادی خوازی گەلەکەی دەکات.

بەڵام بۆ وەڵامی پرسیاری دووەم وتی : پێشەکی دەڵێم ناوەرۆکی پرسیاری دووەم زۆر گرنگ‌و پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی زۆر فراوان هەیە لەلایەن نووسەرو ڕۆشنبیرانی کورد چونکە هەنگاوێکی گرنگە بۆ دەست نیشان‌کردنی لایەنە لاوازەکانی ئەدەبی کوردی‌و دۆزینەوەی هۆی پێش خستنی .. بەش بە حاڵی خۆم هیچ جۆرێك ناتوانم لە چەند دێڕێك دا مافی خۆی بدەمێ .. جا .. زۆر بە کورتی وەك سەرنجێکی خێرایی بە چەند ووشەیەك وەڵامی ئەدەمەوە .. تا دەرفەتێکی تر بەڵکو لەسەر ڕۆشنایی بەڵگەی مادی لەو بارەیەوە شتێك گەلالە بکەم.

بەلای منەوە، تا ئێستا ناکۆکی‌یەکی زۆر قووڵ‌و ئاشکرا لە نێوان کۆن‌و نوێ لە ئەدەبی کوردی‌دا نی‌یە! .. هەر چەند بەپێی قۆناغ - قۆناغی گۆڕانی مێژوویی - ئەدەبی کوردی لە ڕێبازی کلاسیك‌و ڕۆمانتیك تا ڕادەیەك جیا بۆتەوەو پێی ناوەتە تەنیا سەرەتای ڕێچکەی واقیعیەت، نەك واقیعیەتی ئیشتراکی .. چونکە بە گوێرەی ئەو گۆڕانە قووڵ و فراوان‌و ئاستی‌ئەدەب‌و ڕۆشنبیری جیهانی‌و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا .. ئەدەبی کوردی هەر لە چوارچێوەیەکی تەسکی نەتەوەیی‌و تا ڕادەیەکیش ڕەش‌بینی‌و سێ‌و دووی بورژوازی‌دا دەخولێتەوە .. هەر چەند هۆیەکی بنەڕەتیش هەیە ئەویش ئەوەیە کە کۆمەڵانی کوردەواری تا ئێستا گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی بنەڕەتی بە خۆیەوە نەدیوە، تاکو سەرخانیش بگۆڕێ بە شێوەیەکی بنەڕەتی .. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئەدەبەکەمان لەو چوار چێوە تەسکەی خۆی دەرچێ‌و نەك تەنیا ئەو (واقیعە) تفت‌و تاڵەو ناکۆکی چینایەتی دەست نیشان بکات . بەڵکو پێویستە هاوبەشیەکی چالاکانە لە بەهێز کردنی ئاگری ئاگردانی خەباتی چینایەتی زەحمەت کێشان‌و خەباتی نەتەوەیی پێشکەوتن خوازانەی گەلی کوردمان بکات .. واتە ببێتە چەکێکی ڕوخێنەری دام‌و دەزگای بیروباوەڕی کۆنەپەرستی لە هەمان کاتیشدا خۆش کەری ئاگری شۆڕشی کۆمەڵایەتی بێت.

زۆر کەس لایان وایە کە ئەدەبی کوردی گەیشتۆتە جەرگەی واقیعیەتی ئیشتراکی‌و ناکۆکی‌یەکی فراوان‌و ئاشکرا لە نێوان کۆن‌و نوێدا هەیە .. بەڵگەشیان ئەوەیە کە تا ڕادەیەك بابەتی تازەو ناوەڕۆك‌و فۆرمێکی نوێیان داهێناوە ؟

لە کاتێکدا ئەدەبی کوردی بە هەموو لقەکانیەوە نەیتوانیوە بە تەواوی هەموو ناکۆکی‌یە چینایەتی‌یەکان‌و هێزە بنەڕەتیەکانی گۆڕانی کۆمەڵی کوردەواری لە پێناو ڕژێمێکی پێشکەوتن‌خواز بە ئاشکرا دەست نیشان بکات .. تەنانەت نەیتوانیوە بە ساکاریش‌واقیعی کۆمەڵی کوردەواری لە هەموو ڕوویێکیەوە پیشان بدات .. بۆیە بەلای منەوە ناکۆکی‌یەکی قووڵ‌و ئاشکرا لە نێوان کۆن‌و نوێ لە ئەدەبی کوردی‌دا نابینم .

ئەم هەفتەیە لە مێژوودا

لە ١٩ی مانگی (ڕەشەمێ)ی - ڕێکەوتی - ١٠ی ئاداری ساڵی :-

١٨٢٠ - ئیتالیای داگیرکراو لە نەمسای داگیرکەر ڕزگاری بو.

١٨٨٢ - دوکتور (ڕۆبەرت کۆخ)ی ئەڵمانی میکرۆبی نەخۆشی (سیل - ئیسفا)ی دۆزیەوەو بەناو ئەوەوە ناونرا.

١٩١٧ - بۆیەکەم جار کرێکاران لە (بترۆگراد - لەنین‌گراد) مانیان گرت ئەمە بوە بڵێسەی‌شۆڕشی ئوکتۆبەری مەزن.

١٩٣٥ - هیتلەر دەستی کردە سەرباز کۆکردنەوەو خۆ ئامادەکردن ئەمە بوە هۆی هەڵوەشاندنەوەی (ڕێکەوتنی فەرسای).

١٩٦٧ - (سوتلانا ئەستیانیا)ی کچی (ستالین) لە یەکێتی سۆڤیاتەوە هەڵات.

نەریمان

گۆشەی لە پێناوی زانیاری دا

نەریمان

ئەم جیهانە پان‌و بەرینە کەبە فرۆکەی تێژڕەو لەچەند سەعاتێکدا ئەم پەرو ئەوپەڕی ئەکەیت‌و لە ماڵی خۆتدا میلی رادیۆکەت با ئەدەیت‌و گوێت‌لە سەدەها دەنگی گەلان ئەبێت‌و بۆ خوێندن یا بۆ گەشت بۆ هەر لایەك ئارەزوت بێت لە سنووری دەست کردنێ ئەپەڕێت. ڕادیۆ، تەلەفۆن بێ‌تەل، کتێب‌و ڕۆژنامە گەلانی لێك‌نزیك خستونەوە. لەو پەری جیهان شتێك ڕوو بدات کتوپڕ ئەزانین‌و گەلێ تووشی ئازار ئەبێت لێرەوە لەسەری هەڵ ئەدەێتی.

ئەم دەست کەوتانەی ئێستاهەروا بە ئاسانی دەست نەکەوتون‌و لە خۆیانەوە نەهاتونەتە کایەوە، لە دێرزەمانەوە لەسەرخۆ وبێ‌کۆڵدان ئادەمیزاد قوربانی لەسەر قوربانی بۆداوە، پێنجسەد ساڵ لەمەوپێش نە ئەمەریکای ئێستاو نەنیوەی ئەفەریقاو نەئوستڕالیاو تەوەرکانیش نەبیسترابوون، پورتغال‌و ئیسپانیای ئەوسا بۆ دۆزینەوەی ئەو شوێنانە پێش هەموو لایەك کەوتون، لە وڵاتی خۆر هەڵاتیشدا گەڕۆکی‌وا هەبوون ساڵەها گەشتیان کردووەو لەسەریان نوسیوەتەوە لەوانە (ئیبن بەتوتە)و (مەسعودی)و (یەعقوبی) لە ریزی پێشەوەن لەولاشەوە (مارکۆپۆلۆ)و (کولومبس)و (ماجەلان)و (ستانلی) ناوبانگیان دەرهێناوە، جا لەمەوپاش هەرجارێك لەسەر دوو یا سێ لەناسراوانە لەم گۆشەیەدا بە کورتی ئەدوێم تابزانرێت‌لەو پێناوە چەندەها بێ‌ووچان زەحمەت کێشراوە، هەرچەندە لەتۆو لۆی ئەو گەشتانەدا مەبەستی ئاینی‌و بازرگانی‌وداگیرکردن‌و گەڕان‌و هەوەسی هەبێت بەڵام ئێمە تەنها لەسووچێکی زانیاری‌یەوە بۆی ئەچین لاگەشەکەی پیشان ئەدەین‌و بەس.

(١) مەسعودی :

لەساڵی ٩٠٠ی زاینی لە بەغدا هاتوەتە دنیا لە پێناوی زانیاری‌دا شاران گەڕاو کۆڵی نەدا، لە مێژوو ئەدەب‌و جوغرافیا دەستێکی باڵای هەبوو، لە ساڵی ٩٢٠ی زاینی لە شاری (ئیستەخەر)ەوە ڕووی کردە هندستان پاش ماوەیەك لە دەریای هیندی‌یەوە پەڕی‌یەوە کەناری خۆر هەڵاتی ئەفەریقا لەوێوە پێچی‌دایەوە بەرەو وڵاتی عەرەب لەنێو دوورگەی عەرەب گەشتێکی کرد لەساڵی ٩٤٠ کۆتایی بەگەڕان هێنا دەستی‌کردە نووسین تا لەساڵی ٩٥٧ کۆچی‌دوایی‌کرد لەو گەشتانەی سوودێکی زۆری بینی بۆیە کتێبەکانی بە سەرچاوەیەکی کۆن‌و پوخت (ئەخباری زەمان) باسی ئەو شارو کێوو ڕوبارو شوێنانە ئەکات کە چاوی پێ کەوتوون، هەروەها لە کتێبی (مروجزەهەب)دا لە مێژوو جوغرافیای ئەو هەرێم‌و دەریاو دەوڵەتانە ئەدوێت کە تیادا گەشتی کردووەو شارەزایی لێیانەوە پەیداکردوە.

(٢) هەنری کەشتیوان :

هەنری پورتغالی قوتابخانەیەکی دەریایی لەگوندی (ساجر)ی پورتغال دامەزراند گەلێ قوتابی پێ‌گەیاندو کۆمەڵی کەشتیوان‌و گەڕۆکی پێکەوە نا هێزێکی لێ دروست کرد، لە ساڵی ١٤١٥ شاری (سەبتە)ی لە غربی عەرەبی داگیرکرد، لەوێوە بەدوو قۆڵ بەرەو خوارو بەرەو ڕۆژ هەڵات کەناری ئەفەریقا کشا لە ساڵی ١٤٢٠ دورگەکانی (مودبرە)ی دۆزیەوە لە ساڵی ١٤١١ دورگەکانی (ئازور)ی دۆزیەوەو لە تەنیشت کێوی (بونز)ەوە دەرپەڕی‌یەوە ئەو دیوو گەیشتە نووکی (بلانکو) کە بە (نووکی سپی) ناسراوە مەبەستی هەنری‌و هاورێکانی گەیشتنە وڵاتی ئاوریشم‌و گەنجیەکان بوو هەوڵی ئەدا هۆزە دواکەوتوەکانی ئەفەریقا بخاتە سەر ئاینی (فەلە)، چەند ساڵی پێش‌مردنی گەیشتە (ڕاس ڕەجای سانح) کە بە ڕێگای پورتغالی بوو هندستان ناوبانگی دەرکردوە، هەنری لە ساڵی ١٤٦٠ کۆچی دوایی کرد.

با لە هونەر بگەین

عبدالله سراج

جیاوازی هونەرو دروست‌کردن:

ئایا بە چ شێوەیەك ئەتوانین شورەیەکی بڵند لە نێوان هونەری باڵاو هونەری نارەسەن (دروستکراو) ڕاست بکەینەوە؟ لەم بارەوە «سوریر» ئەڵێ: (جیاوازی هونەر لەگەڵ چالاکی جۆربەجۆری مرۆڤایەتی، لەوەدایە، بە ئاشکراو ڕاست‌و ڕەوان، مەبەستی دروستی شتە، بەگشتی مەبەستی ڕەوای گیانداری بێ‌هاوتایە، کەوابوونی لە هەمان کاتدا، مەبەستە بۆ خۆی) بەڵام جیاوازی چی‌یە لە نێوان نیگارکێشان‌و دیوار بۆیەکردن؟ یان لە نێوان سیمفونی‌و ئاوازێکی فولکلۆری‌و سەدای تەپڵ‌و زوڕنا؟ وەهاش لە نێوان پەیکەرتاشین کۆڵین‌و بیناکاری‌و بیر هەڵکەندن؟ لەوانەیە بە ئاسانی هونەر لە پیشە جیابکەینەوە - هەر چەندەش پیشەی هونەریش هەیە - هونەری ڕاستەقینە ئەگەڕێتەوە بۆ خرۆشانی هەست. (جی. دی موباسان) هونەر ئەگەڕێنێتەوە بۆ (دڵخۆشی)، بەڵام (تۆلستۆی) ئەیگەڕێنێتەوە، بۆ (احەپەسان) بەڵام (دیلاکروا) ئەڵێ: «تابلۆیەك شایانی وشەی هونەرە ئەگەر سێرکەری بەندکرد» منیش ئەڵێم ئەوەی هونەر لەپیشە جیائەکاتەوە بوونی «پێدا ویست‌و کەڵك‌و سوودە». ـان واتە بەرهەمی پێشەیی بۆ پێداویستێکی تایبەت‌و کەڵکێکی دیارو سوودێکی بەجێیە، وەك دروستکردنی پردێك بۆ پەڕینەوە لە نێوان دوو ڕۆخی ڕوبارێك، یانیش داهێنانی ڕم‌و تیرو کەوان بۆ ڕاوو شکارو جەنگ (هتد) .. بەڵام بەرهەمی هونەری لەم مەبەستە قوڵترو فراوانترە، چونکە بۆ مەبەست‌و بەجێهێنانی ئامانجێك نی‌یە، کەڵك بەخش بێت، بگرە لافاوو پڕبوونێکی گیانی‌و دەروونی‌یە، تەنها داهێنان (الابداع) و دۆزینەوە (الاکتشاف) ئەبێتە هۆی لە دایك‌بوونی، کە تەنها نیازی ئەو داهێنان‌و دۆزینەوەیە جوانی‌یەو بەس .. ئەمە بێجگە لەوەی جیاوازی‌یەکی تریش هەیە لە نێوان پیشەو هونەر، کە پیشە ڕێبازێکە بۆ دروست کردنی ئامرازی پێویست کە هەمیشە لە پەرەسەندن‌و پێشکەوتن‌دایە بۆ ڕازەی ئەم مەبەستەی بۆی کراوە، بۆ نموونە کەشتی‌و چەك ڕۆژ بەڕۆژ پوختەترو کاریگەرتر ئەبن .. بەڵام هونەر مەبەست‌و ئامانجەکەی لە خۆیەتی (ذاتیة الفن) چونکە هەر بەرهەمێکی هونەری داهێنانێکی پیرۆزو مەزن‌و باڵایە وەك کەرەستە (المادة) لە پێشکەوتن‌دا نی‌یە ..

هونەرمەند کاتێ هەستی خۆی بە ووشە یان بە ڕەنگ‌و بۆیە یاخود بە دەنگ‌و ئاوازو ئیقاع دەرئەبڕێ، پێش هەموو شتێك: تاقی‌کردنەوەی تایبەتی‌ی‌خۆیمان بۆ دەرئەخات‌و نهێنی‌یەکانی ناوەوەی لامان ئەدرکێنێ. بۆ ئەوەی ئەم شتە زیاتر ڕوون بێتەوە، ئەڵێم کە لەنێوان دێڕەکانی بوێژو ئاوازەکانی گۆرانی بێژو ڕەنگەکانی نیگارکێش‌و قەبارەو کەڵێنی پەیکەرەکان، بە تەواوی نەفسیەتی ئەو مرۆڤە هونەرمەندەمان بۆ ئاشکرائەبێ‌و لە ژیانی ئاگادار ئەبین، خۆشی‌و ترشی، هیواو ئارەزووی، دەردو پەژارەو گەلێ شتی تریشمان چنگ ئەکەوێت .. بۆیە ووتراوە هونەرمەند ئەو مرۆڤەیە کەوا دەروونی خۆی ئەکات بە کانگای پەیدادۆزینەوەو داهێنان بێ‌ئەوەی یارمەتی لە کەس وەربگرێت‌و لاسایی بکاتەوە.

بەرهەمی هونەری شانۆیەکی قووڵی هەستی هونەرمەندەکان ئەخاتە بەرچاو، لەهەمان کاتیش‌دا، لەگەڵی‌دا ئەکەوینە ناو شەپۆلی ئەو گێژەنگەوە کە خۆی لە تاقی‌کردنەوەکەی‌دا، تووشی‌بووەو خولی تیا داوەتەوە هەر وەهاش خۆمان لە جێگەی ئەو هونەرمەندە ئەبینین، بە ووشەیەکی‌تر لەگەڵ هەست‌و نەستی‌دا ئەژین‌و تێکەڵ بە ویژدانی ئەبین. تەنانەت زۆر جاریش ڕووی داوە، پاش خوێندنەوەی هۆنراوێك یا سەرنج‌دانی نیگارو تاشراوێك، وە یا پاش گوێ‌گرتنی لە پارچەیەك مۆسیقا، ماوەیەکی زۆر لە تەلیسمی ئەو هونەرانە ڕزگار نابین، بەڵکو لەهەست‌و مێشکمانا جێ‌گیر ئەبن‌و وەك یادگارێکی جوان بە ئاسانی لە یاد ناچن.

ڕودیسیا

نڤیسینا: ع٠ ن

نە ٠٠ نە ٠٠ نە هاڤێژە ٠٠ نە تەقینە من ٠٠ من نە کوژە ٠٠ من چ کریە تە شولە بمنە ٠٠ ژ بەر چ تو وێ ب ڕکی دگەل من ٠٠ تە بۆچی ئەزنە ڤیم ئەزو تو براینە ٠٠ من چووێ تە نە دزیە ٠٠ من تالانێ تە نە بریە ٠٠ من خانیێ تە نە سوتیەو هەڕفاندیە ٠٠ ما تۆلەکا تە لدیف منە ؟ ئەزێ ڕەشم ٠٠ ئەڤەیە سیچو گونەهامن ؟ تو ژی یێ سپی ٠٠ ئەڤەو هێژ بتر ژ گوتنێت (چەرم ڕەشانن) دەما عەسکەرێ ئەقل سپی یێت چاڤشین تڤەنگالێ ڕاست دکەن بو کوشتنا وان ، بێ سێچو بێ گونەه • حکومەتا (عنصریێت) سپی، بسەروکاتیا (ایان سمت)ی، دڤێت یێت چەرم ڕەش لژێریا (ئەفریقیای) خلاس کەت و بێ بنیات کەت ، ئەوێت زێدە دبن ژ ئاخو عەردێت (ئەورووپای) بینیت لژێریا وی وەلاتی دامەزرینیت ، دا لوێرێ ژیارەکێ بخۆ پەیدا بکەن ، و نانەکێ بەر زەحف بخۆن ، و دەولەمەند ببن لسەر کەلەخێت ڕەشا •

جهێ ڕەشا جهەکێ بهاننە بێ بئاڤە دانە ، یێ تێر فیقیو مەعدەنە دەمایێت ڕەش نە ڕازیبەنا خۆ دیار دکەن لسەر هندەك بڕیارێت حکومەتا (عنصریێت سپی) لەشکرو هەیتێت (ئایان سمیث)ی هەر دەم دئامادەنە بۆ بەلاڤکرن و ژێکڤە کرنو کوشتنا وان• وەکی وێ بڕیارێ ئەوا حکومەتا (ایان سمیث)ی دای : کو بۆ یێت سپی هەیە (ژ هەر جهەکێ هەی) بهێن لسەر ئاڤو ئاخێت ڕەشا بژین لژێریا (ئەفریقیای) یێ ژ ڕەشا نە ڕازیبونا خۆ دیار دکەن بومبایێت دوکێلێ تیوەژ دکەن ، ئان ئاڤا گەرم دهاڤێنێ ، هەکە هەر نە ڕاوەستان ، ئەعسکەرێت (حکومەتا ایان سمیث)ی وهەیتێت وی دێ وان گولە باران کەن ، دێ هێنە کوشتن بێ تول ، کەس پسیارێ لێ ناکەت ، لبن حوکمێ (حکومەتا عنصریێت سپی) لژێریا ئەفریقیای ، مەکتەبێت ڕەشا دجودانە ، هەر وەسا نوتێل و جهێ نان خارنێ و جهێ ڕوینشتنێ ، هەکە ئێکی ڕەش دکولانەکێ دا چو و ئێکی سپی کەتە بەراهیا وی ، دێ بێ سپی ڕێکا خو ژێ ڤەگوهێزیت حکومەتا (ایان سمیث)ی ، بڕیارەك دا کو یێ ١٢ـ١٤ سالی ژ بچیکێت ڕەشا نە هێتە مەکتەبا ، دا بینە شولکەرو ڕێنجبەر و پالێت (سپیا) لناڤ زەڤیو باغێت پەمبیو لەڤەنی ، دگەل وێ چەندێ ، حکومەتا (سپیا) هەردەم بەلاڤ دکەت کو کەسێ بێ کەسپو کار نینە ژ ڕەشا لوێ دەڤەرێ ، هەمی شول دکەنو د حال خوشن ، ئنگلیزی ژ مێژ وەرە یا خۆ ژ حکومەتا (ایان سمیث)ی ، دا قوتایویا خو ژێ بێ باهر کری ، ئەو ژی نە کامیا بڕیارێت وێ دکەت ، دبێژیت : ئەو ژی حکومەتەکا سەر بخۆیە یا سەربەردای نە یا گرێدایە (بلەندەنێ) ڤە ، و چ پێتە بقەسا مە ناکەت •

لهەژمارا مروڤێت لرودیسیا دژین سالا (١٩٦٨)ێ بونە (٤ر٥) ملیون ژ (٩٥٪) ژ وان دڕەشن ، یێت بن دەستێت (٢٠٠) هزار کەسێت سپی ڤە ، کو یێ ژ (ئەوروپا) ڤە ڤەقەتیاینو هاتینە وێ دەڤەرێ و (٢٠) هزارا ژ خەلکێ (ئاسیایێ) •

یێت ڕەش لوێری مابێ هەلبژاتنا خو بخو نینە/بو هەر چی کۆمێت هەین ئان چ جڤاتا دیسا چ ماڤێت سیاسی و اقتصادی و اجتماعی ژی نینن، لمێژووا کەڤن دبێژن (سیل ڕودس) مروڤەکێ گەڕیدە بو یێ ئنگلیز گەهشتە وی جهیو داگیر کر ، وبەیداغا ئنگلیزی لوێرێ چەقاند ، ژ بەر ناڤێ وی گەڕیدەی ناڤ لسەر (ڕودیسیای) هاتە دانان • و کەفتە بن دەستێ ئنگلیزی ژ سالا (١٩٢٢)ێ وەرە • لسالا (١٩٥٣)ێ ، ئێکبونەك هاتە پێك هینان لناڤەینا (ڕودیسیا و نیاسالاند و زامبیا) و مانە دگەل ئێك بئێکبونەکا (فدرالی) و ناڤێ (ملای) لخو دانا ، لسالا (١٩٦٥)ێ ڕودیسیا ژ ڤێ ئێکبونێ دەرکەفت ، و سەر بخۆیا خۆ دیار کر (بەلێ ژ لایەکی ڤە) چنکو هندی نەخوشی و زورداری دیتن ژ دەستێت (عنصریا) ئنگلیزی نا بەینا خو و ڕودیسیا نە قەتاند ژ لایێ (اقتصادی) ڤە چنکو ئاڤەدانیەکا زور یا لوێ دەڤەرێ ، وگەلەك مەعدەن یێت لێ ، دێ دیار بیت بو مە کو بوچی ئنگلیز حەز ناکەت کو حوکمێ (ایان سمیث)ی ، لوێرێ بدیماهی بهێت ، و حوکمێ وی جهی بکەڤیتە دەستێ ڕەشا خودانێت عەردو ئاخێت خو •

لسالا (١٩٦٦)ێ (١٢٥) هزار (تەنێت) توتنێ ژ وێ دەڤەرێ هاتن ، و (٢) ملیون (تەنێت) ڕەژوێ ، و (١٦٠) هزار (تەنێت) ئارمیشی ، و (٢٨١) هزار (تەنێت) مەعدەنێ (کرومی) و (١٧ر٢٠٠) تەنێت سفری و (١٧ر١٠٠) (زێڕی) ، ئەڤ تشتە هەمی دگەهنە سویکا ئنگلیزی • لسالا) (١٩٦٥)ێ ، ڕودیسیای باهێ (٢٢٥) ملیون (جونەیهێت استرلینی)کرتو مال ژ دەرڤە ئینا ژ وان باهێ (١١٠) ملیونا ژ ئنگلیزی کری ، پالێت شولدکەن لسەر مەعمەل و مەصنەعێت مەزن لوێرێ هەمی خەکلێ (ئەوروپای) نە ، بەلێ پالێت جوتوکێلا یێ لناڤ برنجو پەمپیا شولدکەن ئان شوێنێت بزەحمەت یێ دهێتە کرن لبەر حەتاڤێ هەمی دڕەشن (بەلێ خوینا وان یا سورە ٠٠٠ ڕوندکو خوها وان یا سپیە) ، دسەر وێ چەندێڕا بزاڤا (عنصریا) ئەوە کو عەرد بو وان بیت ، و بن ئاخ کرن بو یێت ڕەش بیت

ژرەوشتێت مللەتی

دەمێ دبیتە بهار ژ سەرێ ئاداریێ پاژڤە لناڤ جهێ کوردا، لاو و جەحێل و تولاز دەردکەڤنە دەرڤەی گوند و باژێرابو کەیف وسێرانێ ، وەختێ ڤێك دکەڤن هندەك دێ پارسەنگانێ کەن و هندەك دێ برانێ کەن و هندەك دێ بەراڕاستەکەن و هندەك دێ کێل ڤێلانێ کەن ، دەما مروف ڤان کوما هەمیا دبینیت هەر هندەك یێ مژیلیەکێ دکەن لناڤ گیاشینکو کولیلکا ، لناڤجانەمەرگو ڕەبەنوك و ئاداروك و نیسانوکا دێ بێژیت ئەڤەجهێ فێر کرنا ڤان یاریانە ، هندەك دێ چایێ و خارنێدروست کەن وێت دێ ڤان یاریا کەن حەتا دبیتە دەمێ خارنێ ، ئەوێت کێل ڤێلانێ دکەن ، دێ سێ کێلا دانن لجهەکێ ڕاست ، و لراستاوان دویر نێزیکی (٢٠) مێترا دێ سێ کێلێت دی دانن ، و هەر هندەك دێ خو دەنە تاخەکی ودانە وان کێلا ببەرا ، هەر جوینەك دێ سێ بەرا هاڤێتێ کا دێ چەند کێلا ئێخن ، پاشی کو ڕێزا وان خلاس دبیت ژبەر هاڤێتنێ ، دێ برا دی دەست پێ کەت _کت_کت دێ هەرێك سێ بەرا هاڤێتە کێلێت هەڤالێت خو کا ئەو دێ چەندا ئێخن هەکە جوینەکێ کێلێت خو ئێخستن و یێت وان‌مان دێ سەرێ کێلا گوهورن (ئەو جوین دێ هێتە ڤی ڕەخێ و یێت دی دێ هێنە ڕەخێ دی، ئەو کێلێت ئێخستین ئەو دێ بنە (قەر) لنك یێت دی ،

جارەکا دی دێ دەستببەرهاڤێتنێ کەن ، هەکە یێت جوینا دی کێلیت وان ئێخستن ئەڤە بسەرسەر بون ، بەلێ هەکە هەر یێت دی ئێخستن ، دێ جارەکا دی سەرێ بەرهاڤێتنێ گوهورن ، هەکە ئێکی ژوان دوکێل ببەرەکی ئێخستن پێدڤیە زوی ببێژیت (کێل ڤێل)هەکە ئێکی ژ جونیا دی بەری وی گوت دێ کێلەکێ لێ ڕاست کەنەڤە ، بەلێ هەکە زوی گوت ، دێ دو (کێل) ژیڤەبن دێ مینیت کیلەك و وی دێ مینن دو بەر بوهاڤێتنێ • کرناڤان یاریا هەمیا یا خوشە ، دگەل ڤێ ژی کو ئەڤ یاریەهەمی (لڤ ـ لڤینە) بو تولاز و جەحێلا) دێ پێ فێری نیشانێ بن هندەکێت دی دێ لرەخەکێ دی بەرا ڕاست کەن دێ بەرەکێ دەست خوشێ گروڤرێ بسەنگ ئینن ، وبدەستەکی دێ ژ عەردی ڕاکەن و بلند کەنە ڕاستا سەرێ خو و دێ دانە فعەردی ، لڤێ یارێ هەمی دگەلێك دکەن ـ گەڕ ـ گەڕانێ بەدڕاست کرنا بەری دا ، هندەکێت دی دێ پارسەنگانێ کەن ، دێ بەرەکێ بسەنگگ ئینن ، و دێ دەست دەنێ ژ عەردی ڕاکەن حەتا ڕاستا ملێ خو و دێ پیفکەکێ دانن ، لسەر پیفکێ دێ بەری ددەستێ خودا لڕاستا ملێ خو هەلسەنگرینن و دێ هاڤێن کا دێ فکیرێ کەفیت، دێ جهێ ڤێدکەفیت نیشان کەن ئێکێ دی دێ بەرێ پارسەنگێ ئینیت و ئەو ژی هەر لجهێ وی لسەر پیفکی دێ هاڤێت کادێ پارسەنگا وی چەند چیت و یێ دی ژی هەر وەسا ، کێلکا میرا ژی وەکی کێل ڤێلابێیە ـ بەلێ کێلەکێ دێ لدویر ڤەنن و هندی لوێری دێ بەرا هاڤێنن کا دێ کی ئێخیت و دێ ڤەننەڤە پشتی ئێخستنێ هندەك ژێ (بشەرت) ڤێ یاریێ دکەن ، هەر جارەکا بەرەکی ئێك ژ وان لێدەت دێ هەڤالەکێ وی جلکەکێ خو ئێخیت هەکە هەرلێدا و ئێخست دێ جلکا هەمیا دانیت گەلەك جارا یا چێبوی کو ئێکی هەڤالێ خو یێ ڕویس کری ژ جلکا • هندەکێت دی دێ خربنە سەرێك و دێ بەرا هاڤێن کا دێ کی بەرا دویر تر هاڤێت ، ئەڤ یاریە دمشەنە لجهێ کوردا و کرنا وان یا بەر زەحفە ، و گەلەك خو پێڤە مژیل کرنێت دی یێت هەین لناڤ جهێ کوردا ، دگەل هەلکێشانا (بایێ تەزی یێ پاقژ) دگەل ڕوژێت بهارێ یێت نەرم و گەرم و ڕوهن ، تولاز ڤان یاریا هەمیا دکەن دگەل غاردان و بەزینا ، ئەڤ یاریە هەمی دبنە سیچ کو نەخوشی و نەساخی کێم دبن و سەحەتا وان خوش دبیت ، خوین دلەشی دا زڤڕیت ئێش و گرانیێت زڤستانێ بدویر دکەڤن ، ژ بن بارێ سرو سەرمایێ دەردکەڤن •

*

جوداهی نە هندا مەزنە

بەری مەدەهەکە ئەڤ کاغەزە گەهیشتیە مە ژ برادەر « ئەحمەد عەلی دۆسکی »ڕەخنەیێ لسەر برادەر « نعمەت ئاکرەیی » دگرت و بیرو ڕاییدخۆ دیار دکەت لسەر وێ گوتارا نعمەتی نڤیسی ل هژمارا (١٥٠)دا ، ڤێجار ئەم ژی ژ ئالیێ خۆڤە گوتارا برادەر ئەحمەدعەلی بەلاڤ دکەین بهەمووکورر کێماسیێد تێدا ، مەبەستا مە ژڤێ چەندێ ئەوە نەرزە ڤەژینو جوولانەوەیەکێ د بەرپەرێ خۆدا پەیدا کەین ، نە کو کێماسییێد برادەران خۆیا بکەینجا ئەم گەلەك ددلشادین هەر کەسەك بیرو راییدخۆ دیارکەت بەرامبەری هەر تشتەکی پێ نەی رازی‌بت •

« هاوکاری »

برادەر ئەحمەد دبێژت :هەڤالێ هێژا ، نعمەتی روهن کرنەك دانا بووە بەر چاڤێدخوێندەڤانێد بەرکەفتی لسەر پەیڤا (وەرگێران گوهۆڕین)ێ ڤێجار جیێ ڕاستیێ بوو پەیڤا (وەرگێرانێ) بۆ بکار هینانێ شوونا (لجهێ) پەیڤا عەرەبی (ترجمە) • براستی ئەز بخۆژی لگەل ڤێ چەندێ مە ، بەلێ ئەز لگەل وێ نینم گاڤا دبێژیت« ٠٠٠ ئەگەر لدوی ڤان دوو پەیڤان ـ وەرگێران ـگوهۆڕین ـێ » بچین دێ بینین جودایەکا فرەهـ وا هەی دنێڤاهەر دووکاندا ، چ ژ لایێ ناوەرۆلێڤە ، چ ژ لایێ ڕەوالەتێڤە • چونکە ئەز دبینم جوداهی نە هندەیە مەزنە وەکی برادەر ژێ دبێژت ، ئەز دکارم بێژم هەر دوو پەیڤ زۆردنزیکی یەکن ژ هەر دوو لایاڤە !

پشتی هنگی لبەرامبەری(وەرگێرانێ) بکوردی ، پەیڤا (تێرن) بئینگلیزی دهێت ،ئانکو ـ سەرو بن کرن ـ هەر هۆسا پەیڤا (تێرن) بواتەبا بواتەیا (ترانسلێشن) بکارتێت •

ئەحمەد عەلی دوسکی

مێجر سۆنێ دکتێبا خودا ـ ڕێزمانا کرمانجی ـ پەیڤا ـ وەرگێران ـ یا دانانە بەرپەیڤا ـ تێرن ـ و پەیڤا ـ گوهۆڕین ـ بەرامبەری پەیڤا ـ چێنج ـ و لدوماهیێ بۆ دیار کرنا راستیێ دێ چەندنموونەکا دانیمە بەر چاڤێد خوندەڤانا دا ئاشکرا کەم کوهەر دووك بشکداین دئێك واتەیێدا •

١ ـ (وەرگێران ـگوهۆڕین) = تغییر = ڕەنگ ئێخستن• وەك •

ـ کراسێد وان ڕەنگێد خۆوەرگێران • یان (گوهۆڕین) •

٢ ـ (و ـ گ) = تحویل = برنەسەر • وەك •

ـ سەنەتێ بوەرگێرنە(بگوهۆرنە) سەر ناڤێ من •

٣ ـ (و ـ گ) = تبدیل = ژ جی برن • وەك •

ـ سەحکە ویێڤە، بەلێ وەێخۆ نە وەرگێرە (گوهێرە) هێرڤە •

٤ ـ (و ـ گ = نقلب لێڤە بوون • وەك •

ـ سپێدێ زوو وەرنە ڤێرێ‌بەس هزرا خۆ نە وەرگێرن (گ) •

٥ ـ ٠٠٠ هتد ٠٠

ژ ڤان نمونێد ژۆری بۆ مەخۆیا بوو کو هەر دوو پەیڤ همبەری ئێکن بگەلەك واتاڤەوجودانە بهنەك واتایێد دی • ئەم دشێین بێژین کو هەردووك‌بەرامبەری ئێکن ، ئانکو سینۆنیاوی ـ بئینگلیزی‌بەلێ من دڤێت ژ برادەی ببپرسم کا چاوا وی دوماهیاروهن کرنا خۆ ـ گۆتن ـ بکار هینا بجهێ ـ پەیڤ ـ ێ ؟

ئاگەداریەك

له هژمارا بۆری‌دا ، مە نڤیسینەك (چیرۆکەك) بەلاڤ کر بوو ، لبن ناڤو نیشانا « بووکا بەردای) بێ هندێ ناڤێ خودانی لسەر دانێین ، جا لمە نەگرنو ئەو نڤیسینە یا برادەر خەلیل جندی بوو •

« هاوکاری »

جهێ بچووکی دفولکلورێ کوردیدا

نەوزاد زێباری

ـ١ـ

تشتەکێ ئاشکرایە کو نهو ئەو وەلاتێت پێشکەفتی لجهانێدا زۆر سەغبێریا پچووکی دکەنو پوتێ زور پێدکەن ئو گەلەك ئاگادارن لپچووکا •گەلەك خوندنو نڤیسین یا لسەر کری دا کو بشێین باش‌ساکولوجیەتا وی نێ بکەهن • ئەڤە تشتەکێ ئاشکرایە کو پچووك بناغەی هەر مللەتەکی بە ڤێجا ئەگەر مە بناغەی تشتەکی باش دانا بێشکە ئەو تشت دێ باش گەهیتێو دێ سەرکەفتی بیت چونکو یێ لسەر بناغەکێ باش‌و موکم ئاڤاکری •

لوەلاتێن پێشکەفتی باوەریاخو بڤێ چەندێ دئینن (کو دبیت ئەم‌پچووکی باش‌ڕابگرین‌لسەر بیرو هنرێت پاكو زانستی داکو بەرێ باش بومەبگەهینتە پاشەڕوژی) ئو ئەڤە یالهەمی وەلاتا هەی ئوفلوکلورو پەندو مەتەلێت گەلەك زمانا باوەریا پێ ئینای •

زمانێ کوردی ژی کو ئێکەلزمانێت کوورو پێشکەفتی ئەڤە ژبیر نەکریە ئو بەری نهویاگوتی :ـ

ـ (خویەکێ بگری بشیری بەرنادەی بپیری) •
ـ (تو چ دچینی دێ وی بینی) •
ـ داری بتەراتی راستکەنەخو دێ شکێت •
ـ مەزن چدرێسیت کوڕ دێ‌وی پەشتیت •

بال منڤە مەعنەیا ڤان یاێاشکرایە هەمی دبێژن (کو پچووك بشیانا دای‌وبابا برێڤەدچن) هەتا نهو ژی لکوردەواریێ ئەگەر یێك خار برێڤەبچیت ئان یێ نەراوستای بیت دێ بێژنێ ـ مانە سوچێت دای بابانە ٠٠٠ پشتی ڤێ چەندێ مە قەدرێ بچیکی پاش رانی ناچەندە • ولاتێت پێشکەفتی نهو یا روو دکەتە ڤێ راستیێ‌تو بنێرێ بهەمی تەرزا لهەمی رێکێت ژیانێ یێ دەرگەهێ بو پچووکاڤەدکەن داکو بشێن بخۆ فێری خوندنو چێکرنو ئەدەب‌وژیر (عقل) ببن ، بچیك نیشانا جوانی‌و دل پاکی‌یێیە‌ دگەل هەمی کەسەکێ ئەم دل رەشیێ بکەین دڤێت دگەل‌بچیکی راستگو بین دا ئەوژی لسەر راستیێ حەزن ببیت ،هەر ئاخفتنا خوشی‌و تشتێت جوان دڤێت ئەم بو بێژین ، مللەتێ کورد ئەڤە لپشت گوهێت خو نەئێخستیە بەلێ ئەڤە ژمێژە دەنیایە پێش چاڤێت خو چونکو فولکلوریێ حەیێ تژی‌یە لفلوکلورێ بچیکا ئانکو بچیکی پشکەکا مەزن یاهەی دفولکلۆرێ کوردی دا ، ئو مللەتی یا خو پێڤە ماندی کری ، سازو ئاوازو یاری یێ دبو بجە هێلاین ئو ئەڤە ژی نیشانا پوتەپێ‌کرنا مللەنی‌یە ببچیکاڤە ئو ئەژی لڤێری ـهندی من گوهـ لێ بوی وئەز دزانم لفلوکلورێ بجیکا ـ دێ نڤیسم هیڤیدار هەر کی تشتەکێ بزانیت بو من ڤرێکەت •

ستران‌و سازێت پچووکادهێنە گوتن دگەل یاریا ، ئو یاریێن پچووکێد کوردا بساناهینە ئو دخوشن بخو زور تشتا ژێ دگرن کوێ لناڤ‌یاریادا هەین : (١) بێن فرەبی وسەرکەفتن ونەسەرکەفتن (٢) غاردانو بزاڤتن (بو ساغلەمیا گیانی) (٣) فێل‌و

بڕوانە ل : ـ٧ـ

چیرۆکا ڕێنجبەرا

طە مظهر مائی

مزەیت هاتن گەهشتن ، ئاڤی زەر بون
ل ئەسمانی پەلاێت ئەورا ڕەشبون
سەرێت ژوری دەژو مورانێ وەر بون
دلوپا بو چیێن پێکڤە دەربون
بەرێخو بدێ کو گا جل ێت نماندین
× + ×
مەکر قەرفە ئو کونجی هەلهەژاندن
برنج ئێخست جوخینێ ماش هەلاندن
نخافتن لو ئو پویشو کا جەماندن
بەلێ چوێچکا درا و تەحلە بژاندن
مە کەسپو کار کوتا نابن قەلاندین
× + ×
لڤێ چەرخێ وە دیت شول چەندگرانە
خلاسی نینە وی هەر ژێك ڤەژانە
ژ ڤی ڕیێ مە خاستن سەد ئەمانە
کو دا ئێك جارەکێ لمە بیت خودانە
مە قورتال کەت ژ ڤێ باری چەماندین
× + ×
کو ژینا خنزری دگەل مە بو هەڤرك
وەکی هەوێ چو ڕەحمەك نینە وێ لنك
ددەست وێ دا مە برسی ما هەرو زك
لەوا لکۆلانا گێراندن مە کودك
مە بەد بەختی یا دژوارە لەقاندین
× + ×
چ ژینە ئەم کەتین داڤا بەلا وێ
نەشێین قورتال ببین ژ خلفا ژها وێ
مە دل بو بندکا ڤەهرو خەما وێ
نە کەس پێ بون خنێ خار خوشیێا وێ
ما بەس نینە روحێت مە شەولقاندین
× + ×
ژ ڤی شولێ گرانو زڤرو هەر گر
مە ئێشمەك دی هەیە زورا بسەنگ تر
کو ئەو زولما دکەت ئاغایێ تر گر
ئەوا دگەل مە دکەت ناکەن چو کافر
وەکی شەکرا شرین وی ئەم کراندین
× + ×
ڕوینێ ئاغای هەرێ ترشە لمە توندە
سەرێ وی یێ پفە کەپ یێ بلندە
چ ڕوژا وی بڤێت ئەو بێتە گوندە
لەچو ، خوشی نەخوشی نینە هندە
دژوین دان مە وەکی سا تێك پەڕاندین
× + ×
تو چەند ببینی سلەو ، تەحلو گەمورە
نەڤێت وی کەس بخوت نانێ کرورە
لپێش وی دڤێت براوەستی بتورە
ببچوکلی لسەر پیا وەختێ دبورە
مە خەو نینە بو نوبێ ئەم جەماندین
× + ×
نە خوزی کو هەبیت ئێکی کچەك جان
لالا وی هەڕو ئاغا بو مێڤان
وە ناکەت ئەو بخوشی بخوت کەرێ نان
براندن لێ مریشکو پەز نە ما دان
خولاما ئەم ژ مالی دویرڤە خاندین
× + ×
ئەڤان ئاغا و کەسو کارا شەرم ڕێت
چ عەردێ چونێ ئەو ژنکا تبل مێت
چو گوند نینن نە بێژن دێ کچەك زێت
دیارە دل گەشی نینەو مە ناهێت
چ ژینە دل لە هۆ چرمساندین

یامایی

ئەحمەدی خانی

• محمد مەنگوڕی •

یەکەم « شاعیری نەتەوەیی کوردە »

- بەشی یەکەم -

ئەگەر تەماشای لاپەڕەی مێژووی ئەدەبی کوردی بکەین، دەبینین چەندە ساڵێکە پێوانەی ڕاستەقینەی هەڵسەنگاندنی بوێژو نووسەری چاك لەنێو ئەدەبەکاناو لە ئەدەبی کوردی‌دا ، جێگای خۆی کردۆتەوە ، کە ئەویش «ڕادەی پەیوەندی شاعیرە بە خواست‌ومرازی زۆربەی گەل‌و پلەی خۆنواندنی بەرهەمەکەیەنی لەژیانی واقعی میللەت .. » ! دەنا پێش ئەو ماوەیە پێوانەی شاعیری چاك «جناس‌و ئەفسانەو خەیالی ناواقعی‌و معماو ووشەی سەیرو ناقۆلا » بوو ..!!

ئەحمەدی خانێ هەر لە سەرەتای شاعیریەتی‌یەوە . شاعیرێکی ڕاستەقینەی گەل‌بوە .. بۆ زۆربەی گەل شیعری ووتوە ، ئیش‌و ئازارو گیروگرفتی چینی چەوساوەی کورد ، کە ڕستەی شیعرەکانی **بوە** .. هەستی بە واقعی کۆمەڵی کوردەواری کردوەو ویستوویەتی بە شیعرە جوانەکانیەوە ڕێگای سەرکەوتنو بەختیاری بۆ نەتەوەکەی نەخش بکات ..! جا پێش ئەوەی باسی ژیانی شاعیری مەزنی کوردستان ئەحمەدی خانی‌و شیعرەکانی‌و چیرۆکی مەم‌و زین بکەین ، بە پێویستی دەزانین .. ڕەئی چەند **زانایەکی** بیگانە ، بخەینە ڕوو لە بارەی ئەو شاعیرە نەمرەوە .

١ - زانای مەزنی سوفیەتی « ئەی ، ئا ، ئوربیلی »(١) ئەلێ :-

« کە باسی پەیوەندی شاعیرو ئەدیب بە گەلەوەو هەڵقوڵانی بەرهەمەکەی لەنێو کۆمەلانی خەلکەوە ئەکەین .. بەبێ ئەوەی مەبەستمان بێت یا پیمان خۆش بێت ، ناچار ئەبین ناوی « سێ » شاعیری مەزنی ڕۆژهەڵات بێنین ، کە ئەوانیش فیردەوسی ئێرانی‌و ڕوستاولی جیورجی‌و ئەحمەدی خانی‌ی کوردە .. »

(٢) مێژونووسی بەناوبانگ ب- نکیتین ئەلێ :-

« هەر کە ناوی ئەحمەدی خانی دێ‌و بیر لە مەحەمەدی ، مەم‌و زین ، دەکەینەوە موچورکمان بەلەشا دێت‌و ناچار هان ئەدرێین کە ئەو پەڕی خۆشەویستی‌و ڕێزمان بۆ شاعیری « مروڤایەتی » دەربڕین .. »

ئەحمەدی - خانی

ئەحمەدی خانی کوری شیخ « ئەلیاسە »و لە هۆزی خانیانی بایەزیدە کە لە نزیك شاری « بایەزیدە» .. بنەماڵەی ئەحمەدی خانی ، بنەماڵەیەکی گەورەو خانەدان‌و خاوەن دیوەخان‌و میوانخانە بوە .. وە لەبەر ئەوەی خانی تاقانەو خۆشەویستی دایك‌و باوکی بوەو باوکیشی هەبوو بوە ، زۆر گرینگی بە پەروەردە کردنی دراوە ، کە خوێندنە سەرەتاییەکانی تەواو کردووە بۆ خوێندن نێردراوەتە « ئورفەو .. ئەخلات‌و .. بەتلیسی » وە لە دووایی‌دا سەری لە سوریەو .. میسریش داوە ، ئینجا لە دووای تەواوکردنی خوێندن گەڕاوەتەوە بایەزید وە لە مزگەوتی (مرادیە) بوە بە « ماموستا » .

« خانی » زانایەکی بەرزو شاعیرێکی بەهرەمەندبوە .. وەکو لە هۆنراوەکانی دەردەکەوێ دەبێ لە ساڵێ (١٦٥٠) لە شاری بایەزید لە دایك‌بووبێ چونکی لە شیعریکیا ئەلێ :-

«لوراکوردما ژغەیب»فەك‌بوو
تاریخ‌هەزارو شێست‌و یەك‌بوو

واتە لە ساڵی(١٠٦١) کۆچی لەدایك‌بوە کە دەکاتە ساڵی (١٦٥٠) زایینی بەلام لە بارەی ساڵێ مردنیەوە تاکو ئێستاش لە نێوانی شارەزایان‌و ئەدیبانی کورد بیروڕای جیاجیا هەیە .. وە ئەوەی تاکو ئێستا ڕوون بۆتەوە ئەوەیە کە خانی لە تەمەنی (٥٨ ، ٥٦) ساڵی‌دا هەر لە شاری بایەزید کۆچی دووایی کردووەو هەر لەویش نێژراوە ..!

شاعیریەتی خانی

ئەحمەدی خانی یەکێکە لەو شاعیرە بەرزە هەڵکەوتوانەی کە بەڕاستی شاعیری یەکەمی نەتەوەی کوردە .. چونکی یەکێکە لە ئەستێرە هەرە گەشەکانی ئەدەبی واقعی کورد .. ئەوەش بە پلەی یەکەم لەبەر ئەوەیە .. لەسەردەمێکا خۆی بە گەل‌و گیروگرفتەکانی بەستۆتەوەو ڕێگای سەرکەوتنی بۆ دەست‌نیشان کردووە ، لە دنیاش‌دا تاك تاکە نەبێ ئەو هەستە پیرۆزە نیشتمان‌پەروەریە لە نێو ئەدیبەکانا پەیدا نەبوو بوو بەلکو تارمایی ڕەشی ڕژیمی دەرەبەگی لەسەر زۆربەی گەلانی دنیا هەر مابوو ، هەستی نەتەوایەتی تازە تیشکی زێرینی لەدیوی کەلی ڕزگاری‌دا سەری بەدەر نابوو .. ئەوەش شانازی‌یەکی گەلی گەورەیە بۆ ئەدەبەکەمان کە لە سەدەی (١٧-١٨) بە فەریکی سەری لە تویکڵی ئەدەبی واقعی‌و شۆرشگێری دەرهێنابێ .. سەرچاوەی ئیلهامی خانی ئەو شتانەی خوارەوەبووە(١) ..

١ - سروشتە جوانەکەی کوردستان .

٢ - زۆرداری‌و زوڵمی (عثمانیە) داگیرکەرەکانی لە کوردەکانی ناوچەی بایەزید بە تایبەتی‌و کوردستان بەگشتی .

٣ - خوێندنەوەی هۆنراوەکانی (عەلی حەریری)و (مەلای جزیری)و (مەلای باتی)و (فەقی تەیران) ..

بەرهەمەکانی ئەحمەدی خانی (٢) ..

خانی سێ‌بەرهەمی کوردی بۆ جێ هیشتووین .

١- فەرهەنگوکی (نەوبەهار) لە ساڵی (١٦٨٣) زاینی تەواوی کردووە .. بەهۆنراوە داینانەوەو تا ئێستا دووجار چاپ‌کراوە .

٢ - عەقیدەو ئیمان . بریتی‌یەلە (٧١) هۆنراوە . تا ئێستا یەك‌جار چاپ‌کراوە .

٣ - چیرۆکی مەم‌و زین لە ساڵی (١٦٩٤) زاینی تەواوی کردووە .. تا ئێستا (١٨) جار بەزمانی (ئەڵمانی‌و فەرەنسی‌و تورکی‌و عەرەبی‌و فارسی‌و ئەرمەنی‌و موکریانی) چاپ‌کراوە ..

(١) کوردستان‌و جوولانەوەی نەتەوەی کورد .. چاپی دووەم لاپەڕە (٥٥) .

(٢) کوردەکان - باسیل نکیتین ١٩٦٧ دار الروائع - بیروت - لاپەڕە (٢٣٥) .

(٣) مێژووی ئەدەبی کوردی - ماموستا علاءالدین سجادی- چاپی یەکەمین لاپەڕە (١٩٠) .

(٤) چیرۆکی مەم‌و زین - شاکر فتاح - ساڵی ١٩٦٩! لاپەڕە -١٣- .

(٥) هەمان سەرچاوەی سەرەوە ..

* * *

٧ پرسیارو نووسەرو ڕۆشنبیرانی کوردستان

وەڵامی ماموستا محمد مولود - مەم -

ممتاز حیدری

پ : نووسینی کوردی لە کەیەوە باوە ؟

وەڵامی پرسیاری یەکەم :

نووسینی کوردی لە کەیەوە (باوە) ؟ بەلای منەوە وشەی (باو) مانایێکی فراوانی هەیە . کە دەڵێین : فلانە شت (باوە)ە واتا خەلکی وەکو پێویستیك وەکو شتێکی ئارەزووکراو ، وەریان گرتوەو بێ گری‌و کۆسپ بە کاریان هێناوە و بەکاری دەبەن . بەم پێیە بۆ وەڵامی پرسیارەکەت دەبێ بڵێم :- نوسینی کوردی « ئەگەر ئەو ماوە کورتەی مەهابادی لێ دەرکەیت » چ کاتێك (باو) نەبوە و ئێستاش باو نیە ! ئەگەر مەبەس لە باو بوونی نوسینی کوردی وەکو لە پرسیارەکەدا هاتوە ، ئەگەر مەبەس ئەوەبێ کە : لە کەیەوە بە کوردی نووسراوە ؟ واتا کەنگی وشەی‌کوردی نووسراوە؟ واتا کەنگی وشەی کوردی خراوەتە سەر ڕوو پەڕێك؟ . ئەوا شیعرەکانی (بابا طاهر) کە پێش هەزار ساڵێك نووسراونەتەوە و دەستنوسەکانی دیکە ، وەکو ئەوانەی (تەرەماخی) و شیعرەکانی (جزیری) و مەم‌و زینی (خانی)و بەهەنەساو محمد حنیفەو مولود نامەکانێ لە دەلاقەی مزگەوتەکان‌و لە دیوانخانی سەردارەکانی کۆنی کورد ، دۆزراونەتەوەو هەندێکیان لێ چاپ کراون ، هەروا گۆڤاری کوردستان کە لە کلکەی سەدەی نۆزدەهەم دەرچو ، ئەمانەمان دێنەوە یاد .

بەلام، ئایا ئەو دەستنوسانەو چاپەمەنیانە بە سەرەتای نوسینی کوردی دادەنرین ؟! یانا ؟ .. وەیان ، ئایا ئەمانە ئەوە دەگەیەنن کە لەو سەردەمەوە نوسینی کوردی باو بێ ؟؟ من دەڵێم : نا .. وە زۆر هۆ هەن کە وادەکەن ئەم (نا)یە بڵێم .. تۆش کەیفی خۆتە ..

پ : لە سەرەتای پەیدابوونی نوسینی کوردی چ جۆرە نوسینێك باو بوە : چیرۆك ، ڕۆشنبیری ، کۆمەلایەتی ، سیاسی ، ئایینی .. هتد ؟

وەڵامی پرسیاری دووەم :

وابزانم ئەگەر لە وەڵامی پرسیاری‌یەکەم ووردبینەوە ، وەڵامی ئەم پرسیارەمان چەنك دەکەوێت .

پ : چ جۆرە کۆسپێك هاتوتە پێش گەشەکردنی نوسینی کوردی ، ئەوەی پەیوەندی بەنەتەوەی کورد هەبوە یاخود بە بیگانەو ئیستعمارەوە ؟

وەڵامی پرسیاری سێیەم :

کۆسپی هەرە گەورە کە هاتوتە پێش گەشەکردنی نوسینی کوردی ئەوە بوەو ئەوەیە کە ئەو ڕژیمانەی کورد لەژێر ئالایان‌دا دەژی ئیعترافیان بە بوونی نەتەوەی کورد نەکردوە ، بێ‌گومان ئەمەش واقعیکی ئیستعماری ڕەگەز پەرستی‌ی فاشستی‌یە کە گەلی کورد هەرگیز پێی ڕازی نەبوەو پێی ڕازی نابێ ، لەبەر ئەمە ، کۆماری عیراقی دیموکراتی پێش‌کەوتوی ئێستامان ، هەر لەڕۆژی دامەزراندنیەوە لە ١٧ی تموز ٩٦٨ هەستی بەم واقعە چەوتە نارەوایە کردو هەول دەدات کە ئەم چونیەتیە ئیستعماریە بروخێنیت وە گەلی کورد لە عیراق لەو بەندو کۆتە ڕزگار بکات .. هیوادارم کە لە دوارۆژێکی نزیك گەلەکەمان بتوانێت دروشمی نەتەوایەتی خۆی لە چوارچیوەی کۆمارە ئازادەکەماندا بەرز بکاتەوەو .. بە ئازادی زمانەکەی بنوسێ‌و پێی بخوێنێ‌و پێشی بخات .

پ : نوسەرە پێشڕەوەکانی کورد کێ بوون ؟ وە بە چ هۆیەك نوسینەکانیان بلاو کردۆتەوە ؟

وەڵامی پرسیاری چوارەم :-

ئەوانەی من نوسینەکانم خوێندونەتەوەو لە یاد من ئەمانەن : (کوردی‌و مەریوانی) ابراهیم احمد شاکر فتاح ، ئەمانەم لە « دیاری لاوان و یادگاری لاوان » ناسیون . حسین حوزنی موکریانی (لە بلاوکراوە مێژویەکانی) . کامەران‌و جەلادەت بەدرخان (لە هاوارو بلاوکراوەکانی سوریاو لبنان) علاءالدین سجادی لە (گەلاوێژ ، ع.و. نوری - لە کتێبی (لە ولاتە ئادەمیزادە سەر بەستەکانا) کە هارۆلد لاسکی وەری گێرابوو چەند شتێکی دیکەی .. عبدالرحمن زەبیحی (لە بلاوکراوەکانی کۆماری مللی کوردستان لە مەهاباد) پیرەمێرد لە (ژین) . ئەمانە بەلای منەوە پێشەنگی کاروانی کوردی نوسەکانن .

پ : کام گۆڤار یان ڕۆژنامەو کتێبی کوردی تان بۆ یەکەم جار خوێندوتەوەو ناوەڕۆکی چۆن بوە ؟ هەروەها چاك ترین گۆڤاری کوردی کامەیان بوەو لە بەرچی ؟

وەڵامی پرسیاری پێنجەم :-

لە وەڵامی پرسیاری پێشو ، ناوی ئەو کتێب‌و گۆڤارو ڕۆژنامانەم برد کە لە کاتی خویدا خوێندو منەوە ناوەڕۆکی ئەمانە بە چەند دێرێك نانوسرێن بەلام چاکترین گۆڤاری کوردی بەلای منەوە ، گۆڤاری گەلاوێژ بووەو پاشدان گۆڤاری (هیوا) .. چونکی ئەمانە پتر بە دڵ‌و مێشکی خەلکی کوردستانەوە دەنووسان .

پ : بە پێی ئاگاداریتان حزبە سیاسیەکان واتە (هیوا ، ڕزگاری ، شۆڕش پارتی‌دیموکراتی کوردستان ، حزبی شیوعی) دەوریان لە پەرەپێدانی نووسین‌و ڕۆشنبیری کوردی چ بوە ؟

وەڵامی پرسیاری شەشەم :

بێگومان ، بلاوکراوەکانی ئەم حزبە سیاسیانە « ئەوانەی کە بە کوردی نوسراون » بە جۆرێك دەوریان لە گەشەکردن‌و پەرەپێدانی نووسینی کوردی گێراوە ، بەلام ئەو بلاوکراوانە « وەکو دەبێ وابێ » مەبەستی یەکەمیان هەر ئەوە بوە کە بیرو باوەڕو ڕێبازو ئامانجەکانی خۆیان بەو هۆیانەوە بەخەلکی کوردستان ڕابگەیەنن . وە بۆ پتر ڕوون کردنەوە دەڵێم :- حزبە سیاسیەکانی کورد تاکو ئێستاش ئەم ئەرکە لە ڕیزی دواوەی ئەرکەکانیان دادەنێن هەر ئەمەندە دەستی پێوەدەگرن تا خزمەتی ئامانجەکانیان دەکات .

پ - ئێستاکە چ ڕێبازێ لە بزووتنەوەی ڕۆشنبیری‌و ئەدەبی کوردی‌دا هەیە ؟

وەڵامی پرسیاری حەوتەم :-

ئەگەر چی ، پرسیارەکە بەلای منەوە نەختێك « ئالۆزو تێکەلاوە » بەلام پێم خۆشە لەبابەت بزوتنەوەی ڕۆشنبیری لە ولاتەکەماندا ئەم ڕوداوە سەیرەت بۆ بگێڕمەوە :-

سەردەمێك لە شەقلاوە فەرمانبەر بووم ، شەقلاوەش وەکو خۆت شارەزای دێیەکی گەورەیەو لەلایەنی خوێندەواری‌و ڕۆشنبیری پاش کەوتوە ، زۆربەی ڕۆشنبیرەکانی معلم‌و فەرمانبەرەکان بوون .

ڕۆژێك قائمقام‌بەگ فەرمانی داکە : دەبێ (یانە) یێك بکرێتەوەو ئەمانە لەوێدا کۆببنەوە چونکی لە شان‌و شەوکەتی ئەفەندیەکان ناوەشێتەوە لەچایخانەو دوکانەکاندا تێکەل بە خەلکە ڕەش‌و ڕوتە نەخوێندەوارە پاشکەوتوەکە ببن !!! ئەوە بو (یانەکە)ی دامەزراندو معلم و فەرمانبەرەکانی تێ ئاخنین . هەر چەند هەندێك دەنگ بەرزبونەوە کە « ئەمە ڕەوانی‌یە چەند ڕۆشنبیرو خوێندەوارێك» «کە وەك دەرمانی چاو بون » لە خەلکەکە جودا بکرێتەوە کە ڕەنگە تا ڕادەییك ببنە هۆی چاو کردنەوەو هۆشیار کردنەوەی خەلکەکە » بەلام بێ سوود بو ... ئەمر بوو دەبوایە ئیجرا بکرێ‌و ... (یانە) کە کرایەوەو لەدوایی‌دا بو بە قومار خانەو ئێستاش هەر وەکو خۆیەتی » .

که ئەم ڕووداوە دەهێنمەوە یاد ، بیر لە چونیەتی ئیمڕۆی ڕۆشنبیرانی کورد دەکەمەوە ئەمانە ئێستاش لە خەلکەکە دوورن‌و خۆیان لە سەرەوەی خەلکەکە دادەنێن !!

جا ئەگەر تۆ ئەم چونیەتیە بە ڕێبازێك دادەنیی ، من بەرهەلستیت ناکەم ، تەنیا دەبێ هەرتۆ ناوەکەشی لێ بنێی !!.. ئەمە واو .... نیسبەت بە ئەدەبیشەوە ئەگەر مرازت لە ڕێباز « قوتابخانەی ئەدەبی بێت یان قوناخێکی تایبەتی » ئەوە بەلای منەوە زۆربەی ئەدیبانی کورد تا ئێستاش نەیانتوانیوە لەم ڕووەوە جێگای خۆیان دیار بکەن ، ئێمە پتر چاو لێکەرین ...

ئەمە ڕێبازی ئەدەب و ئەدیبی کوردە لەم قوناخەمان‌دا هەر ناوێکی لەم ڕێبازەش بنێم بو بەپێویستی نابێ .

* * *

کەیفی

لەنێوان بەندیخانەو گۆڕدا!

- کەریم شارازا -

لە لاپەڕەی هەشتی ژمارە (١٤٢)ی ڕۆژنامەی هاوکاری خۆشەویستدا لەژێر ناوی (تۆمار)دا چاوم بەم دوو تاکە شیعرەی شاعیری نەمری کورد (حاجی قادری کۆیی) کەوت :

کە چوویتە سەرحەدی بابان‌و
عێلەکەی جافان
بگریە هەروەکوو بارانی
مانگی (فەروەردین)
لە قوڕ بنیشە بڵێ ....
قەوم‌و قیلە هاوارە
ئەسیرە (کەیفی) لە ڕۆما
لە حەپسی ژێری زەمین

لە شیکردنەوەو مانا لێدانەوەی ئەو دوو تاکە شیعرەدا کاك « ئەردەلان » ناوێك لە دێری شانزەهەمی (تۆمار)ەکەی‌دا بەم جۆرەی خوارەوە سەری لە مەبەست‌و ماناکەیان دەرچووە :

(حاجی قادر .. هەرچەندە خویشی ئاوارەی دەستی خزمانی کوردەواریمان بووە بەلام کە ئەبیسێ (کەیفی) هاوڕێی لە ڕۆما گیراوە ئۆقرەی لەلا نامێنێ‌و پەنا ئەباتەوە بەر قەوم‌و قیلەو خزمانی کوردەواری .. و هاواریان لێ ئەکات کە فریای کەون .)

وا دیارە کاکە (ئەردەلان) ئەم دوو تاکە شیعرەی حاجی لەبەر نووسیوەتەوەو چاوێکی بە دیوانەکەی‌دا نەخشاندووە کە لەلاپەڕەی (٤٦) دا لە ژێر ناوی (شێوەن بۆ کەیفی) ، چاوی بە هەڵبەستێکی بیست‌و پێنج تاکی دەکەوێ کە حاجی نەمر بەبۆنەی کۆچی دوایی (کەیفی) جوانڕۆیی ای هاوڕێی خۆشەویست‌ودڵسۆزی داینا‌وە کە لە ساڵی (١٣٠٠) ی کۆچی لە شاری (ڕۆما) کە مەبەستی لە (ئەستەمبوڵ)ە نە دوورووڵاتی‌و دەربەدەری سەری ناوەتەوە .

حاجی لە هەڵبەستەکەی دواله بای سەبا دەکات کە هەواڵی کۆچی دوایی (کەیفی) بەوولاتی کوردستان بگەیەنێ‌و پێی دەڵێ :-

سبەی مەوەستە وەڵامێ بگەینە خاکی وولات
دیارە چەندە حەزین‌و
غەریب‌و بێ کەیفین

ئینجا پێی دەڵێ کە گەیشتیە سەرحەدی بابان‌و عیلەکەی جاف ئەوا هەروەك بارانی یەکەم مانگی بەهار فرمێسکی ئەفسووسی هەڵبرێژە و لە قوڕبنیشە بۆ کەیفی چونکە لە ئەستەمبول لە (حەپسی ژێری زەمین) ئەسیرە !!

لێرەدا مەبەستی حاجی نە (حەپسی ژێری زەمین) (گۆڕ)ە نەك (بەندیخانە) هەروەك کاك ئەردەلان بۆی چووە ، چونکە ئەگەر مەبەستی لە گرتن‌و بەندکردنی کەیفی بایە ئەوا باسی فرمێسك هەڵڕشتن‌و قوڕپێوانی نەدەکردو هەروەکو ئاشکراشە ئەسیرو بەندی سیاسی بەشین‌و ڕۆڕۆ بەرنادرێن بەلکوو بە پێشکەش کردنی پرۆتستۆو ناڕەزایی دەربڕین‌و ڕاست بوونەوەی میللەت‌و گەلێ ڕێگای تر دەبێ .

وە حاجی لە هەمان هەڵبەستدا لە تاکە شیعریکیا کە بەتورکی هێناویەتیەوەو ووشەی (صغیر)ی بۆ ساڵی کۆچی دوایی کەیفی داناوە کە بە لێکدانەوەی (ئەبجەد) دەکاتە ١٣٠٠ی کۆچی هەروەك دەڵێ :-

کبیردر بومصیبت عظم
واقعەدر(١)
(صغیر)(٢) در یازلە تاریخ
خامەء مشکین

دوا قسەشم ئەوەیەو دەڵێم ئەگەر کاك ئەردەلان لەکاتی هێنانەوەی نموونەی شیعری

بڕوانە ل : ٧

* * *

پێنج خشتەکی لەسەر شیعرێکی هێمن

ئەی وەتەن بو میللەتی کوردسافو بێ‌گەردم ئەمن
سەنگەری سەختو قەلاتی ئاسنو بەردم ئەمن
ڕابەری ڕێگەی خەباتی میللەتی کوردم ئەمن
«گەرچ توشی ڕەنجەڕۆیی‌وحەسرەتو دەردم ئەمن »
« قەد لەدەست ئەم چەرخە سپلە نابەزم مەردم ئەمن »
جەنەتی من خاکی کوردەغەیری ئەو خاکم نیە
گەر لەدەس بروا ژیان‌و نان‌و خوراکم نیە
هەردوچاوم کوێرە بێ ئەو نوری ڕۆناکم نیە
« من لەلۆمەو تانەوو زنجیرودار باکم نیە »
« لەت لەتم کەن بمکوژن هێشتا ئەلێم کوردم ئەمن »
کوردم‌و کوردیکی مەردم هەربەسەربەستی ئەژیم
خاکی کوردستانی خۆم نادەم بەجنات‌و النعیم
ئەی برادەر خوت‌ئەزانی چم‌ئەوێ و طالب بە چیم
« عاشقی چاوی کەژاڵ‌و گەردەنی پر خاڵ نیم
« عاشقی کێوو تەلان‌و بەندەن‌و بەردم ئەمن »
من کەسەربازی گەلی کوردم‌بەڕاستی پێت بڵێم
هەول ئەدەم بو میللەتم نابێ‌لەبەر دوژمن هەڵێم
پارە پارەم کەن لەڕێی سەختی ژیان هەر حەق ئەڵێم
« گەر لە برسانو لە بەربێ بەرگی ئەمرو ڕەق هەڵێم
نورکەری بیگانە ناکەم تالەسەر عەردم ئەمن »

* * *

- یانزە ئەستێرە کڕنۆش بۆ ڕۆژ ئەبەن -

دایە .. دایە .. بە
هەردوو چاوە کزە پیرۆزەکانت
... لەبەر (پێما) .. گوند
گوند .. شار .. شار ..
لە - ئاسیای - کۆنم بینی ..
لەم لاو ئەو لای نیگای چاوت
- ئەفریقایی - چۆل ... دەریا
بێ‌ماسی‌یەکانی - ئەوروپام -
دی .. بە تیشکی بلاوی
نیگاکان هیچ قوژبنی جیهان
نەما ... دووزی لە ئاسمانانا
نەمایەك - یەك وێنەکانی
نەگرم ... لە زۆر شوێنا
- شۆڕشم - دی هەڵواسرابوو
.. لەبێ ئاوی - ئەخلاقم -
ئەدی خنکابوو ... لە زور لا
- دڵسۆزی - قات‌بوو ...
بەلام دایە چاوەکانت کاتی
- گلێنەی - ڕژێنرا کوێربوو
لە سلێمانی - چوار چرا - لە
شت لەت لەت‌دا بەش‌کرا ..
کەچی ئێستا بە چاوە کوێرە
پیرۆزەکانت لەبەر - پێی -
تۆ - جیهانێکی ڕوون ئەبینم ..
جیهانی - من - ئاسمانێکی
گەش ئەبینم .. لە ماڵی خۆم
.. دراوسێم .. ئەم دیو ئەو
دیوی کۆڵان بەسەرمانا وەکو
خێرات بڕوای مرۆڤایەتی
بەش ئەکرێ ... با چاو

- کز - بێ ڤیتنام - فەلەستین
- مۆزەمبیق - ئەمەریکای
لاتینی - خوێن‌و شادەماری
لەشی گشت مرۆڤە - شۆڕشن-
گێڕی - دڵسۆزی - ئەخلاقی -
تەواو هێوێنی بڕواو سەربەستی
گشتە ... پیرۆزی بۆ ووشەی
بەتێن ...

عبداللە خضر

ئەرژایە سەر چەناگەم

ئیدی ئەم هۆنراوەیەی (دەهۆڵ لێدان) لە چاپی داهاتوودا خستە ناو (پەڵکە گیا)و بەم جۆرە هەر شتێکی تازەی هەبوایە بۆی زیاد ئەکردو زۆرجاریش لێی فڕێ ئەدا ·· و هەندێ لە ڕەخنەگرەکان لەو بڕوایەدان کە چاپی حەفتەمی (پەڵکە گیا) ١٨٨١ ـ ١٨٨٢ ز پۆپەی هەڵچوون‌و داهێنان‌و بەرچاو ڕوونی‌و بەپێتی شاعیریەتی (ویتمان)ە کەچی (ویتمان) خۆی چاپی نۆیەمی بەلاوە لە چاپەکانی پێشوو پوختەو ڕوختەترو پێگەیشتووترە ، هەروەکو لە پێشەکی چاپی نۆیەمدا کە دوا چاپی‌یەتی ئەڵێ: « لەبەر ئەوەی ئێستا زۆر چاپی ـ پەڵکە گیا ـ هەن‌و گەلێ دەق‌و گەلێ بەرواری جۆراو جۆریان تیایە ئەمەوێ بڵێم کە خۆم ئەم چاپە لە هەموو چاپەکانی‌تر پەسندتر ئەکەم‌و وەسیەتیش ئەکەم ئەگەر لەدوارۆژا چاپکرایەوە هەر بە پێی ئەم چاپە بێ کە لە ٤٣٨ لاپەڕەدایە ·· »

بێگومان وە نەبێ (پەڵکە گیا) لە خۆیەوە شین بووبێ‌و لە ناکاو سەری هەڵدابێ‌و زادەی کەم وەختێك یا معانانێکی سووك بێ بەڵکو پۆپەی نووسین‌، هۆنینەوەو هەوڵدانێکی زۆربوو کە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانا ئیشی ئەکردو ئەتوانین ئەم (٣٦) سی‌و شەش ساڵەی کە ئەکەونە پێش دەرچوونی یەکەم چاپی (پەڵکە گیا) بە ماوەی وەرگرتن‌و شیلە مژین‌و خەزن کردن‌و خۆئامادەکردن بۆ کەوتنە تاقی کردنەوەیەکی سەختەوە دابنێین ، جگە لەم خۆئامادەکردنەش بێگومان زۆر هاندەرو هۆو سەبارەتێك هەبوون کە لەودیو گەورەیی‌و تاقانەیی (پەڵکە گیا)دا ئەوەستان ، کە پیاو لەم دیوانەدا وورد ئەبێتەوە لە زۆر شوێنا دەریاو ئاو وزێ‌و گوڵ‌و وەنەوشەو گوڵە گەنم‌و قەنەفل‌و دارسێو دارتوو شاخ‌و داخ‌و قەسرو قسوورو ژن‌و پیاوی دارژاوی سەرشەقام‌و کەشتی‌و بەندەرو شتی وای بەرچاو ئەکەوێ کە بریتین لە تێکەڵ کردنی دیمەنی دەشت‌و شار ، لەگەڵ ئەم تێکەڵ کردنەشا دیمەنە وێنەکراوەکان زۆر جوان‌و تەبان چونکە نموونەی ڕەسەنی‌و ڕاستگۆیی شاعیرن کە ئەو کاتە لە بەینی پەرێزو کێڵگەو ڕەزەکانی (لۆنگ ئایلاندو) شەقامە پڕەکانی (بروکلین)دا ئەژیا ، کەواتە ژیانی دەشت‌و شارو دیمەنی ئەو ژیانە یەکێ بوو لەو هاندەرانەی کە سەلیقەی شیعریان بزواندو مۆرکی خۆیان لە نێوچەوانی شیعرەکانیدا ·· سەرەڕای ئەمەش ویتمان باوەڕی زۆری بە (توراس) هەیەو داوائەکا کە بەرێزو حورمەتەوە تەماشای ڕابووردوو بکەین کە گەنجینەی (توراسە) ئنجا بنێینە لاوە تا تیایا نەخنکێین‌و بتوانین خەڵکی شوێنی خۆمان‌و سەردەمی خۆمان بین ، ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی خوانەخواستە ڕابووردوو نرخی نەبێ بەڵکو لەبەر ئەوەی کە پەیام‌و ئەرکی شاعیر ئەوەیە وواقیع پیشان بدا خۆدیاریشە شاعیر ناتوانێ ڕابووردوو پیشان دان نەك گێڕانەوە ـ چونکە ڕابووردووەو بەسەرچووە ، هەر واقیعە کە تاکە باسێکی ڕەسەنی شاعیری ڕاستگۆبێت (ویتمان) چۆن ڕابووردوو نیشان بدات نەیستووە لە ڕابووردوو بخنکێین ئاوا پێشبینیلیشی نەکردووە ،

پاشماوەی : والت ویتمان ···

بگرە زۆر ڕای لە هۆمیرۆس‌و شەکسپیر بووە هەروەکو لە شوێنێکا باسی‌خۆی ئەگێڕێتەوە « حەزم ئەکرد لە سەر ڕیخی تیژا پێ بەغارەوە بنێم‌و خوتبەی هومیرۆس‌و شەکسپیر بۆ شەپۆلە سەخت‌و سەرکەشەکان بخوێنمەوە ·· » ·· جگە لەمەش ئەو کاتەی کە (ویتمان) تیا ئەژیا هەرەتی شانۆو دراماو ئۆپراو مۆسیقا بوو ، ویتمانیش زۆر مەراقی مۆسیقابوو ، وەك گوڵی بەر شەونم دڵی پێ ئەگەشایەوەو لە ناخەوە پێی ئەبزوا ، ڕەنگە ئەمەشیان شا هۆیەك بێ شان بە شانی هۆیەکانی تر کە وای لە (ویتمان) کرد قالبی کۆن بشکێنێ‌و زنجیرو کۆتی کێش‌و سەروای کۆن‌و جوراوەی لاسایی بپسێنێ‌و ڕێچکەیەکی تازە بگرێ لە شیعر هۆنینەوەدا کە گوێ ناداتە کێش‌و سەروای کۆن بەڵام لەگەڵ ئەوەشا لە ئاوازو کێشا خاڵی نییە ، شیعرەکانی لە ناخەوە ئاوازێکیان لێ‌هەڵئەقوڵێ کە بە ڕگوێ ئەکەوێ بەڵام وەك شیعرەکانی پێشو بە چاو نادیترێ ، هەروەکو دڵداری نیشتمان‌و خاك‌و وڵات هاندەرێکی‌تر بوو و (خۆی لە حزبی خاکی ئازاد بوو و دژی پەرەسەندنی دیلایەتی ئەجەنگا ·· جیمس میللەر) وەگری شۆڕش نانەوەی خۆش‌کرد :

بانگی من بۆ جەنگە ،
من ئاگری شۆڕش خۆش ئەکەم

بێگومان جەنگین‌و شۆڕش‌کردن دژی ڕژێمی بەندایەتی‌و چەوساندنەوەو زەتاندنی مرۆڤ ·· ئەمانەو گەلێ هۆو هاندەری تریش کاریگیان کرد کە (پەڵکە گیا) بەو شێوە بێتە کایەوە کە (ویتمان) توانی (بۆ یەکەم جار لە مێژوودا لێهاتنی‌شیعری نوێ تا ئەوپەڕی بەکاربێنێ)و ئەگەرچی چاپی یەکەمی وەك گوتمان شتێکی وای لێ‌نەفرۆشرا بەڵام لەچاپەکانی داهاتوودا ئەوەندە بەهەرمێن بوو کە بەبەر نەئەکەوت ·

(پەڵکە گیا) هەندێ شیعری جنسی بێ‌پەردەی تیایە ، کە ڕووکەشەکەی نەختێ بەگران ئەکەوێتە بەرچاو بەڵام ئەگەر بە قووڵی سەیری بکرێ گیانی دراماو هێزێکی قووڵتری لەم ڕووکەشە تیا ئەگەڕێ ، ئەم نیشانەیەش بووە هۆی ئەوە کە زۆر کەس لە دیوانەکەی بڕەوێتەوەو هەر جارێکی کە چاپیشی ئەکردەوە هەندێکی برادەری ئەدۆڕاند ، تەنانەت لەگەڵ (ئەمرسون) کە یەکەم هاندەری بوو لە سەرەتاوە ، کەوتە ململانەو قرەقرو حەفت‌و هەشتێکی زۆریان کرد ، بەڵام (ویتمان) لەسەر قسەو بڕوای خۆی نەهاتەخوارەوە ··

(ویتمان) وەك شاعیرێکی شاعیر لەگەڵ ئەوەشا کە لە دیوانەکەی‌دا داوای لەدایك بوونی شیعری ئەمریکی ئەکردو خەباتی بۆ ئەکرد بەڵام بە چاوێکی فراوان سەیری ئەکردو تەنگەبەری هەرێمایەتی نەیئەتوانێ بەسەریا زاڵ بێ یا ڕێگای پەل‌هاویشتنی لێ‌بگرێ و ئەو (من)ەی کە بە زۆری لە شیعرەکانیا دەرئەکەوێ منێکە لە ناخی خۆیەوە انطلاق ئەکاو هەر فراوان ئەبێ‌و لێك ئەکشێ تا گەلەکەی هەموو بەخۆیەوە هەڵئەگرێ و تەنانەت وای لێدێ مرۆڤایەتی هەموو تیا ئەناوێتەوە ، واتە (ویتمان) شاعیرێکی ڕاستگۆو ڕەسەن‌بوو گوزارشتی لەخۆی ئەدایەوە ، خۆی کە بەندەبەکات‌و شوێنێکی دیارەوە ، لەهەمان کاتیشەوە ئەم گوزارشت دانەوە بوو لە هەموو ئازاری هەموو مرۆڤێك کە لەم سەرزەمینەدا بژی ··

ڕاستت دەوێ ! شاعیری ڕاستەقینە ئەوەیە کە نموونەیەکی ڕەسەن‌و ئەمەکداری سەردەمەکەی خۆی‌بێ‌و بەیانی لە ئەمڕۆ داهاتوو لە ئێستادا پەروەردەبکات ، بەم جۆرە (ویتمان) ئەیەویست دەنگی ڕاستەقینەی سەردەمی خۆی بێت‌و بە زانست‌و دیموکراسیەتا بکەوێتە مەیدانی ژیانەوە بۆ ئەوەی بە زانستەکە ئەفسانەی مێردە زمووکەی ئاسیاو بە دیموکراسیەتەکە دێوی دەرەبەگایەتی ئەوروپا لە ناو بەرێت ، هەر بۆیەشە زۆر جار بە شاعیری زانست‌و دیموکراسیەت ناوی ئەبەن ، کە ئەم قسەیە ئەکرێ مانای وانی‌یە کە باسەکانی کەوتبنە ویزەی باسی ووشکی زانستییەوە بەڵکو ئەوەندە هەبوو لە ڕوانگەی زانستییەوە سەرنجی لەشت ئەدا هەڵوێستی خۆی دیار ئەکردو شیعرەکانی لە زەمینی واقیعەوە ئاوی ژیانیان هەڵئەمژی ··

(ئەلیوت)و (ئازرا پاوند) ئەگەرچی زۆرجار هێرشیان ئەبردە سەرو تانوتیان تێ‌ئەگرت بەڵام لەگەڵ ئەوەشا نەیانتوانیوە لە سێبەری (پەڵکە گیا)دا دوور بکەونەوە ، خو ئەگەر پیاو (گۆرانیەکان)ی (پاوند)و (چوار چوارینەکەی (ئەلیوت) بخوێنێتەوە لە (پەڵکە گیا)ش ووردبێتەوە زۆر بە چاکی ئەم تەئسیرانەی بۆ دەرئەکەوێ ··

شیعرەکانی (ویتمان) زۆربەیان دوورودرێژن و تەنها کەمێکیان شیعری کورتن‌و لەم کورتانەش هۆنراوەی (داپیرۆچکە ـ جالجالۆکە) لە هەموویان سەرکەوتووترە ، ئەم هۆنراوەیە دەدێرەو دوبەشە بەشی یەکەم وێنەیەکە و بەشی دووەم ڕەمزە : ـ « داپیرۆچکەی هێمن‌و حەفت پشوو » ·

داپیرۆچکەیەکی هێمن‌و
حەفت پشووم دی
بە تەنیا لەسەر تۆپکەیەکی
گچکۆکە هەڵنیشتبوو
دیتم شوێنی بە تاڵی دەوروو
بەری خۆی ئەدۆزیەوە
تاڵ تاڵ دەزووی ئەڕست‌و
دەزووەکەی لێ‌ئەهاتە دەرەوە
هەر داوەکانی کۆئەکردەوەو
تەونەکەی ئەچنیو
ماندوو بوونی نەئەزانی
ئەی نەفسی من تۆ لە کوێ
وەستاوی ؟
دەریا جێگایەکی بێ‌پەی‌و
سنوورت لە دەورەیە
هەر لە وورد بوونەوەو
کرانەوەو هەڵفڕینای
لە هەندێ شوێن ئەگەڕێی
تا لێکیان ببەستیتەوە
بۆ دروست‌کردنی ئەو پەردەی
کە پێویستت پێ‌دەبێ
بۆ ئەوەی ئەم داوەی کە
دەبهاوێی
لە شوێنێکا گیربێ !!
ئەی نەفسەکەم

پاشماوەی : کیفی ··

بۆکورتە باسەکانی ژمارەکەی سەرنجێکی بدابایە سەرچاوەی شیعرەکان ئەوا زۆر دوور دەکەوتەوە لە بەسەرچوون لە مانالێدانەوەو مەبەست دەربڕینی شیعرەکان · ئەگەر ! ڕێزو سڵاومان بۆ کاکە ئەردەلان ·

کەریم شارەزا

(١) دیوانی حاجی قادری کۆیی چ ٣ ل ٤٨ ·

(٢) ص غ ی ر = صغیر ·
٩٠ + ١٠٠٠ + ١٠ + ٢٠٠ = ١٣٠٠ی کۆچی

پاشماوەی : پاش ٣٢ ساڵ جەنگ ····

وڵاتی خۆی ·· پاش حەوت ساڵ ئاوارەیی خووی داوەتەوە نووسین چ لە ڕووی ڕۆژنامەگەریەوە ·· چ لە ڕووی شیعرەوە ·· ئەهرینبورگ وەك زۆربەی نوسەران‌و شاعیرە ئازادو سەربەستەکانی جیهان هەستی بە مەترسی سەرهەڵدانی فاشیزم کردووەو قەڵەمەکەی خستۆتە کار بۆ دوژمنایەتی کردنی ئەم بیروباوەڕە ··

لە ساڵی ١٩٣٦دا لە ئەڵەمانیا شەڕی ئەهلی ئەسپانیای بەرپاکردوە ·· ئەهرینبورگ تەنیا بە قەڵەم بەرگری لە ئەسپانیا نەکردوە· بەڵکو چۆتە ئەسپانیاو شان بەشانی نووسەری بەناوبانگی ئەمەریکا (ئارنست همنگوای) ڕۆژو مانگی خۆی لە سەنگەرو ئۆردوگاکاندا بەسەربردوە ·· بەرهەمی ڕەنجی تێکۆشانی ئەهرینبورگ لەم بەشداریەیدا ڕێزلێ‌گرتنی گەلی ئەسپانیاو هەموو گەلانی تری جیهان بووە ·· یەکێتی سۆڤیەت نیشانەی ئەستێرەی سووری پێ‌بەخشیوە ·· پاش تەواو بوونی ئەم شەڕە گەڕاوەتەوە پاریس لە کاتی هێرش بردنەکەی سوپای هتلەر بۆ سەر پاریس ئەهرینبورگ دەورێکی باڵای دیوە لەم ڕووداوانەدا ·· وەتوانیویەتی کارەسانەکەی پاریس لە کتێبێکدا کۆبکاتەوە بەناوی (ڕووخانی فەڕەنسا) ·· کە سوپای هتلەر ڕووی کردۆتە یەکێتی سۆڤیەت ·· ئیلیا ئەهرینبورگ بە پەلە گەڕاوەتەوە سۆڤیەت‌و شان بەشانی نەتەوەکەی لەم ئەشکەنجەیدا وەستاوە ·

شێوەی ئەم خەباتەی ئەهرینبورگ هەڵگرتنی (چاپخانەیەکی بچووك) لەگەڵ جانتایەکی پڕ کاغەز بووە ·

ئەو کاتەی ئیش‌وکاری ڕۆژانەی تەواو بووە ، دەستی داوەتە شیعر نووسین‌و هەتا بەرهەمی دووەمی لە ڕۆژانی شەڕدا بڵاوکردۆتەوە بەناوی (ئەمانەت‌و سەربەستی) ·

هەر لەسەر ئەم تێکۆشان‌و وورەبەرزیانەی ئەهرینبورگ بوو دەوڵەتی سۆڤیەت بەرزترین ئەستێرەی پێ‌بەخشی کە ئەستێرەی (لینین) بوو · وە لە دوایی‌دا هەڵبژێردرا بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی بەرزی یەکێتی سۆڤیەت ·

ئەهرینبورگ لە کاتی حوکمڕانی ستالین‌و خرۆشۆف کەوتۆتە شەڕە قسەو ڕەخنەگرتن لە سەرکردەکانی سۆڤیەت‌و حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت ، ئەمەش زۆر بە ئاشکرایی لە چیرۆکەکانی (توانەوەی بەفر) و (بەهار)دا دەردەکەوێ ··

خرۆشۆف لەسەر ئەم ئازایەتی‌یەی ئەهرینبورگ بە توندترین شێوە لێی دواوەو بە (تێکدەری هۆشیاری‌و ژەهراوی‌کردنی بیری لاوەکانی) داناوە· هەروەها جێی ڕەخنەی زۆربەی نووسەرە کۆمۆنیستەکانی جیهان بوە کە گوایە لە مەسەلەی شۆڕش نەیەشتووەو ئەیەوێ‌بیری بورژوازی خۆی بڵاوبکاتەوە ·

پاشماوەی : ئیلیا ···

نێوان ڤیێتنامی سەروو ڤیێتنامی خواروو ·

بەشی پازدەهەم :

بە شێوەیەکی ئاشتیانە ڕێگەی یەکگرتنی ڤیێتنام ئەگیرێتە بەرو بۆ ئەم مەبەستە هەردو لایەنەکەی ڤیێتنام گفتوگۆ ئەکەن‌و نابێ کەس دەست بخاتە کاروباریانەوەو هیچ لایەنێکیان بۆی نیە خاکی ئەوی تر داگیر بکا ·

وە هێڵی حەڤدەی پانی ، حاڵی حازر وەکو هێڵی تەقە ڕاوەستاندن ئەناسرێ‌و ئەمە شتێکی یەکجاری‌و سیاسی نیە وەکو لە ڕێکەوتنەکانی ١٩٥٤ی جنێڤدا هاتوە · بەڵکو لەگەڵ یەکگرتنەوەی ڤیێتنامدا ئیتر ئیشی پێ ناکرێ ·

سەرو و خوارووی ڤیێتنام پەیمان ئەدەن کە توخنی ناوچەی چەك لێ‌داماڵراو نەکەون‌و هێڵی وەختی تەقە ڕاوەستاندنیش نەشکێنن ·

ڤیێتنامی دیموکراتی‌و ڤیێتنامی خوارو گفتوگۆی بە پەلە ئەکەن بۆ گێڕانەوەی پەیوەندیەکانی نێوانیان بۆ ڕادەیەکی ئاسایی‌و بە هەمو ڕویەکەوە بەتایبەتی چارەسەرکردنی گیروگرفتی هاتوچۆی هاووڵاتیەکان لەم بەرو ئەوبەری هێڵی وەختی ڕاوەستاندنی تەقە ·

ڤیێتنامی دیموکراتی‌و ڤیێتنامی خوارو پەیمان ئەدەن کە نەچنە هیچ پەیمانێکی سوپاییەوەو ڕێگا نادەن هیچ دەوڵەتێکی بێگانە بنکەی سوپایی لە وڵاتەکانیانا دامەزرێنێ هەروەها ڕێگا نادەن کە ڕاوێژکەرو فەرمانبەری سوپایی بێگانە بێتە وڵاتەکانیانەوە · ئەمەش بەپێی بەندەکانی ڕێکەوتنەکانی ساڵی ١٩٥٤ی جنێڤ ·

بابەتی شەشەم :

لیژنە سوپاییە تێکەڵاوەکان‌و لیژنەی چاودێری کردنی دەوڵەتان

بەشی شازدەهەم :

لیژنەیەکی سوپایی لە نوێنەرانی چوار لایەنەکە پێك ئەهێنرێ‌و بەپێی بنەڕەتەکانی ڕاوێژکردن‌و گشتی دەنگ‌و ڕێزگرتنی ئوسولی سوپایی ئەجوڵێنەوە بۆ جێ‌بەجێ کردنی بەندەکانی ڕێکەوتنەکە ، وە ئەم لیژنەیە پاش ٦٠ ڕۆژ لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی‌و بەرەڵا کردنی دیلەکان هەڵئەوەشێنرێتەوە ·

بەشی حەڤدەهەم :

لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەم ڕێکەوتنەدا حکومەتی سایگۆن‌و حکومەتی شۆڕشگێڕی کاتی ڤیێتنامی خوارو لیژنەیەی سوپایی تێکەڵاو دائەمەزرێنن بۆ جێ‌بەجێ کردنی بەشە سوپاییەکانی ئەم ڕێکەوتنە ·

بەشی هەژدەهەم :

لیژنەیەك لە دەوڵەتان پێك دێت بۆ چاودێری کردنی سەرپەرشتی کردن لە دوای مۆرکردنی پەیمانەکە لە کەنەداو ئەندونیسیاو پۆڵۆنیا و ئەم لیژنەیە دەست بە کۆبونەوەو ڕاوێژکردنی خۆی ئەکات ، وە لە پاش هەڵبژاردنی گشتی‌و دامەزراندنی حکومەتێك لە ڤیێتنامی خواروودا ئەم لیژنەیە ئەبێ هەمو فەرمانێکی ئەو حکومەتە جێ‌بەجێ بکا ·

بەشی نۆزدەهەم :

هەردولا پێك هاتن لەسەر بەستنی کۆڕێکی فراوان لەپاش (٣٠) ڕۆژ بۆدانان بەو ڕێکەوتنانەی کە بڵاوکرانەوەو جێ‌گیرکردنی ئاشتی لە ڤیێتنامداو دانان بە مافی گەلی ڤیێتنامی خوارو لە بڕیاردانی چارەنوسی خۆیداو هاوبەشی‌کردنی لە ئاسایشی هیندی‌چینی هەروەها بێجگە لەم‌چوار لایەنە کەچین ، فەرەنسا ، یەکێتی سۆڤیەت‌و بەریتانیان ، نوێنەرانی لیژنەی چاودێری دەوڵەتان‌و باوەڕپێکراوی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکانیش تیا بەشداری ئەکەن ·

بەشی بیستەم :

هەردولا پەیمانی ئەوە ئەدەن کە ڕێزی ڕێکەوتنەکەی جنێڤی ساڵی ١٩٥٤ بگرن دەربارەی کەمبۆدیاو ڕێکەوتنەکانی جنێڤی ساڵی ١٩٦٢ دەربارەی لاوس کە دان ئەنێت بە هەمو مافێکی بنەڕەتی نەتەوایەتی گەلی کەمبۆدیا ولاوس لەسەربەستی‌و دەسەڵات داریێتی یەکبونی خاکی هەردولایان‌و ڕێزگرتنی هەردولا بە بێلایەنی کەمبۆدیاو لاوس ·

وە دەوڵەتانی بێگانە کۆتایی بە هەمو جوڵانەوەیەکی سوپایی لە کەمبۆدیاو لاوس ئەهێنن‌و هەمو هێزەکانیان‌و چەك‌و جبەخانەکانیان ئەکشێننەوەو بڕیار ئەدەن کە بەهیچ شێوەیەك هێرشی سوپایی نەکەنە سەر ئەم وڵاتانە ·

وە گیروگرفتەکانی ناوخۆی کەمبۆدیاو لاوس لە لایەن خەڵکی ئەم دو وڵاتەوە چارەسەر ئەکرێ بە بێ‌دەس‌درێژی هیچ لایەنێکی بێگانە ·

هەروەها پێویستە گیروگرفتەکانی دەوڵەتانی هیندی چینی لەسەر بنەڕەتی‌ڕێزگرتنی سەربەخۆیی‌و دەسەڵات‌و ئازادی خاکی ئەم وڵاتانەو دەست نەخستنە کاروباریانەوە چارەسەربکرێ ·

بابەتی هەشتەم :

پەیوەندیەکانی نێوان ئەمەریکاو کۆماری ڤیێتنامی دیموکراتی ·

بەشی بیست‌و یەکەم :

ئەمەریکا چاوەڕوانی ئەوە ئەکا کە ئەم ڕێکەوتنە ببێتە هۆی کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە نێوان ئەمەریکاو ڤیێتنامی دیموکراتی‌و لەگەڵ هەمو گەلانی هیندی چینیدا ، هەروەها ئەمەریکا بەشداری ئەکا لە ساڕێژکردنی برینەکانی جەنگ‌و دروست‌کردنەوەی ڤیێتنام ·

بەشی بیست‌و دوهەم :

کۆتایی پێ‌هێنانی جەنگ‌و جێ‌گیرکردنی ئاشتی‌و جێ‌بەجێ کردنی تەواوی ڕێکەوتنەکە ئەبنە هۆی بەستنی پەیوەندی نوێ لە نێوان ئەمەریکاو ڤیێتنامی دیموکراتی لەسەر بنەڕەتی یەکسانی‌و قازانجی وەکو یەك هەروەها ئەبنە هۆی جێ‌گیرکردنی ئاشتی لەڤیێتنام‌و هیندی چینی‌و خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ·

بابەتی نۆهەم :

چەند بەندێکی هەمەجۆر :

لەگەڵ مۆرکردنی ئەم پەیمانە لەلایەن نوێنەرانی لایەنەکانی کۆڕەکەی پاریسەوە ئەبێ بەندەکانی‌و هەمو پرۆ تۆکۆلەکانی بە تەواوی‌و بە وردی جێ‌بەجێ بکەن ·

لە ٢٧ی کانونی دووەمی ١٩٧٣دا ئەم ڕێکەوتنە بە زمانی ڤیێتنامی‌و ئینگلیزی لە پاریس نوسرا ·

پاشماوەی : لاپەڕەیەکی ··

بەسەر جووتیاراندا دابەش نەکرا و لەڕاستی‌دا خاوەن ملکەکان ئیمتیازەکانی خۆیان هەر پاراستبوو · لەوبارەوە حکومەتی میللی ئازەربایجان زۆر لەکۆماری کوردستان لەپێشتر بوو·دیارە حکومەتی نیشتمانی کوردستان جارێ جێ‌پێی خۆی قایم نەکردبوو و لەگەڵ کۆنەپەرستی ئێرانیش لەشەڕدا بوو ،و بۆ ڕاپەڕینێکی بەجاری بێ‌هێز و ساوابوو ، شەڕکردن لەگەڵ ئەرتەشێکی دەوڵەتی و [illegible] [illegible] نی دەرەبەگ و [illegible] مەکی ناوخۆیی کاریگەری [illegible] سان نەبوو ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەنگاونەنان بۆ باشترکردنی ژیانی جووتیاران و ڕانەگەیاندنی متمانە و دڵنیایی چینی چەوساوە بەکەم‌و کورتیەکی بەرچاوی ئەوڕاپەڕینە دادەنرێ ·

ـ ماوەیەتی ـ

پاشماوەی : سەرنجێك لە مێژوو

ڕەوایی بکات ·· ئەم میرە چوار وڵاتی کوڕی لەپاش خۆی بە جێماوە (محمد ، حسین ، ڕستم ، سلیمان) وە میر ابراهیم سێ کوڕی لەپاش خۆی بە جێماوە شێخ ، ئەمیر ، میر سلیمان) لە دوای کوشتنی باوکیان حاجی شێخ وڵاتەکە بەجێ ئەهێڵێ‌و ڕوو ئەکاتە ئێران بۆ لای تەهماسپی سەفەوی ، بەڵام تەهماسپ هیچ یارمەتیەکی نەدواە ، پاشان تەڕاوەتەوە کوردستان کە ئەیشنۆتە ناوچەی (دیالی) ئێستا (ئەمیر عزەدین) ئەکوژێ کە برای میر سلیمان ئەبێت وە خەڵکێکی کەم لەم ناوچە لە خۆی کۆ ئەکاتەوەو لە دوای مردنی میر سلیمان هەموو وڵاتی بابان داگیر ئەکات وە ئەبێت بە میری وڵاتی بابان ··

بەڵام لەم کاتەدا میر حسین کوڕی میر سلیمان پەنا ئەباتە بەر شا تەهماسپ ، ئەویش یارمەتی ئەدات بە هۆی وتی (دینەوەر)ەوە (چراغ سلطان استاغلو)وە بۆ دووەم جار بەهۆی والی هەمەدانەوە یارمەتی ئەدات بەڵام ئەم جارەیان یارمەتیەکانی بە فیرۆ ئەڕوات‌و هیچی لەگەڵ حاجی شێخدا بۆ ناکرێ ·

بۆ جاری سێیەم لەشکرێکی زۆر کۆئەکاتەوە لەگەڵ عبداللە خان وە ئەیانەوێ بچنە سەر حاجی شێخ ، تا لەم کاتەدا باوکی شەرەف خانی بەتلیسیان لەگەڵا ئەبێت ، حاجی شێخ بەبێ یارمەتی هیچ یەکێک لە میرەکانی کورد بەرەنگاری ئەو هێزە زۆرە ئەبێت پشت‌و توانای حاجی شێخ ، ئەو سوارە کوردانە بوون کە هێزی لەشکری بابانیان پێک ئەهێنا ·· ئەم لەشکرە توانی هێزە زۆرەکەی (قزلباشەکان) بشکێنێ‌و نەهێڵێ جارێکی تر چاو ببڕنە وڵاتی ئەم ڕۆڵە نەبەردانە ··

دوایی شا تەهماسب ئەمیر حسینی گرت لەگەڵ دوو برای وە لە قەڵایەکا حەپسی کردن ·

کە سەیری ئەم ڕووداوانە ئەکەین ئەبینین ئەوەی خزمەتی بێگانە ئەکاو ئەبێت بە نۆکەری هەرچەند خۆی بۆ هیلاک بکاو ڕۆڵەی وڵاتەکەی بۆ بدا بەکوشت کە کاری پێ نەما ، ئیتر پشتی تێ ئەکاو بگرە وەک ئەمیر حسەینی لێ ئەکات کە ئەوە پاداشتی خۆ بەکوشتن دانی دا گرتی‌و خستینە بەندیخانەوە لەگەڵ ئەوەشا کە خوێنی چەندەها وڵاتی خۆی بۆ بەکوشت داو وڵاتەکەی بۆ ئەو کرد بە گۆماوی خوێن ، بەڵام سەد ئافەرین بۆ پێشینان کە گووتویانە (سەد ساڵ بکەی بێگانە پەرستی ئاخری هەر ئەهێنی نوشوستی) ·

کەسوڵتان سلێمان بەغدای گرت لە ساڵی ٩٤١دا حاجی شێخ ویستی بچێت بۆ لای لە نزیك (مەرگە) کە خەڵکی ئەو ناوە دوژمنی بوون لەکاتی نوێژ کردندا کوشتیان ·· ئەم دوو کوڕی هەبوو (بۆداق‌و صارم) بۆداق بوو بە فەرمان ڕەوای بابان ئەم میرە نزیکەی ١٦ ساڵ فەرمان ڕەوایی کردو هیچ ئاڵۆزیەکی لە وڵاتەکەدا نەهێشت‌و دەستی کرد بە ئاوەدان کردنەوەی وڵاتەکە کە لەم چەند ساڵانەدا بە هۆی شەڕو شۆڕی ناوخۆوە تێک چوو بوو ، بەڵام دوایی بەینێک دوژمنانی کورد نەیان ویست کوردستان بەبێ ئاژاوە بێت ·· بۆیە پیاوانی هەڵپەرست دەستیان کرد بە درۆ هەڵبەستن‌و حسین بەگیان هاندا کە داوای وڵاتی بابان بکا ، ئەمیش دەستی کرد بە ئاژاوە نانەوە ، وە بە هۆی ئەمیری ئامێدیەوە یارمەتی لە سوڵتان سلێمان وەرگرت بۆ ئەم مەبەستە ·

لێرەدا ئەبینین کە سوڵتان سلێمان خۆی میر (بۆداق)ی دانا بۆ فەرمان ڕەوایی بابان کەچی هەر خۆیشی یارمەتی حسین بەگی‌داو سوپای دایێ بۆ ئاژاوە نانەوە ، بۆ ئەوەی خۆیان لەناو یەکدا بکەونە یەکتری‌و ببن بە دوژمن وەتوانای یەکێتیان نەمێنێ ، چونکە ئەوەیان لەلا ڕوون‌و ئاشکرا بووە ئەگەر هێزەکانی کورد یەکگرتوو بێت وە دوژمنایەتی یان لەناوا نەمێنێت ، لەشکری ئەوان خۆی لەبەر هێزی کورددا ناگرێت‌و ئەوسا ئەتوانن بە هێزی یەکگرتوی خۆیان کوردستان یەک بخەن‌و داگیر کەری لێ دوور خەنەوە ·

کە بۆداق بەگ ـ زانی ئەم شەڕو شۆڕە کەلکی نیەو خۆی بۆ ناگیرێت لەبەر ئەوە لەشکرە زۆرەی عوسمانیودا بۆیە ناچار هەڵات بۆ ئێران ·· لەپاش ئەم ماوەیە (ڕستم پاشای سەدرلئەعزەم) ئەنێرێ بە شوێنیاو ئەیکەنەوە بە فەرمان ڕەوای بابان‌و دیاریەکی زۆری پێشکەش ئەکەن ·

حسین بەگ کە ئەمە ئەزانێت لەشکرێکی هەشت هەزار کەسی لە (ڕابیەی بۆلاق) کۆئەکاتەوە بەڵام ئەم لەشکرەی حسەین بەگ زۆر خراپ ئەشکێت‌و خۆی ڕائەکات بۆ ئەستەمبول · بەم جۆرە ئەبینین داگیر کەران هەمیشە هەوڵی ئەوەیان داوە کە کوردستان بەبێ ئاژاوە نەمێنێتەوە ·· بۆیە ئەمجارەش لە حسین بەگ خۆش بوون‌و ناردیانەوە بۆ وڵاتی بابان کە بە هاوبەشی لەگەڵ میر بۆداق فەرمان ڕەوایی بکەن ·· بێگومان ئەم هاوبەشیەش هەرگیز ناگونجێ بۆیە باش [illegible] شەڕ هەڵگیرسایەوە حسین بەگ لەم شەڕەدا لەگەڵ ڕستم کە برای کوژرا · و ئەم کارەی بۆداق بەگ (بەڵکە خزمەتی وڵات‌و لەناوبردنی دەستەکەی سوڵتانی عوسمانی بوو ·) بوە هۆی تورە بوونی سوڵتان ·· بۆیە فەرمانی دابە فەرمان ڕەوا کوردەکانی دراوسێ کە بچن بە گژیا ئەمانیش خێرا لەشکریان پێک هێنا بۆ ژێر دەست کردنی ئەو [illegible] ئازادکراوەی کوردستان ··

(ماوەیەتی)

بەرمایێ : بچیکی ···

فەندو بکاو ئینانا ژیری (٤) ژیرەکی‌و هاریکرنا هەڤالا ··· ژبای چەند بەهرێت تر ، ستراتیت وان ژی دسەڤکن‌و دخوشن داکو بشێن هەر ئێك ژوان سفك بێژیت وژبەرهزبکەت · ئێك ژوان سترانا وەکی :

حیبایێ ، حیبایێ(١)
کولیلکا دونایێ
بەژنا شێرەغایێ
شێرەغا بلبلە
سەر تایێ حیلە
میسل دەربوو دەربوو
دکەسکەسوری وەربوو
کەسکەسورا تاری
خوهاڤیتە ڕۆباری
ڕۆباری مە نی یە
ڕۆباری کەکویە
کەکۆ تو بخۆدێ کەی
سلاڤا لەمن کەی
مەێ چویە سیکێ
بکریت جاکێت بیکێ
بیکا مە ترکانە
سەربەرەکێ پانە
ئەوبەرێ کەلاشتی
شێرەك تێڤە کوشتی
شێرێ ئاکە هاکە
دەستو بێ بشەحاکە

ئەو پارچەك بوو [illegible] سترانێ ئەوا بچیك [illegible] دیاریەکێ دا [illegible] خوێن بدەنگەکێ نەرم‌و [illegible] کودەهێنە گرتن مرۆڤ [illegible] حەس دکەت گوهێ خوبدەتێ ·

(١) ئەزێ بەرپسیار نینم دڤان پارچادا ئەگەر کێماسیا هەبیت چونکو فولکلۆری کوورە

نەوزاد زێباری

خویەکی زیان بەخش

سەیری ئەو هەموو دووکەڵە بکەن چ سێبەرێکی لەسەر دەموچاوی ئەو جگەرە کێشە دروست کردووە ، بیر لەوە بکەنەوە ئەو هەموو دووکەڵە لەبریتی ئۆکسجین و هەوای پاك ئەچێتە سییەکانی جگەرە کێشەوەو لەجیاتی خوێن پاك بکاتەوە ئەوەندەی تر پیس و ڕەشی ئەکات .

بزانن چەند دکتۆرو لیژنەی بەرزی پزیشکان وتویانە بەشی هەرە زۆری نەخۆشی سەرەتان لە جگەرە کیشانەوە پەیدا ئەبێت .

ئەمە جگە لەزیانی تروپارەو پول بەفیرۆ چونو گیرفان گرتنو هەندانی کەسی تریش بۆ فێر بونی ئەم خووە خراپە .

هەرچەندە جگەرە کیشان خووە ئەشبێت بە ئیدمان بەڵام واز لێهینانی با نەختێکیش گران بێت هەر بەندە بە ئیرادەی مرۆڤەوە ، گەلێك کەس ئازایانە وازیان لێهێناوەو خۆیان لەم خووە زیان بەخشە ڕزگار کردووە .

بۆ خۆ ڕزگار کردنیش گەلێك کەس پێشنیازی جۆراو جۆریان کردووە ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن .

١ - یەکسەر بڕیار بدە وازی لێ بهێنیت و جگەرەو شخارتەکەت فڕێ بدە .

٢ - هەرچەندە حەزت لەجگەرە کرد دەنکێ نوقول یاچکلێتی خوش بخۆ .

٣ - ڕۆژی ماوەیەکی باش بەپێ بگەری .

٤ - مەچۆرە ئەو جێگایانەی جگەرکێشیان زۆرتێدایە .

٥ - هەمیشە بیر لەوە بکەرەوە ئەوانەی لەخۆت بچوکترن لە ماڵا وەکو براو خۆشك و کچو کور فێری جگەرە کیشان نەبن کە ئەوەش هەر بەوە ئەبێت جگەرەکیشی لەماڵا نەبێت

● چاوکردنی ئەمانە و هەندێ شتی تر ئەبنە هوی یاریدەدانی جگەرە کێش کەخۆی لەم بەڵا ناخۆشە دوربخاتەوە

هەرچارەی نوسینێک ●●●

دەربارەی ، باری شێواوی ئەدەبەکەمان !

● ئەگەر درۆ لەگەڵ خومانانەکەین ، لە زۆر لاوە ، باری ژیانی هونەریی و ئەدەبیمان شێواوە ، لە هەمویان شێواوتر لای « ڕەخنەگریەکەیەتی ! » ..

فەرمون ، شتێکی سەرتان بۆ بگێرمەوە :

● برادەرێکم پێی وتم :

- فلانە ئەدیبی هاوڕێم ، ساڵ و نیویکە قسەم لەگەڵ ناکا .

- بۆچی ؟!

- چونکە کە یەکەم بەرهەمی ئەدەبی چاپ کرد ، ڕەخنەم لێ گرت ، ڕەخنەم بۆ ئەوەلێ نەگرت زویری بکەم ، من مەبەستم بەرهەمە ئەدەبیەکەی بو !

● من بێ گومانم ، ئەگەر لەجیاتی « ڕەخنە لێ گرتن » .. « پیاهەڵدانی بۆ بنوسیبایە » مەسەلەکە بە پێچەوانەوە ئەبو !

● هەرچی تائیستە ، بەناوی ڕەخنەوە لەلای ئێمە نوسراوە « بەشێکی زۆر کەمی نەبێت » نەیتوانیوە لە تاسیری « هاوڕێیەتی » و « زویرنەکردنی فلان و فیسار » دەرچێ .

- کەواتە لە فەرهەنگی ڕەخنەدا هەمویان بکوژێننەوە!

● کێ ئەتوانێ بڵێ من کە پێنوسەکەم گرتوە بەدەستەوە بۆ ڕەخنە ، حسابم بۆ گەورەو بچوکی » و « هاوڕێیەتی » نەکردوە ئەوسا ، مەسەلەئەدەبیەکە ؟!.

- کەس ، وەکەس و ... هیچ کەس ..

● ئێمە ڕەخنەمان بەمانای ڕەخنە نیە !!

شتێکی ترتان بۆ بگێرمەوە:

● شاعیرێکی تر ، بەناوێکی ترەوە ، خۆی پیاهەڵدانیێکی لەسەر شیعرەکانی خۆی نوسی دوایی ، لەناو نوسەران و شاعیرانا ، بو بەبێنەو بەرە « ئەم ڕەخنەگرە کێیە ؟! » .. گەڕان .. گەڕان ، نەبو ...

چونکە .. شاعیرەکە خۆی بو !!

- ئەمەش مانایەکی تری خوم شێواوی یە لە ئەدەبی کوردیا ، جا بۆچی وابێ ؟!

● جاران ، لەسەدەکانی هەژدەو نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەما ، لەلای ئێمەنا ، بەڵکو لە ئەوروپاو لەناو عەرەبەکانا ، لەقەبی « ئەمیری شاعیرەکان » و ناوی بەم جۆرە ئەدرا بە شاعیرێك .. « ئەمیری شاعیرەکان » وەکو هەموو شاعیرەکانی تر لەدوای ئەو .. دەستو پێوەندی « ئەمیر » بن و لەسایەی ئەودا شیعر بڵێن ..

● بەلامەوە سەیرە ، نیستەلەلای ئێمە ، هەندێ « کەم بین » تازە هەوڵی « ئەو گەڕانەوەیە » بدات و هەوڵ بدات لەبەر هەر هویەکی تەسك بینی ئەولەقەبە بەجۆرێکی تر بڵێتەوە ، بۆ نمونە لەناو کۆڕێکا ئەوەستێ و ئەڵێ (فلانە شاعیر لەپێشەوەی هەمو شاعیرەکانی ئەمرۆمانەوەیە !!) هەروەکو قسەکەی کۆن ، شاعیرەکانی تر بەدوای ئەوا یان لەسایەی ئەوا شیعر ئەڵێن ، ئەوەی ئەوئەیبینێ شاعیرەکانی تر نایبینن .. !

● من لەو باوەڕەدام ، ڕۆژی ئەو قسە « دەرەبەگایەتیە » نەماوە ، وە من دڵنیام ئەو شاعیرەی خاوەنی دەنگی خۆی نەبێ شاعیر نیە ، وە ناگونجێ تەنیا شاعیرێکیش خاوەنی دەنگی خۆی بێ ، هەر شاعیرێکیش لەپشت یەکێکی ترەوە ڕۆشت ، شاعیر نیە !! ڕەنگە ئەوە هەبێ ئاسۆی بیر کردنەوەی شاعیرێك و توانای دەربڕین و داهێنانی جوانی شاعیرێك لە یەکێکی تر بەهێزتر بێ و باشتر بێ ، بەڵام هەرگیز ئەمە مانای بڕیاردان نیە بەوە لە « پێشەوە » ی شاعیرەکانەوە بێ و هەموو ئەوانی تر لەدوایەوە بڕۆن ، ئەو شاعیرانەی ئەمرۆ هەن و بەردەوامن لەبەرهەم دان ، ئەمرۆ نە ، بەڵکو دوارۆژێکی دور ساغی ئەکاتەوە کە چەندیان « نەك کامیان » سەرکەوتوئەبن !!

● **شتی تریش لەم بارەیەوەزۆرە ، هەڵیان ئەگرین بۆ جارێکی تر ..**

« بەهرە »

ئاهەنگی قوتابخانەی ئامادەیی کچان لەسلێمانی

لەڕۆژانی ٢٢و ٢٣ی مانگی شوباتدا ، لە سەر شانۆی قوتابخانەی ئامادەیی کوڕان ، لەلایەن تیپی نواندن و موسیقاو هەڵپەرکێی قوتابخانەی ئامادەیی کچانی سلەیمانیەوە ئاهەنگێك گێڕدرا ، پاش کردنەوەی ئاهەنگەکەو وتاری پاریزگاری سلەیمانی و بەڕێوەبەری قوتابخانەکەو یەکێتی قوتابیانی کوردستان چەند گۆرانیەك لەلایەن خوشکە قوتابیەکانەوە پێشکەش کرا کەبریتی بون لەم خوشکانە : نازەنین علی عبداللە ، سزا کریم ، کیسیا محمد سعید ئاراس احمد طە .

ئینجا ئوپەریتی گوڵی خوێناوی لەنوسینی گۆران و دەرهێنانی مامۆستا بەدیعە دارتاش پێشکەش کراوەقوتابی خدیجە جەمال ئەحمەد فهمی ئاوازێکی موسیقای پێشکەش کردو دوای ئەوەش چیرۆکی شانۆیی (پەیکەر) لەنوسینی (بولا برولا) ی گۆڕینی ڕوءوف حسەن و دەرهێنانی مامۆستا بەدیعە دارتاش پێش کەش کرا .

لە پەیامنێری - هاوکاری - یەوە لە سلەیمانی

یەکیتی
ئامادەکردنی ڕەوا

● یەکیتی گەل ، هەمیشە بەردی بناغەی سەرکەوتنە پێش کەوتنی هەموو گەلانی شۆڕشگیر بوە ، هەر بەهوی ئەم یەکێتیەوە سەربەخۆیی و ئازادی و بەختیاری بەدیهاتوە .

● لەساڵی ١٩٧٢دا « حکومەتی یەکیتی گەل » لەشیلی دەستی گرت بەسەر ٢١٠٧ پارچە زەوی دەرەبەگەکاندا کە پانای یەکەی ٣١٨ هیکتار - دونمە - ، وە دامەزراوە پیشەسازیەکانی کەرتی دەوڵەت « قطاع الدولە » زۆربون و فراوان کراون کە ئەمە بۆتە هۆی بەرزبونەوەی باری ئابوری . وە دەوڵەت یارمەتی ١٤٦ دامەزراوی داوە ، بۆ فراوان کردنیان کە لە ٢٠٪ بەرهەمی پیشەسازی شیلی ئەگرێتەوە . وەلە ٨٠٪ هەموو پیشەسازیەکانی وڵات ئەکات .

● دیسان لە ساڵی ١٩٧٢دا دەوڵەتی یەکیتی گەل توانی هەموو بانقەکان بخاتە ژێر چاودێری خۆیەوەو لە ٩٥٪ی بانقەکان و لە ٩٦٪ی هەموو کاروبارێکی تری دارایی لەوڵاتا خۆماڵی کرد . وە هەرلەم ساڵەدا نۆ هەزار کاری بەرهەمهێنەر « العمل المنتج » لە هەمو دامەزراوەکانی کەرتی دەوڵەتدا مسۆگەرکراوە .

● ئەم هەموو سەرکەوتنانە بەدی هاتون ، سەرەرای ئەو ئاژاوە نانەوەی هێزە ڕەشەکانی ئیستخباراتی مەرکەزی » بەیارمەتی دەربەگ و کومپرادۆرو نۆکەرەکانیان لەشیلی ئەیگێڕن بۆ ئەوەی سەر لە حکومەتی یەکێتی گەل بشێوێنن کە نەتوانێ بەرنامەی بەرزکردنەوەی رادەی ژیانی گەلی شیلی بەدی بهێنێ .



ئەم وێنەیە

منال ، زۆر جار ئارەزوی ئەوە ئەکات ئاڕێکی لە خۆی گەورەتر بکات ، یان لە بەکار هێنانی هەندێ شتا ، لاسایی لە خۆی گەورەتر بکاتەوە ، تەنیا ئارەزوە ، بۆ خۆ تاقی کردنەوە ، لەوانەشە هەنگاوێك بێ بۆ هەڵگرتنی قورسایی یەکی گەورەتر لەتوانای خۆی ....

ئەم منالە ، جوتێ پێلاوی زور گەورەی لە پێ کردوە ، لەوە ئەچێت ئارەزوی تاقی کردنەوە بێت ... بوخۆ پێش خستن !

• گۆڤاری بۆپێشەوە
• کوڕی یەکیتی نوسەرانی کورد

ژمارەی یەکی ساڵی یەکەمی گۆڤاری « بۆ پێشەوە » کە یەکیتی مامۆستایانی کوردستان لقی هەولێر دەری ئەکات کەوتە بازارەوە .

ئەم ژمارەیە ، بەشێوەیەکی قەشەنگ ڕازاوەتەوەو گەلێ باسی بەکەڵکی پەروەردەو زانیاری و ئەدەبی و هونەری تیایەو ژمارەیەك لە نووسەر و ڕۆشنبیرەکانی کورد بەشداری نوسینیان کردوە .

دانەیەك لەم ژمارەیە گەیشتوە بە ڕۆژنامەکەمان زۆر سوپاسی هەڵسوڕێنەرانی ئەکەین و هیوای سەرکەوتن بۆ گۆڤاری « بۆ پێشەوە » ئەخوازین .

● یەکیتی نوسەرانی کورد لە بەغدا ، ڕۆژی یەك شەممەی ڕابوردو کۆڕێکی ڕێکخست بۆ لێکولینەوەی کەلەپوری نەتەوایەتی ئەم لێکولینەوەیە دوکتور مارف خەزنەدار پێشکەشی کردو ژمارەیەکی زۆر لە ئەدەب دۆستەکان تیایا ئامادەبون .

بەرنامەی تەلەفزیون :

● یەکیتی نوسەرانی کورد لقی هەولێر چەند کۆڕێکی ئەدەبی بۆ تەلەفزیونی کەرکوك تۆمار کرد .

ڕۆژی کوردستان :

● بەم زوانە ژمارەیەکی تری گۆڤاری ڕوژی کوردستان دەرئەچێ ئەم گۆڤارە کۆمەڵی ڕۆشنبیری کورد لە بەغدا دەری ئەکات .

کورد لە بەغدا دەری ئەکات .

خوا فرسەتی هەنگاریا بدات

کارولی هورنیکسک کە تەمەنی ٤٩ ساڵە ٢٤٧ کیلو غرامە . بنەماڵەی ئەم پیاوە لە هەنگاریا هەموو قەڵەون ، هەرە لاوازەکەیان ١٠٠ کیلوگرامە .

کارولی لە دەساڵیدا ١٠٠ کیلو بووەوە لە ١٨ ساڵیدا ٢٠٠ کیلو دەوری تەنگەی سێ مەترەیە بو یەپیوستی بە ٨ مەترە قوماشە بو قاتێك جل . لە خواردنیشدا بەقسەی خوی کەم خۆرە هەربەقەدەر سێ زەلام نان ئەخوات !

پیاوێکی ڕووخوشەو حەز بە گاڵتەو گەپ ئەکات ، جارێك پیاوێك تورەی کردووە بەمستەکولەیەك سێ ڕوژ لەزمانی خستووە ! خوا فرسەتی هەنگاریا بدات کەئەم بنەماڵەیەی پێ تێرئەکریت !

تۆمار

سەرنەتەرەی خەم خول ئاوەردەوە
تای کرژ مەینەت دوپات کردەوە

مەولەوی شاعیری نازك خەیاڵ لەم دێرە شیعرەی سەرەوەدا بە بێ پیچو پەنا باسی مەینەت و کڵوڵی ئەکات .. وا دەرئەکەوێ ئەم شیعرە لە دەرونیکەوە سەری هەڵدابێ مەکۆی مەینەت و ناخۆشی بووبێ ..

لەشیعرەکەدا « خەم » ی بە سەرەتەشی داناوەو وتویە :- جارێکی تر سوڕایەوە تاکو « تا » ی کرژی مەینەتی ڕوژگاری دوو چەندانەی ڕابوردوو کردەوە ..

لەم دێرە شیعرەدا ئەوە ئاشکرا ئەبێ کە شاعیر ڕوژ بەڕوژ مەینەتی زیادی کردوەو توشی ژیانێکی ئاڵوز ترو ناخوشتر بووە .

● ڕوی دووەمی شیعرەکە « تا » ی مەینەت بە مەحکەم ئەزانی بۆیە بە « کرژ » ناوی بردووە ، وا ئەگەینێ کە شاعیر بڕوای وابووە « مەینەتی » بە ئاسان لاناچێ و ! بۆیە وتویە تای کرژی مەینەتی دووپات کردەوە ..

- برهان -

ئادانجە نەتەوایەتی و چینایەتی یەکانی گەلی کورد - پاشماوە

ئاواتەکانی خۆی ئەزانێت و تابێت تێکوشەرانی کوردستانی پشت بەستوو بە جەماوەری خەڵك زیاتر لەپێناوی جێبەجێ کردنی ئەم ئاواتانەدا چاکی خەباتی لێ ئەکەن بەلاداو لەهیچ کۆسپ و تەنگوچەڵەمەو فیداکاری و قوربانی یەك سڵ ناکەنەوە .

تێکۆشەرانی دلسۆزی گەلی کورد لەم گۆشە ڕاستەوەو بەم چاوە سەیری خەباتی گەلی کورد ئەکەن و هەموو دەستکەوت و سەرکەوتنێکی بەم پێیە لەتای تەرازوو ئەدەن و بەرەو ئاسۆیەکی ڕوناکی وا هەنگاو هەڵ ئەنێن کە ئاسۆی هەموو گەلان و ڕەنجبەرانی ئاسیاو ئەفەریقاو ئەمەریکای لاتینە .

غاندی و سێ تاوان !

بێ گومان هەریەکە لە خوێنەرە بەڕێزەکان کەم یاخود زۆر شتێك دەربارەی پێشەوای هیندستانی بەناوبانگ غاندی ئەزانن . ئەمجارە ئەمەوێ دەربارەی تاوانەکانی غاندی ئەم چەند دێرە بنوسم !

کە ئەڵێین تاوانەکانی غاندی لێرەدا پرسیارێك یەتە پێشەوە ئایا ئەو کردەوانەی غاندی تاوانن ؟ جا وەڵام بەجێ ئەهیڵین بۆ خوێنەران .

با بێنە سەر تاوانەکانی غاندی :

● **لەکاتی منداڵیدا برادەرێکی گۆشتی دەرخوارد داوە .**

● **جارێك توتنی کڕیوەو جگەرەی خواردوە .**

● **جاری سێیەم لەگەڵ ئافرەتێکا ڕای بواردوە !**

دیسانەوە ئەڵێم : ئایا ئەمانە تاوانن .. یاخود .. ؟!

حسن جەباری
ناردویەتی

لە ئەدەبی گەلانەوە :

دوو پارچە هۆنراوەی « هانریش هاینە » ئەڵەمانی

-١-

کاتی ماڵ ئاوایی

ئەگەر دوان لێك جیابنەوە ،
تێر دەستی یەکتر ئەگوشن ..
تێر تێر ئەگرین ..!!
ئاخو ئوفیش بەبێ سنور ..
بەڵام ئێمە ،
هیچ نەگریاین ..
هیچ ئاخیشمان هەڵنەکێشا !!
ڕۆ ، ڕۆو فرمێسك ڕشتنمان
لە پاش دەمیك ،
سەری هەڵدا ..

-٢-

کۆچی خۆشەویستم

ئەو نامەی بۆت نوسیوم
جێگای هیچ مەترسی نەبو !
تۆ ناتەوێ ،

لەمەو بەدوا خۆشت بوێم !!
بەڵام نامە درێژەکەت ،
کە بەوێنەی پەرتوکێکی بچکۆلانەی دوانزە پەری
بە وشەی ناسك نەخشاوە ..
بۆ جیا بونەوە نەهاتوە ..
مرۆڤ گەر جیا بوەوەی بوێ ..
نامەی ، بەم شێوەیە نابێ ..

گۆڕینی
نەژاد عزیز سورمێ